چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی

وەرگێڕانی:

مەلاغەفوور دەباغی

(حافزی مەهابادی)

- چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی
- وەرگێڕانی: مەلاغەفوور دەباغی (حافزی مەهابادی)
- تایپ: ناوەندی ڕۆشنبیریی میدیا
- مەهاباد، چوارڕێیانی ئازادی، شەقامی وەفایی
- بلاوکردنەوەی ئەلەکترۆنی: یەکەم، ۱۳۸۷

فەڕوخی یەزدی

محەمەد فەڕوخی یەزدی (١٢٦٨ هـ. ٢٥ خەزەڵوەری ١٣١٨) شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئازادیخواز و دیموکراتی سەردەمی مەشرووتیەتە کە سەرنووسەری زۆر بڵاڤۆکی دیکە بوو وەک ڕۆژنامەی تۆفان. هەروەها لە خولی حەوتەمی مەجلیسی شۆڕای میللی، نوێنەری خەڵکی یەزد بوو و لە بەندیخانەی قەسردا کوژرا و گۆڕەکەی نادیارە.

بنەماڵە و سەوادی فەڕوخی

باوکی ناوی محەمەد ئیبراهیمی سمساری یەزدی بوو. برایەکی بە ناوی عەبدولغەفوور هەبوو کە یازدە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو.

فەڕوخی زانستە سەرەتاییەکان لە یەزد فێر بوو. ماوەیەک لە مەکتەبخانە و سەردەمێکیش لە فێرگەی ئینگلیزی لە یەزد دەرسی خوێندووە. هەتا ١٦ ساڵان خەریکی خوێندن بووە و فارسی و عەرەبی فێر بووە.

لە تەمەنی ١٥ ساڵاندا لە بەر ئەوەی هێندێک شیعری بە دژی مامۆستا و بەڕێوەبەرانی فێرگەی یەزد نووسیبوو، لە فێرگە دەرکرا.

شیعری فەڕوخی

فەڕوخی هەر لە منداڵییەوە فێری شاعیری بووە. بۆخۆی بڕوای وایە کە هەستی شیعرنووسینی لە بەر خوێندنەوەی شیعرەکانی سەعدی و بەتایبەت ئەم چوارینەیە بووە:

گر در همه شهر، یکسر نیشتر است — در پای کسی رود که درویش‌تر است

با این همه راستی که میزان دارد — میل از طرفی کند که زر بیش‌تر است

فەڕوخی لە نێو شاعیرانی کلاسیکدا زیاتر شوێنی لە مەسعوود سەعدی سەلمان هەڵگرتووە. بێجگە لە شیعری سیاسی، لە هۆنراوەی ئەوینداریشدا لێهاتوو بووە.

شب چو در بستم و مست از می‌نابش کردم — ماه اگر حلقه به در کوفت جوابش کردم

دیدی آن ترک ختا دشمن جان بود مرا — گرچه عمری به خطا دوست خطابش کردم

منزل مردم بیگانه چو شد خانه چشم — آنقدر گریه نمودم که خرابش کردم

شرح داغ دل پروانه چو گفتم با شمع — آتشی در دلش افکندم و آبش کردم

غرق خون بود و نمی‌مرد ز حسرت فرهاد — خواندم افسانه شیرین و به خوابش کردم

دل که خونابهٔ غم بود و جگرگوشه دهر — بر سر آتش جور تو کبابش کردم

زندگی کردن من مردن تدریجی بود — آنچه جان کند تنم, عمر حسابش کردم

سەرەتای خەبات لە یەزد

فەڕوخی لە یەزد لایەنگرێکی ڕاستەقینەی حیزبی دیموکڕات بوو. لە غەزەلێکدا بەو شێوەی خوارەوە باسی ئازادی دەکا:

قسم بـــه عـــزت و قـــدر و مقـــام آزادی — کـــه روح‌بخـــش جهـــان اســـت، نـــام آزادی

بـــه پـــیش اهـــل جهـــان محتـــرم بـــود آن‌کـــس — کـــه داشـــت از دل و جـــان، احتـــرام آزادی

چگونه پـای گـذاری بـه صـرف دعـوت شـیخ — بـــه مســـلکی کـــه نـــدارد مـــرام آزادی

هزاربـــــار بـــــود بـــــه ز صـــــبح اســـــتبداد — بـــــرای دســـــته پابســـــته، شـــــام آزادی

بـــه روزگـــار، قیامـــت بپـــا شـــود آن روز — کننـــد رنـــج‌بـــران چـــون قیـــام آزادی

اگـر خـدای بـه مـن فرصـتی دهـد یـک‌روز — کِشـــــم ز مـــــرتجعین انتقـــــام آزادی

ز بنـــد بنـــدگی خواجـــه کـــی شـــوی آزاد — چـــو «فرخـــی» نشـــوی گـــر غـــلام آزادی

لە نەورۆزی ساڵی ١٣٢٧ی مانگیدا فەڕوخی بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیعریان بۆ پەسند و تاریفی دەسەڵاتدارانی سەردەم دەنووسی، شیعرێکی نووسی و لە کۆڕی ئازادیخوازانی یەزددا خوێندییەوە. لە کۆتایی ئەو شیعرەدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە مێژووی ئێران، ڕوو دەکاتە زەیغەمودەولەی قەشقایی کە حاکمی یەزد بووە و دەڵێ:

خود تو می‌دانی نیم از شاعران چاپلوس — کز برای سیم بنمایم کسی را پای‌بوس

لیک گویم گر به قانون مجری قانون شوی — بهمن و کیخسرو و جمشید و افریدون شوی

هەر بۆیە حاکی یەزد دەستووری دا دەمی فەڕوخییان بە دەرزی و دەزوو دووری و خستیانە زیندان. مانگرتنی خەڵک لە تەلەگرافخانەی شار و دەربڕینی ناڕەزایەتی، بووە هۆی لابردنی وەزیری ناوخۆ. بەڵام وەزیری ناوخۆ بە تەواوی نکۆڵیی لەم ڕووداوە کرد. دوو مانگ دواتر فەڕوخی لە بەندیخانەی یەزد هەڵات و ئەم شیعرەی بە ڕەژی لە سەر دیوار نووسی:

به زندان نگردد اگر عمر طی — من و ضیغم‌الدوله و ملک ری

به آزادی ار شد مرا بخت یار — برآرم از آن بختیاری دمار

فەڕوخی سەبارەت بە دروونی لێوی نووسیویەتی:

شرح این قصه شنو از دو لب دوخته‌ام — تا بسوزد دلت از بهر دل سوخته ام

خەبات لە تاران

لە کۆتایی ساڵی ۱۳۲۸ی مانگی فەڕوخی هاتە تاران و لەوێ وتار و هۆنراوەی سەبارەت بە ئازادی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە. لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا چووە بەغدا و کەربەلا.
فەڕوخی لە سەردەمی سەرەکوەزیریی وسووقوددەولەدا دژایەتی لەگەڵ پەیمانی ۱۹۱۹ کرد و هەر بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر خرایە بەندیخانەی شارەبانی. دوای کۆدیتای سێهەمی ڕەشەمە لەگەڵ زیندانییە ئازادیخوازەکانی دیکە ماوەیەک لە باخی سەردار ئیعتیماد کەوتەوە بەندیخانە.

ڕۆژنامەگەری

فەڕوخی لە ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاویدا ڕۆژنامەی تۆفانی بڵاو کردەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ماوەی بڵاو بوونەوەیدا زیاتر لە ۱۵ جار ڕاگیرا. هەر کات ڕۆژنامەی تۆفان ڕادەگیرا، فەڕوخی بە جڤاکی ڕۆژنامەی دیکەی وەکوو "پەیکار"، "قیام" و "ستارەی شەرق" وتار و شیعرەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە. فەڕوخی سەبارەت بە ڕاگرتنی لە پەستای ڕۆژنامەکانی دەڵێ:

هر خامه نکرد ناکسان را توصیف   هر نامه نکرد، خائنان را تعریف
آن خامه ز پافشاری ظلم شکست   آن نامه به دست ظالمان شد توقیف

نوێنەرایەتی مەجلیس

عەلیبەگی حەیدەری

لە ساڵی ۱۳۰۷ی هەتاویدا فەڕوخی بە ناوی نێونەری خەڵکی یەزد چووە پارلەمانی شۆرای میللی و لەگەڵ محەمەدڕەزا تلووع دوو نوێنەری باڵی کەمایەسی مەجلیسیان دروست کرد. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە نوێنەرەکانی دیکە هەموویان لایەنگری دەوڵەتی ڕەزاشا بوون، زۆر جاران سووکایەتییان بە فەڕوخی دەکرد و تەنانەت جارێکیش عەلیبەگی حەیدەری (برای میسباحەددینی ئەدەب) کە نوێنەری مەهاباد بوو، لێی درا. پاش ئەم ڕووداوانە بۆ ماوەی چەند شەو لە مەجلیس مایەوە و لە دەرفەتێکدا بە دزییەوە لە تاران هەڵات.

بەندیخانە و مردن

فەڕوخی لە ڕێگای شۆڕەوییەوە چوو بۆ ئاڵمان و بۆ ماوەیەک لە بڵاڤۆکی "پەیکار"دا کە سەرنووسەرەکەی پیاوێکی بیانیی بوو، بیروڕا شۆڕشگێڕانەکەی خۆی بڵاو کردەوە. پاشان لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵ عەبدولحوسەین تەیموورتاش کردی، فریوی وادە و بەڵێنیی ئەوی خوارد و لە ڕێگای تورکیا و بەغدا گەڕاوە تاران و دەسبەجێ کەوتە ژێر چاوەدێری. دوای ماوەیەک بە بیانووی قەرزداری بە

کاغەزفرۆشێک کەوتە بەندیخانەی "دایرەی سەبت" و دوایە بەندیخانەی شارەوانی. هەر خێراش دۆسییەیەکیان بە بوختانی "بێئەدەبی کردن بە پلەی سەڵتەنەت" بۆ دروست کرد. سەرەتا بە ٢٧ مانگ زیندانی و دوای دادگای پێداچوونەوە بە سی مانگ زیندانی مەحکووم بوو و ناردرایە بەندیخانەی قەسر.
فەڕوخی لە زیندانی قەسر لە خەرمانانی ١٣١٨ی هەتاوی دەرماندداو کرا. ئەگەرچی نامەی سەرۆکی زیندان دەڵێ کە فەڕوخی لە بەر نەخۆشی مالاریا و نفریت مردووە، بەڵام دادوەری مەحاکەمەی کارگێڕانی شارەبانی دەڵێ کە فەڕوخی لە نەخۆشخانەی زیندان بە دەستی دوکتۆر ئەحمەدی و بە لێدانی دەرزی هەوا گیانی لە دەست داوە.
گۆڕی فەڕوخی هەتا ئێستا نادیارە بەڵام وێدەچێ لە گۆڕستانی مسگەرئاباد بە دزییەوە ناشترابێ.

سەرچاوە: سایتی ویکیپیدیا

حافزی مەهابادی

پ: مامۆستای بەڕێز، ماوەیەکی زۆرە خەریکی کۆ کردنەوەی شێعرەکانین. وا باشە بۆ شارەزایی خوێنەرانی بەڕێز ئەوەی لەبارەی خۆتدا وەبیرت دێ بە کورتی بۆمانی بڵێی؟

و: وەڵڵاهی ڕەسووڵ گیان، ئەوەندەی لە بیرم بێ ژیانم هەر چارەڕەشی و بەدبەختی بووە. بنووسە: خەم، چاو لەدەستی، هەژاری، کەنەفتی، چارەڕەشتی، ماڵبەکۆڵی. بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە هیواداری بۆ دوارۆژێکی ڕووناک.

نێوم غەفوور کوڕی دەروێش عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٣٤٦ی کۆچی بەرامبەر بە ١٣٠٦ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایکبووم. دوای ساڵ و نیوێک باوکم ماڵی چووە بۆ بانە و لەوێ خەریکی کەسپی دەباغچێتی بووە. ئا لەو کاتەدا بۆ چەرمکڕین هاتووە بۆ مەهاباد. سەفەری ئەودەمی بە کاروان و زۆریان پێچووە، ڕێگاوبانیش وەک ئێستا نەبووە. لەو ماوەیەدا کە بابم دە سەفەردا بووە، ئازاری خروێکە واتە ئاوڵە لە بانە پەیدا بووە، منیش لەبەر ئەوەی کەس نەبووە بمکوتێ تووشی ئەو ئازارە بووم. هەرچۆنێ بووە ئەو هەواڵەیان بە باوکم داوە، ئەوزەمان حەکیمێکی عرووسان لە مەهابادێ بووە گوایە دەرمانێکی بووە گەیاندبایە هەر چاوێک لە کوێر بوون ڕزگار دەبوو، مسقاڵی ئەو دەرمانە بە لیرەیەک و لیرەش ئەوکات ٢٨ قڕان بووە. باوکیشم بەپەلە مسقاڵێک لەو دەرمانە دەکڕێ و بە کارواندا دەینێرێتەوە، بەڵام ئەو پیاوەی دەرمانەکەی منی پێ بوو لە سەقزی گیروگرفتێکی بۆ دێتە پێش و نۆ ڕۆژان لەوێ ماتڵ دەبێ. داخی داخانم وەختایەکی دەگاتە کەلیخان کە من بیناییم لە دەس داوە، ئەو چاوانەی هیوای دوارۆژی من بوون و بە هۆی ئەو چاوانەوە دەمتوانی ژیانێکی باشم بایە. ژیانێک دوور لە کەنەفتی و لارەملی و چاولەدەستی وەکوو ئەو خەڵکە ئەمنیش بە کاسبی و ڕەنجی شان دەمتوانی بژیم و منەت لە کەس هەڵنەگرم. بەڵام بە داخەوە بە پێچەوانەی ویستی من، لەگەڵ ژیانێکی پڕئاخ و داخ و تەنگ و چەڵەمە و خۆزگە و بریا و دەستەنگی و لارەملی و مەمنوونی ئەم و ئەو و زۆر شتیتر ڕووبەڕوو بووم.

کاتێ ئەو دەرمانە گەیشتەوە بانە، زۆر کەس لە هاوتەمەنەکانی من بەو ئازارە گرفتار ببوون فریایان کەوت، زۆریشیان چاوێکیان لە دەس دابوو چاوێکیان بۆ مابوو.

بۆ خۆم وەبیرم نایە، بۆیان دەگێڕامەوە دوای لەدەسدانی چاوەکانم یانی ئەو چاو لەدەسچوونە شوێنێکی خراپی لە سەر مێشک و ڕوحم دانابوو، تا ماوەیەک ڕوو بە شێتی چووبووم، شەوانە هەڵئەسام ڕامدەکردە دەرێی شاری، زۆر جار لە چاڵاو و قوڵکە دەکەوتم یا لە بانڕا دەکەوتمە خوارێ. ناچار شەوانە باوکم یا دایکم بە پشتێن لە خۆیان دەبەستم، ئەوجار ئەگەر هەڵستابام وەخەبەر دەهاتن.

گوایە ماوەی دوو ساڵ ئەمن ئاوا بووم. بە کورتی لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکم نامیە بەر قورئان خوێندن ولای پیاوێک بە ناوی میرزا حەمەکەریمی مەخرونی کە ئەویش کوڕێکی وەک منی بوو، دوو سێیەکی دی لە لای ئەو پیاوە دەمانخوێند. زۆر ڕۆژی وا هەبوو پێکەوە دەسمان دەگرت و دەهاتین بێینەوە ماڵێ هەمووومان یا لە بانیڕا دەکەوتینە خوارێ یا لە چاڵێ دەکەوتین، دەنا شتێکمان بە سەر هەر دەهات. ناچار لە چوون و هاتنەوەدا یەکێکیان بۆ تەرخان کردبووین دەیبردینە لای مامۆستا و لە پاشان دەیهێناینەوە.

باوکم تا بڵێی خۆشی دەویستم، زۆر جاران پێم دەکوت پێمخۆشە لەگەڵ حافزانی تر بمنێریە سولەیمانی لەوێ دەخوێنم. لە جوابمدا هەموو جارێ دەیکوت: شتی وا نابێ، بێ تۆ هەڵناکەم.

بە داخەوە ئەو خۆشەویستییەی باوکم بە قازانجی من تەواو نەبوو. چونکی باوکم نەیهێشت هەر لە منالییەوە تاڵ و سوێری بچێژم و باشتر لە مەیدانی ئیمتیحانی ژیان دەرچم. هەستم بە ڕۆژەڕەشی و بوون و نەبوونی نەدەکرد، بەیانی کە نانیان بۆ دادەنام دەمکوت نایخۆم تا پێم نەڵێن بۆ نەهار چیمان هەیە؟ نەهاریش دەبوو بزانم بۆ شام چیمان دەبێ. باوکم منی وا بار هێنابوو، پێم وابوو ژیان هەتا هەتایە ئاوا ئەمێنێ.

تا ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی نیوەی قورئانم بە باشی خوێند. هەر لەو کاتەدا دەور و دووکانی ڕەزاشا تێکچوو، حەمەڕەشیدخان هێرشی هێنا بۆ بانە. دەور بوو بە دەوری عەشیرە و بەگزادە حوکمەت بە دەس ئەو دەبوو.

باوکم و شەریکەکەی لێبڕان لە بانە کۆچ بکەن، ماڵیان بار کرد و لە بانە ڕۆیشتن. حاجی بابای شەریکی باوکم لە بۆکان گیرساوە و باوکیشم چونکی دوو برای تری لە سابڵاغ بوون ئەویش هات و لە سابڵاغ (مەهاباد) نیشتەجێ بوو.

لە سابڵاغیش باوکم بردمێ مزگەوتی حاجی ئەحمەدی و سەر لە نوێ لە لای مەلایەکی حافز کە ئەوکات لەو مزگەوتیدا بانگی ئەدا بە نێوی مامۆستا مەلا حەمەدی حاجی بایزی لە بەر خوێندنی نامەوە. ئەو نیوەی لە بانەش خوێندبووم سەر لە نوێ دووپاتم کردەوە. بە کورتی لە ماوەی هەشت ساڵاندا قورئانم تەواو کرد.

لە ساڵی ١٣٣٠ڕا زۆرتر خۆم دا بە شێعر لەبەر کردن و ڕەوان کردنی شێعری شاعیرانی کورد و فارس. کەیفم لە هیچی دی نەبوو، بەڵام باوکم ناچاری دەکردم کە هەر دەبێ بخوێنی، تەفسیری قورئان و شەرع و عیلم و... منیش هیچ وازم لە خوێندن نەبوو. هەرچۆنێک بوو هێندێکم خوێند. لە لای مەلاحوسێنی مەجدی هێندێکم عەرووز و قافیە و لە لای حاجی مەلا خالیدی وەحیدی دەربەندی هێندێکم شەرع و لە لای قازی محەممەدی خزری لە شنۆیە هێندێک شەرع و عەقایدم خوێند.

زۆرتری ماوەی ژینم لەگەڵ فەقێیان ڕابوارد و لە هاتوچۆی حوجرەکان و لە هاموشۆیاندا زۆر شتیان لێ فێر بووم. وردە وردە خۆم دا بە شێعر کوتن و زۆر جار شێعرەکانم لە بابەت شۆخی و هەجو و ئەوانەوە بووە. دوای ماوەیەک هەر لە لای فەقێیان، گوڵستان و دیباچەی یۆسف و زولەیخام خوێندن. هەر لەو کاتیشدا کە زۆر خۆم دابوو بە سەر شێعر کوتندا، پێم خۆش بوو شێعری شاعیران تەخمیس کەم، بەڵام چۆنیەتی ژیانم شوێنێکی قووڵیان لە سەر شێعرەکانم دانابوو، بە چەشنێ کە زۆربەی شێعرەکانم تاریف و زەمی

خەڵکی بوو. زۆر جاران پێیان دەکوتم ئەو شێعرانە کۆ بکەمەوە باشە با بەخۆڕایی نەچن. دەمکوت شێعری من پایە و مایەیەکی وایان نییە بە کاری دواڕۆژ بێن و بیاننووسمەوە.

لە ساڵی ١٣٣٥ لە شێوەی تاریف و زەمی خەڵکی لامدا و هێندێکم شتی تازە کوتن وەک کیژی سابڵاغی و خەیاڵی خاو و بەهاری فارسی. یەکەمین شێعری فارسی ساقینامەیەک بوو هی شێخ عەبدوڵڵای تاڵەبانی کە تەخمیسم کرد. بە داخەوە نوسخەی ئەوم لە لای فەقێیان لێ ون بوو.

لە ساڵی ٥٦ و ٥٧ی میلادی ئێزگەیەکی کوردی لە قاهیرە دەستبەکار بوو ڕۆژانە نیو سەعات بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. زۆر هۆگری ئەو بەرنامیە بووم و هەموو جارێ بە بیستنی ئەو بەرنامەیە هەست و مێشکم دەبووژانەوە.

لە ساڵی ٥٨ی میلادی کە شۆڕشی چاردەی تەمووزی عێراق دەسی پێکرد بە تەواوی هەستی من لە بارەی شێعرەوە گۆڕا.

لە ساڵی ٥٠ڕا بە هۆی تێکۆشانی برایەکی خۆشەویست فێری خەتی بڕایل بووم وردە وردە دەستم بە خوێندن کرد تاوەکوو گەیشتە ئەوەی لە تاقیکاری شەشەمی سەرەتاییدا بەژداریم کرد. مەبەستی من زۆرتر فێر بوونی خەتی نابینایان بوو. ئەو خەتە لە ١٢٠ ساڵ لەمەوبەرەوە لە فەڕانسە ئیختیراع بووە و لە ساڵی ٤٢ [ی هەتاوی] هاتۆتە ئێران و لە دوای هەموو دەوڵەتەکانی دی بە کار هێنراوە. جا لەمەودوا هەرچی دەمکوت بەو خەتە دەمنووسییەوە یا لە سەر شریت تۆمارم دەکرد.

لە ساڵی ٤٤ی هەتاویدا لێبڕام پەندی پێشینان کۆ کەمەوە و بیانهۆنمەوە و لەسەر ئەو لێبڕانە زۆرم زەحمەت کێشا. دەمناردە دێهات پەندیان بۆ کۆ دەکردمەوە، ئەمنیش دەمهۆندەوە، فەقێیەکانیش بۆیان دەنووسیمەوە. بەڵام داخی گرانم چەتەکانی ساواک ڕۆژێکی هێرشیان هێنا بۆ ماڵەکەم ئەو پەندانە و هێندێک لە دیوانی شاعیرانی دیم لە ماڵێ بوو لەگەڵ خۆیان برد، زۆرم هەوڵدا وەگیرم کەونەوە بۆم نەگونجا و زەحمەت بە خەسار چووم. هاوارم بۆ ئیمام جومعەی ئەوکات برد تا بەڵکوو هەوڵم بۆ بدا و شێعر و کتێبەکانم بۆ وەرگرێتەوە. لە وەڵامدا کوتی: (تازە لێیانگەڕێ و وەدوویان مەکەوە، ئەگەر بە قسەی منیش دەکەی واز لە شێعری کوردی بێنە.) ئەو قسە ناخۆشترین قسەیەک بوو تا ئەوکات بیستبووم، وەک خوێ بە برینانمدا کرابێ بۆ ماوەیەکی ناهومێد و کاس ببووم.

لە ئاخری ساڵی ٥٦ی هەتاوی لێبڕام هەرچۆنێکی بێ وەبیر خۆمیان بێنمەوە. دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر ئەوەندەی ئێستا لەو دیوانەدا هەن، وەبیر خۆمم هێناوەتەوە و کۆم کردوونەوە. بەڕاستی لەسەر ئەو شێعرانە کوێرەوەری زۆرم کێشاوە. ئەوکات کە بە هیممەت تۆی دڵسۆز نووسیبوومنەوە لێم ببوونە بەڵا و هەر ڕۆژەی لە قوژبنێکیدا لە ترسی ساواکی دەمشاردنەوە، تەنانەت ساڵێک ناردمنە سەردەشت تاکوو ڕاپەڕینی گەورەی ئێران دەستی پێکرد، وردە وردە هێنامنەوە لای خۆم و ئەوەندەی توانیم بە شریت لە ئیختیاری خەڵکم نان.

پاش بیست ساڵ ژیان لە شاری سابڵاغ بە هۆی گیروگرفتی ژیان باوکم ناچار بوو بەرەو بانە بگەڕێتەوە. باوکم بەرەو بانە گەڕاوە و منیش تەنیا لێرە مامەوە، پەردەی تاڵی ژیانم لێرەدا تاریک و لێڵتر بوو، ناخافڵ

لێمقەوما و لە باوکم هەڵبڕام. بە داخەوە لە وڵاتی مەماناندا ئینسانی کوێر مەحکوومە بە سواڵکردن ژیانی بەرێتە سەر. بەڵام ئەمن دوو مانگ بە سیغار و بلێتی بەختئازمایی فرۆشتن ڕامبوارد. بەڵام داخی گرانم ئەوی هەشمبوو بە دەستمەوە نەما چونکی ئی وا هەبوو بلێتی کۆنی دەدامێ و بە تازە لێی دەگۆڕیمەوە.

هیچ چارم نەمابوو لەگەڵ تاقمێکی دی لە حافزان چوومە دەرەوە بۆ گەڕان. جاری ئەوەڵم بوو، زۆرم لەبەر گران بوو دەست پان کەمەوە و داوای خێر و ئیحسان بکەم. هەر لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەگەڵم بوون بۆیان داوا دەکردم.

ناخۆشترین دەورانی ژیانم دەستی پێکرد، هەر شەوەی لە دێیەک و لە مزگەوتە کۆنێک دەماینەوە، بە خرابترین جاجم و لێفەی کۆن و پیس دەنووستین تا حەوتوومان لێ تێوەردەسووڕاوە لە بەر چڵک و ڕشک و ئەسپێیان ئۆقرەمان لێ دەبڕا، دەردی چاوساغیش سەرەڕای هەموو دەردان بوو، لەگەڵمان لێک نەدەکەوتن ئەوەی پەیدامان دەکرد دەبوو لەگەڵمان نیوە کردبان. ئەوەندی پەیداش کرابوو بە کەیفی خۆیان بوو. ئەوەی لە ماوەی بیست شەو یا مانگێک گەڕان و سووڕانەوەدا دەمانهێناوە حەوتوویەک ژیانی ئێمەی دابین نەدەکرد، دەبوو سەر لەنوێ بڕۆینەوە دەرێ.

هەرگیز لە بیرم ناچێ جارێکی لە حافزەکان هەڵبڕابووم و بێچاوساغ بە ماشێنی لە شنۆیەڕا هاتمەوە نەغەدەی، بە تەنیا لە ناو بازاڕی نەغەدەدا دەخولامەوە، ئێوارەیەکی درەنگ و کاتی دووکان داخستن بوو، سەرم لێ شێوابوو، نەمدەزانی ڕوو لە کوێ کەم. لەپڕ تووشی ئاشنایەکی لەمێژینەم بووم. ئەوکات ڕەئیسی دادگای نەغەدە بوو و لە نێو فەقێیان لەگەڵی ئاشنا ببووم. زۆر بە گەرمی چاکوچۆنی لەگەڵ کردم و زۆری پێ سەیر بوو منی لەو حاڵەدا دی. پرسی: بە تەنێ هاتوویە ئێرە و چ دەکەی؟ ئارەقەی شەرمم لە ڕووی نیشت. نەمئەزانی چی جواب دەمەوە. بڵێم لە سواڵ کردنێ بووم؟ نا،نا، هەرگیز. چونکێ ڕۆژێک ئەو منی بە جۆرێکی دی دیبوو. جوابم داوە: سەرێکی شنۆیەم دا، نەختێکم کار هەبوو. بەڵام دەموچاوی سووتاو و ڕەنگی ڕەشهەڵگەڕاو و چڵکنی بەرگ و لەش و گۆنای تێکقوپاوم زۆر چاک نیشانی ئەدا لە کوێ بووم و لە چی گەڕاوم. تێگەیشت ئەگەر زیاترم لێ بکۆڵێتەوە بە خۆدا دەشکێمەوە. دەستی گرتم و بردمێوە میوانخانەیەک و پێی کوت ئەم مامۆستایە ئەوشەو میوانی منە و دەبێ نان و جێوبانی خۆشی بێ، خەرجەکەشی لە باڵای من، بەیانیش ماشێنی بۆ بگرە و بینێرەوە سابلاغی. کاتێ گەیشتمەوە ماڵێ ئەوەندە بە خۆمدا شکابوومەوە دوو ڕۆژان نانم پێ نەخورا، قەسیدەیەکی دوور و درێژم لەمەڕ چلۆنایەتی ژیانم هۆنیەوە و بۆ ئەو دۆستەم نارد. لەم قەسیدەیەدا چۆنیەتی ژیانی خۆم بۆ ڕوون کردبۆوە و سپاسی خۆم دەربڕیبوو لەو هەموو ڕێزەی ئەوێ شەوێ لێمی گرت.

بەڕاستی هەرچی لەبارەی دێوەزمەی ژیانمەوە بڵێم هەر کەمە، تەنیا دڵخۆشیم بەوەیە نووسراوەکانم دەگەنە دەستی خەڵک و بە ئاواتی دێرینەم دەگەم.

١٣٦٢/٧/١٥ ڕەسووڵ ڕەشئەحمەدی

سەرچاوە: کتێبی دیاری مەهاباد، کۆکردنەوەی ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی

ئەم چوارینانە

مەلا غەفووری دەباغی ڕەنگە لە بواری ئەدەبدا وەکوو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی نەناسرابێ و ئەو جۆرەی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار لە نێو خەڵک و ئەدەبدۆستانی کورددا ناسراون، ئەو ناوبانگی نەبێ. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وردبین و مووقەڵیشانەوە بڕوانینە بەرهەمەکانی بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە شاعیرێکی بەتوانا و چەندە زانایەکی ڕووناکبیر و هەستناسکە.

مەلا غەفوور جگە لە تەبعی شیعری و نووسینی سەدان شیعری بەرز و نەمر و کەم وێنە کە هێشتا زۆریان بڵاو نەبوونەتەوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەیە و چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی هێندە شارەزایانە و مامۆستایانە وەرگێڕاوەتەوە کە پیاو سەری سووڕ دەمێنێ کە چۆنی ئەو شێعرە فارسییە لە بەر کردووە و لە مێشکیدا لێکی داوەتەوە و ئاوا وەستایانە وەریگێڕاوەتەوە و کورداندوویەتی. دەکرێ بە جورئەتەوە بڵێین کە وەرگێڕانی ئەو چوارینانەی فەڕوخی یەزدی لە باری هونەری وەرگێڕانەوە هیچی لە چوارینەکانی خەیامی مامۆستا هەژار کەمتر نییە.

لە باری زمانی شیعریشەوە خاوەنی زمانێکی تایبەتە و بە ڕاستی ئەو پەتیوێژییەی مەلا غەفوور جێگای سەرسووڕمانە و کە بیر لە نابینایی و ڕووناکدڵیەکەی دەکەیەوە و لەگەڵ باری هونەری و تەکنیکی شیعر پێکیان دەگری سەرت لەو هەموو مرخ و لێهاتووییە سووڕ دەمێنێ و دەبێ بەڕاستی وەک بلیمەتێکی بواری هونەر و ئەدەب چاوی لێ بکەی.

مەلا غەفووری دەباغی تەنیا شاعیر نییە، بەڵکوو کۆمەڵناس و فەرهەنگی و سیاسەتڤانێکی لێهاتووشە و بەڕاستی لە هەموو بوارەکاندا خاوەن ئەزموون و زانیارییە و پسپۆڕێکی کەم وێنەیە.

خۆزگە ڕۆژێک هەموو بەرهەمەکانی بکەوتایەتە بەر چاوی خوێنەران و هەموو شیعرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ئەویندارییەکانی ڕووناکییان بدیبایە جا ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوت کە مەلاغەفووری دەباغی کێیە و جێی خۆی دەبێ کورد شانازی بە خۆیەوە بکات کە شاعیرێکی ئاوا جیهانبین و خاوەن مرخ و گەورەی هەیە.

وەرگێڕاوی چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی لەگەڵ دەقی سەرەکیی چوارینەکان لەم کتێبەدا دەخوێننەوە، بەو هیوایەی بەرهەمەکانی دیکەی مەلاغەفوور لە لایەن ئەدەبدۆستانەوە بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

سەرچاوە:

١- دیوانی مەلاغەفوور دەباغی، بە کوشش فاروق بورەکەیی، چاپ محمد، سقز ١٣٧٩

٢- دیوان فرخی یزدی، بە کوشش حسین مکی، چاپ امیرکبیر، ١٣٧٩

چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی

عومرێکە بە مەرگەوە لکاوین ئێمە
ڕووسووری شەقەزلە، دڵشکاوین ئێمە
تێپەڕ بوو تەمەن بە ترس و لەرزی مردن
ئەم خەڵکە پێیان وایە ژیاوین ئێمە

یک چند به مرگ شادمانی کردیم
رخساره به سیلی ارغوانی کردیم
عمری گذراندیم به مردن مردن
مردم به گمان که زندگانی کردیم

تاڵیی تەم و خەم هۆیە کە وا بێ ڕەنگین
ماتین و لەگەڵ داخ و کەسەر هاودەنگین
تۆسکاڵێ لە قورسایی خەفەت چووک ناکا
خۆشحاڵیی خەڵک، تاکوو دەژین دڵتەنگین

از بسکه زند نوای غم چنگی ما
اندوه کند عزم همآهنگی ما
شادی و گشایش جهان کافی نیست
در موقع غم برای دل‌تنگی ما

بێبەرگییە بەڵگە بۆ ژیان سەختیمان
تەسلیمی قەزایە دڵ لە گیان سەختیمان
دی خەمڵەبەرین، شەوی جەژن تازیەی گرت
بۆ ڕۆژی ڕەشی نەهات و بەدبەختیمان

تن یافت برهنگی ز بی‌رختی ما
دل تن بقضا داد ز جان‌سختی ما
چون دید غم و محنت ما را شب عید
بگرفت عزای روز بدبختی ما

داخم کە بە هۆی جەهل و نەزانی ئێمە
ژێرباری خەم و مەینەتە شانی ئێمە
چون مافی قەزاوەتم بە بێگانە درا
داغێکی ڕەشە لە نێوچەوانی ئێمە

دردا که ز جهل درد نادانی ما
چون سلسله شد جمع پریشانی ما
با حق قضاوت اجانب امروز
یک داغ سیاهی‌است به پیشانی ما

قەت ناشێ لە تاو نەبوونی خۆ هەڵدێرم
ماوەی تەمەنم بە ناتەواوی فێرم
لەو کاتەوە تامم لە قەناعەت زانی
پێم وایە هەمیشە پارەدارم، تێرم

بی‌چیزی من اگرچه پابست مرا
غم نیست که تاب نیستی هست مرا
با بی‌سروپائی ز قناعت دائم
سرمایهٔ روزگار در دست مرا

ئەی ئەو کەسە پێم وایە لە تۆدا نییە عەیب
ئاگای لە ژیانی خدر و شوانی شوعەیب
بێ خەم بە، کە هیچ هەواڵ بە "تۆفان" نەدرێ
وەردەگرێ هەواڵی نوێ هەموو ڕۆژێ لە غەیب

ای آنکه ترا به دل نه شک است و نه ریب
آگاه ز حال خضر و چوپان شعیب
خوش‌باش که گر خبر به طوفان ندهند
هر روز بگیرد خبر از مخبر غیب

نیازی چییە هەوچی لەم هەرا و هوریایە؟
ئەم بەزم و قڕە چ بەرهەمێکی تیایە؟
بەو مەرجە قسەی حەق لە دڵا جێ‌دەگرێ
وێژەر نەبزڕکێنێ قسەی بێ‌مایە

این زمزمه‌های شوم را قائل کیست
واین نغمهٔ ناپسند را حاصل چیست
در گفتن حرف حق اثر هست اما
گوینده چو با ارادهٔ باطل چیست

ئاکامی ژیان نەمانە بۆ هەموانە
خۆشی و گەشیی ئەم جیهانە بۆ هەموانە
حەق وا نەبوو دەوڵەمەند فەقیر پێ‌شێل کا
ئەم نیعمەت و نان و خوانە بۆ هەموانە

در ملک جهآن زوال مال همه است
هنگام خوشی منال مال همه است
پامال غنی بود تهی‌دست چرا
گر نعمت و جاه و مال، مال همه است

ئەی داد! کە کاری من و دڵ گریانە
بێ‌داد! کە ئاکاری تۆ دڵهێشانە
دانانی وەزیر و قازی و دارۆغە
بۆ ئەمن و ئەمانە، نەک زگ و گیرفانە

ای داد که شیوه من و دل زاریست
فریاد که پیشه تو دل‌آزاریست
ایجاد وزیر و قاضی و شحنه شهر
شه داند و من که بهر مردم‌داریست

بۆ ئێمە هەژاری، دەرد و خەم کێ ویستی؟
سوودم بە زیانی دەوڵەمەند کێ بیستی؟
بکرێتەوە زوو گرێی تەماحی پووڵدار
بێ‌پارە شتێکی وا نییە، پێویستی

این فقر و فنا برای ما مایل کیست
وز خواری ما بهر غنی حاصل چیست
گر عقده آز اغنیا آسان شد
دانی که علاج فقرا مشکل نیست

چاوم کە هەمیشە سوور و پڕئاو دیوە
خانووم شڕ و تێکتەپیو و ڕووخاو دیوە
ئەم بەختە ڕەشەم کە قەت بە وریایی نەدی
ماوەی تەمەنم مات و لە خەوماو دیوە

ای دیده تو را بر آب دیدیم و گذشت
ای خانه تو را خراب دیدیم و گذشت
وی بخت سیاه شوم بیدار آزار
یک عمر تو را بخواب دیدیم و گذشت

دنیا کە ژیانی پڕ لە کێشە و جەدەلە
تاڵی پترە، خۆشی بە هەڵکەوت و هەڵە
چوو دوێنێ کە پاڵپشتی هومێدت قسە بوو
ئیمڕۆکە زەمان زەمانی کردە و عەمەلە

دنیا که حیاتش همه جنگ و جدل است
وصلش همگی فراق و اصلش بدل است
امروز چو دیروز مکن تکیه به حرف
کامروز جهان، جهان سعی و عمل است

ئەو خانوە کە جێی هیوا و نەوا بوو ڕابرد
هاوسێ لە سەرم حوکمی ڕەوا بوو ڕابرد
لەم ماڵی خوا بترسە ئەی ماڵکاول!
ئەو دەورە کە خانوو بێخوا بوو ڕابرد

عهدی که در این خانه نوا بود گذشت
همسایه به ما حکم‌روا بود گذشت
زین خانه خدا بترس ای خانه خراب
کان دوره که خانه بی‌خدا بود گذشت

کێی تر وەکوو من ژیاوە بێماتەم و خەم؟
گرتوویەتە دەس بە جامی مەی سەروەتی جەم
نەورۆزی لە نێو باغی گوڵان جێژن گرت
ڕۆژانی بەهاری بردە سەر چیمەن و چەم

خوش آنکه چو من حیات جاوید گرفت
وز دولت جام جای جمشید گرفت
هنگام بهار و روز نوروز به باغ
در سبزه و گل غلت زد و عید گرفت

گیان بەرمنەتی کاری کرێکارانە
دڵ هۆگری ئاکاری کرێکارانە
تێفکرە، بە چاوی ژێری بنوارە جیهان
سەرپاکی قەرزداری کرێکارانە

جان بندهٔ رنج و زحمت کارگر است
دل غرقه به خون ز محنت کارگر است
با دیدهٔ انصاف چو نیکو نگری
آفاق رهین منت کارگر است

بەو حەددە کە ئەستێرە لە عاسمان زۆرن
لەم زەویە بەڵا بەلاشە، جۆراوجۆرن
باوەڕ کە بە هۆی دەرد و بەڵا چینی مرۆ
کەمتر بەنەشەن، دڵ بەکوڵ و ناسۆرن

آن‌سان که ستاره در سما افزون است
در روی زمین حادثه گوناگون است
القصه از این حوادث رنگارنگ
بر هر که نظر بیفکنی دل‌خون است

مەجلیس حەقی پاراستنی مافی خەڵکە
ئەی نوێنەری گەل! پشت لە کەسافەت هەڵکە
کاتێ کە وەکیل بە سەر خەڵکدا بسەپێ
مەجلیس گەمەیە، حکومەتیش بێکەڵکە

چون مرکز ثقل ما بجز مجلس نیست
آن‌کس که به مجلس نبود خاضع کیست؟
بر ملت اگر وکیل تحمیل شود
پس فایدهٔ حکومت ملی چیست؟

ئەی خوایە لە هیچ لایەکەوە نایە نەفەس
بەسراوە، نەماوە ڕێی نەفەس بۆ هیچ کەس
ئەم شارە کە پڕیەتی لە ناڵە و هاوار
هاوارە لە تاوی بێکەسی و فریارەس

ای داد که راه نفسی پیدا نیست
راه نفسی بهر کسی پیدا نیست
شهریست پر از ناله و فریاد و فغان
فریاد که فریادرسی پیدا نیست

دوێشەو کە بەڕاستی بۆ مە ناخۆش گوزەرا
دوایین شەوی مانگی گەش و ڕووخۆش گوزەرا
ئەو مانگی دووحەفتەیی کە ئەمساڵم دی
مانگێ بوو، شەو و ڕۆژێ لە من خۆش گوزەرا

دیشب که به صد فتنه و آشوب گذشت
از مهر به من آن مهِ محبوب گذشت
آن ماه دو هفته را چو دیدم امسال
یک ماه شب و روز به من خوب گذشت

هەرچەندە کە پشتی کۆمی من تەختی منە
ڕووتی جلوبەرگە، بێخەوی وەختی منە
گەردوون لە مە لاڵووتە، بەڵام ڕۆژی مەزن
ئەستێرەیەکی گەشی هیوا و بەختی منە

هرچند که پشت خم تخت من است
در روی زمین برهنگی رخت من است
با این همه جور چرخ و بی‌مهری ماه
خورشید فلک ستارهٔ بخت من است

بۆ جۆش و خرۆشی ڕاپەڕین قایدە نییە
نێو ئاگر و خوێن بە کەیفی خۆت بای‌دە نییە
ئەو دەوڵەتە گەورانە لە گەڵ یەک بە شەڕێن
بۆ میللەتەکانی چووکە بێفایدە نییە

هرچند که انقلاب را قاعده نیست
در آتش و خون برای کس مائده نیست
اما دول قوی چو در جنگ شوند
بهر ملل ضعیف بی‌فایده نیست

تێر برسی لە چاوی ئێمەدا هەردوو یەکە
فەرقی نییە، بۆ مە شا و گەردا هەردوو یەکە
لەم گەمیە شکاوەدا کە کەوتووینە خەتەر
وا دیارە خودا و ناخودا هەردوو یەکە

در دیدهٔ ما فقر و غنا هردو یکی‌است
در مسلک ما شاه و گدا هردو یکی‌است
در کشتی بشکستهٔ طوفانی ما
دردا که خدا و ناخدا هردو یکی‌است

لەم ڕێ هەڵەت و سەختە کە ماندوو و شەکەتی
بیر بێنەوە دەردی گەل و داخ و خەفەتی
هەرچی دڵی تۆ ویستی خەڵک کردی، ئیتر
خۆت نۆرەتە، گەر تۆ لە خەمی مەملەکەتی

در این ره سخت گر شود پای تو سست
از دست شکستگان شوی رنجه درست
هرچیز که خواستی مهیا کردند
گر مرد هنروری کنون نوبت توست

عومرم گوزەراندووە بە سەیران و گەڕان
بووم دوێنێ لە کابە، شەو لە ناو دەیری موغان
هەرچەندە ژیانی من بەڵایەک بوو بەڵام
خوا کردی، مەرگ بوو بە سەبەب، تێپەڕی جوان

عمری که مرا به گردش و سیر گذشت
دیروز به کعبه، دوش در دیر گذشت
هرچند که زندگی بلا بود اما
از دولت مرگ آن بلا خیر گذشت

کام هۆزە بە قەد ئێمە بەشی زیللەت بێ
بڕوا مەکە ئەم زیللەتە بێ‌عیللەت بێ
تاوانەکە نەخرێتە ملی دەوڵەت و بەس
لام وایە خەتای نەخوێندنی میللەت بێ

درد هر چو ما کسی بدین ذلت نیست
وین ذلت لایزال بی‌علت نیست
هست از طرف ملت بی‌علم قصور
تقصیر همین ز جانب دولت نیست

کێ شادە بە زوڵم و زۆر و ئاکاری دزێو
ڕیشە و ڕەگەزی دەچێتەوە سەر جن و دێو
لێ‌بوردن و ڕەحم و بەزەیی و عاتیفە بوو
جیای کردەوە ئادەمی لە وەحشی کەژ و کێو

آن‌کس که ز راه جور شد شادان کیست
ور هست یقین ز دودهٔ انسان نیست
گر عاطفه نیست امتیاز بشری
پس فرق میان آدم و حیوان چیست

تا جەهل و نەخوێندەواریمان پێشەنگە
پێی ئەسپی مورادی ئێمە دایم لەنگە
سەرپاکی ئیدارەکان خراپن، ئەمما
زیاتر لە هەمان ئیدارەکەی فەرهەنگە

نادانی و جهل تا که ما را کیش است
بدبختی ما همیشه بیش از پیش است
هرچند ادارات خرابند همه
بی‌شبهه خرابی معارف بیش است

بنوارە لە سەردێڕ و کەڵێشەی "تۆفان"
بۆت دەردەکەوێ ئاشتییە پیشەی "تۆفان"
نیازی ئەمەیە لە هەڵمەت و پاشەکشە
تا وشکی نەکەن بە جارێ ڕیشەی "تۆفان"

گر طالب صلح نامهٔ طوفان است
گر منکر جنگ خامهٔ طوفان است
مقصود از این سیاست جنگ و گریز
یک چند دیگر ادامهٔ طوفان است

دەریایی پڕ ئاو دوو چاوی نمناکی منە
سەحرایی پڕ ئاگر دڵی خەمناکی منە
هەر تۆز و گڵی بداتە بەر بایی فەنا
گەردوون لە مەراق و خەفەتت خاکی منە

دریای پرآب چشم نمناک من است
صحرای پرآتش دل صد چاک من است
آن را که دهد زمانه بر باد فنا
از دست غم تو عاقبت خاک من است

دەردێکی کوشندەتر لە نادانی نییە
زانایی نەبێ، عیلاج و دەرمانی نییە
داخم کە لە سەر خەزێنەیە ماڵی، کەچی
ڕۆژڕەشتر و برسیتر لە ئێرانی نییە

دردی بتر از علت نادانی نیست
جز علم دوای این پریشانی نیست
با آنکه بروی گنج منزل دارد
بدبخت و فقیرتر ز ایرانی نیست

خەمخانەیەکە پڕ لە مەراق و کەسەرە
من نیم بە تەنێ، چاک و خراپ خەملەبەرە
قاتوقڕی شادییە، نەما لێو بە بزە
عالەم بە خەڕی تووشی جەفا و دەردیسەرە

در غمکده‌ای که شادیش جز غم نیست
تنها نه همین خاطر ما خرم نیست
بر هر که نظر کنی گرفتار غم است
گویا دل شاد در همهٔ عالم نیست

چاوی تەڕ و خوێنباری منە هەوری بەهار
خونچەی نەگەشاوەیە دڵی پڕ لە پەژار
کاری منە شەو تاکوو بەیانی گریان
چەشنی مەلی نێو قەفەس بە ناڵە و هاوار

چون ابر بهار چشم خون‌بار من است
چون غنچه نشکفته دل زار من است
فریاد و فغان و ناله هر شب تا صبح
چون مرغ اسیر در قفس کار من است

کێ عومدەترە سەورەت و ماڵ و حاڵی
ژانی پترە، ژیانی ترش و تاڵی
ئەم کاولە جیهانە جێی کەیفخۆشی نییە
کێ زۆرتری بێ، بەدترە حاڵوباڵی

هرخواجه که خیل و حشمش بیشتر است
درد و غم و رنج و المش بیشتر است
دنیا نبود جای سرور و شادی
هر پیشتری درد و غمش بیشتر است

ئەم زەمزەمە ناپاکە لە چی پەیدا بوو؟
کام سەرفە لە تێکچوونی وتوویژدا بوو
دوژمن بە جەور بێ لەگەڵم، دۆست بە جەفا
ئەم دوژمن و دۆستە فەرقەکەی لە چیا بوو؟

این زمزمه‌ها غیر مستحسن چیست
وین قطع مذاکرات بنیان‌کن چیست
گر دوست کند جفا و دشمن هم جور
پس فرق میان دوست با دشمن چیست

ڕێی عیلم و هونەرمان چ بوو یەکجێ لانا
هەنگاوی نەزانیمان بە لاڕێدا نا
بۆ مێوژ و خورما بوو منداڵئاسایی
ئەو گەوهەر و گەنجەمان بە هیچێ دانا

تا پایهٔ معرفت نهادیم ز دست
یکسر به ره جهل فتادیم ز دست
چون کودک خرد بهر جوز و خرما
در و گهر ابلهانه دادیم ز دست

تا خزمەتی هاونەوع و وەفا کاری مەیە
ئازادی و ئاشتی لە سەر زاری مەیە
چی هەڵدەکەنێ لە سەر زەوی ڕیشەی زوڵم؟
بێشک بە، قوڵینگی قین و بێزاری مەیە

تا خدمت ابناء بشر پیشهٔ ماست
آزادی و صلح و سِلم، اندیشهٔ ماست
آن‌کس که کند ریشهٔ بیداد و ستم
از مزرع ویران جهان، تیشهٔ ماست

وەک پەردەیی خوێن ئاتەگی ڕەنگینی منە
ڕستەی کەژ و کێوە باری سەنگینی منە
کێ شادی وەبیر نایە لەبەر داخ و خەفەت
تەنیا دڵی بێچارە و غەمگینی منە

چون پردهٔ خون دامن رنگین من است
چون رشتهٔ کوه بار سنگین من است
آن‌کس که زدست غم نمی‌گردد شاد
با بی‌سروپائی دل غمگین من است

لەو باخە کە ئاوی ساف و ڕووناک نییە
گوڵزاری گەش و بەدیەن و چاک نییە
دۆستت کە نەبوو یەکدڵ و یەکڕوو لەگەڵت
جیاوازی لەگەڵ دوژمنی ناپاک نییە

باغی که در آن آب و هوا روشن نیست
هرگز گل یکرنگ در آن گلشن نیست
هر دوست که راست‌گوی و یکرو نبود
در عالم دوستی کم از دشمن نیست

هیچ کەس وەکوو ئێمە ڕووت و بێکارە نییە
بەدبەخت و کەنەفت و دیل و بێچارە نییە
ئەو دەوڵەتە سەرمایە لە چی پێکەوە نێ؟
خۆ کەس بە قەد ئەم میللەتە بێپارە نییە

در دهر کسی چو ما بدین ذلت نیست
وین ذلت بی‌کرانه بی‌علت نیست
دولت ز که جلب نفع سرمایه کند
وقتی که ز قفر نامی از ملت نیست

کێ ژینی لەگەڵ مەعریفەت و فەرهەنگە
نارێکە لەگەڵ بەختی بەکێشە و جەنگە
دڵتەنگ نییە گوڵغونچە بە تەنیا لە چەمەن
ئەم عالەمە گشتی وەکوو من دڵتەنگە

هرکس که در این زمانه بافرهنگ است
با طالع برگشته خود در جنگ است
دلتنگی غنچه در چمن تنها نیست
بر هر که نظر کنی چو من دلتنگ است

لای ژێردەستی خۆت مەزننمایی غەڵەتە
بۆ عەبدی خودا لافی خودایی غەڵەتە
بێگانەیی فێر بە، ڕازی دڵ زایە مەکە
وریا بە، گەلێ کەس ئاشنایی غەڵەتە

در ملک وجود خودنمایی غلط است
در بندگی اظهار خدایی غلط است
بیگانگی آموز که با مسلک راست
با خلق زمانه آشنایی غلط است

ڕزگاری گەلان حوکمی ڕەوای یاسایە
ئازادیی ژیان، بە بیر و ڕای یاسایە
ئەو مەملەکەتە گەلی لە ناو ناچێ، کە وا
بێدادی و ماڵهوری، فیدای یاسایە

چون موجد آزادی ما قانون است
ما محو نمی‌شویم تا قانون است
محکوم زوال کی شود آن ملت
در مملکتی که حکم با قانون است

هەر مەملەکەتێ کە خەڵکەکەی دڵشادە
ئەو شادییە هۆی ڕووناکی عەدڵ و دادە
کەم هەڵدەکەوێ لە ناو بچێ و کاول بێ
هەر مەملەکەتێ کە میللەتی ئازادە

هر مملکتی در این جهان آباد است
آبادیش از پرتو عدل و داد است
کمتر شود از حادثه ویران و خراب
هر مملکتی که بیشتر آزاد است

مەزنایەتی یاسا کە لە غایەت بەدەرە
بۆ ئێمە ئیتاعەتی لە سەر گیان و سەرە
فەرموویە لە سەر ترس و هومێد دادەڕژێ
ئەو پایە کە بۆ مان و ژیانی بەشەرە

قانون که اصول واجب التعظیم است
ما را به اطاعتش سر تسلیم است
گوید که بنای زندگانی بشر
بر روی قواعد امید و بیم است

"تۆفان"ی مە بۆ ڕاستی چەشنی عەلەمە
کاولکەری بنچینەیی زوڵم و ستەمە
هەر بۆیە خەڵک خۆشی دەوێ، سوورە لە سەر
ئەو ڕێگە کە گرتوویەتی سابیتقەدەمە

طوفان که ز راستی به عالم علم است
ویرانه‌کن بنای جور و ستم است
محبوب از آن بود که حق یا باطل
در مسلک خود همیشه ثابت‌قدم است

نەبوە لە دڵمدا خەفەتی بوون و نەبوون
کەیفم نە بە بوون سازە، نە ماتم بە نەبوون
ڕووناکی ژیان دەمێکە، دێ و ڕادەبرێ
تاریکی پتر تیایە تەمەن، کەمترە ڕوون

هرگز دل ما غمین ز بیش و کم نیست
گر بیش و اگر کم دل ما را غم نیست
اسباب حیات نیست غیر از یک‌دم
آن نیز دمی باشد و دیگر دم نیست

بۆ هەرچی پەسندە ڕێگەپێوان خۆشە
دڵدانەوە بۆ خەڵکی پەرێشان خۆشە
تەنیا نییەتی پاکی مرۆ کافی نییە
پاکی نییەتیش بە کردەوەی جوان خۆشە

در مسلک ما طریق مطلوب خوش است
دلجوئی مردمان مغلوب خوش است
کافی نبود برای ما نیت خوب
با نیت خوب کردۀ خوب خوش است

کێ چاوی لە قازانجە کە بۆی بێ هەرەسێ
لە زیانی زەوەند و سوودی کەم ناعەبەسێ
هەرکارێ کە بەرجەوەندی گشتی تیا بێ
کێ شوێنی کەوێ پەسندە لای کوللی کەسێ

پیش همه منفعت اگر مطلوب است
در نفع چرا این بد و آن یکی خوب است
سودی که زیان ندارد از بهر عموم
سودیست که جویندۀ آن محبوب است

ئاوێنەیی حەقنوێن دڵی تەنگی منە
حەقوێژی، دروشمی دەمی بێدەنگی منە
کێ ڕاست و دروستی حەق و باتڵ نووسی
پێنووسی شکاو و کوڵ و بێڕەنگی منە

آیینۀ حق‌نما دل خستۀ ماست
برهان حقیقت دهن بستۀ ماست
آن‌کس که درست حق و باطل بنوشت
نوک قلم و خامۀ بشکستۀ ماست

تا ماوە تەمەن، دروستی ئایینی منە
زیددایەتی ناڕاست، لەگەڵ ژینی منە
ئازادی و حەقخوازی لەبۆ نەوعی بەشەر
تا ماوە هەناسە، مەسلەک و دینی منە

تا عمر بود، درستی آئین من است
بدخواه کژی، مسک دیرین من است
آزادی و خیرخواهی نوع بشر
مقصود و مرام و مسلک و دین من است

ئەم مەملەکەتەی ئێمە کە دارماڵی خەمە
تێیدا دڵی ئاسوودە هەتا بێژی کەمە
هەنگاوی شلە، لە هاوڕێیان دوا دەکەوێ
هەر پیاوێ کە ئەم زەمانە سابیتقەدەمە

در کشور ما که مهد اندوه و غم است
در آن دل‌وجان شاد بسیار کم است
از همقدمان خود عقب خواهد ماند
هرکس که درین زمانه ثابت‌قدم است

چیمەن کە لە ڕەنگی چەتری کەیکاووسە
مەزرا وەکوو جێخەوی شەوانی تووسە
بۆ ناچی لە مەی گڵێنە پڕ کەی، دەرودەشت
خەملاوە بە گوڵ، چەشنی پەڕی تاووسە

اکنون که چمن چو چتر کیکاوس است
وز سبزه دمن چو خوابگاه طوس است
برخیز به بط کن می چون چشم خروس
کز گل در و دشت چون پر طاوس است

نەورۆزە، بەهارە، جێژنی مەیخارانە
سەر چیمەن و چوار دەوری، مەکۆی یارانە
بنواڕە لە سایەی شنەبا و هەوری بەهار
گوڵخونچە دەمی دایەوە، گوڵبارانە

امسال بهار جشن می‌خواران است
اطراف چمن نشیمن یاران است
از دولت ابر و باد و باران بهار
گلزار شکوفه‌ریز و گل‌باران است

لەم چیمەنە هەر کەس وەکوو گوڵ یەکڕەنگە
چەشنی چقڵ ئاماجی پلار و سەنگە
بێدەنگی دەکەن هەرچی بە حاڵ دەنگی دەرێ
ئەستۆکەچە، کێ مات و کپ و بێدەنگە

هرکس که چو گل دراین چمن یکرنگ است
با خار به پیش باغبان هم‌سنگ است
دل‌تنگی غنچه در چمن تنها نیست
بر هرکه نظر کنی چو من دل‌تنگ است

دنیا کە لە ژێر قودرەت و تواناییتە
مایەی فڕوفێڵە، نەک لە ئازاییتە
لای خاوەنی عەسڵی ئەم تیجارەتخانە
مافت بە قەدەر شعوور و زاناییتە

دنیا که مقر حکم‌فرمائی توست
سعی و عملش اصل خودآرائی توست
در پیش مدیر این تجارتخانه
سهم تو بقدر فهم و دانائی توست

دوژمن لەگەڵت دۆستە، چ دۆستت دوژمن
قەت بەرمەدە لانی دۆستەکانت، وەکوو من
پارێز کە هەموو کاتێ لە دۆستانی نەزان
تەنگانە بەرۆکی گرتی، بێگانە دەبن

یا دوست دشمنند یا دشمن دوست
از دست رها مکن چو من دامن دوست
پرهیز نما ز دوستانی که ز جهل
گر خوار شوی چو خار در گلشن دوست

لەم کاولە هەر ڕۆژی قڕە و جەنگێکە
بێ‌نەزمی لە ناو حوکومەتا نەنگێکە
تێ‌فکرە لە ئەوزاعی سیاسی ئیمڕۆ
چەشنی قەلەموونە هەر دەمەی ڕەنگێکە

هر روز دراین خرابه جنگی دگر است
در ساغر شهد ما شرنگی دگر است
اوضاع سیاست عمومی گویا
چون بوقلمون باز به رنگی دگر است

ئەی دوژمنی زۆڵ! کڕ بە، ئیتر سەرکەوتن
نابینی مەگەر بە ئاشتی و ڕێککەوتن
کێ چاوی تەماحی بڕیە ئەم خاکە، بەشی
پاشەکشەیە، پاشی زەبر وێکەوتن

ای خصم تو را مجال کین‌توزی نیست
در کشور ما امید فیروزی نیست
با ما ز در صلح و صفا بیرون آی
کامروز جهان، جهان دیروزی نیست

هەرکەس نییەتی پایە لە ناو دۆستانا
مایەی نییە، دەس‌تەنگە لە ماوەی ژیانا
بەس هەڵبخولێ لە جەغزی دۆستایەتییا
لەو نوختەکە دەردەخا شتی بێ‌مانا

هرکس که بعهد دوستی پایه نداشت
در دست برای سود سرمایه نداشت
از دایره کم نه‌ای به یک نقطه بگرد
پیراهن دوستی که پیرایه نداشت

لای هیممەتی بەرز، کۆشکی قەیسەر هیچە
سەرمایەیی دارا و سکەندەر هیچە
لای ئەو کەسە ماڵبەکۆڵ و خاوەنشەرەفە
سەد ماڵی تەژی لە زێڕ و زەمبەر هیچە

با طبع بلند قصر قیصر هیچ است
دارائی دارا و سکندر هیچ است
با خانه‌بدوشی ببر همت ما
صد قافلۀ گنج خانۀ زر هیچ است

دنیا کە زەعیفکوژە لە حەق بێزارە
حەق هەر بە قەوی پێشکەشە ئەو حەقدارە
پێم سەیرە کە تۆ لە حەق و باتڵ دەدوێی!
زۆرداری ڕەچاو کە، حەق لەگەڵ زۆردارە

دنیای ضعیف‌کش که از حق دور است
حق را به قوی می‌دهد و معذور است
بیهوده سخن ز حق و باطل چه کنی؟
رو زور بدست آر که حق با زور است

دنیا چییە، یەک خانووە بۆ هەموانە
پڕ پەڵپ و گەڕ و بیانووە بۆ هەموانە
قازانج و زەرەر، ئەمن و خەتەر، بوون و نەبوون
چی تیایەتی ئەم خانووە بۆ هەموانە

دنیا چو یکی خانه و جای همه است
وین خانهٔ غم‌سرا سرای همه است
این است که عیش و نوش این خانه تمام
از بهر یکی نیست برای همه است

ڕۆژێ کە ڕق و کینە بڵێسەی سەنووە
بەو ئاگری فیتنە وشک و تەڕ زایە بووە
من داخی ئەوەم ناچێ کە لەو ڕۆژەشدا
هەر ئەو کەسە بەدبەختە کە بەدبەختی زووە

روزی که شرار بغض و کین شعله‌ور است
وز آتش فتنه خشک و تر در خطر است
افسوس من این است که در آن هنگام
بیچاره‌تر آن بود که بیچاره‌تر است

یەک عومر بە شێتی مانگ و ساڵم ڕابرد
دوور بووم لە شعوور و، بێ‌کەماڵم ڕابرد
زۆربەی تەمەنم وەکوو گوڵی خوێناوی
تەنیا لە تەنیشتی دڕکوداڵم ڕابرد

عمری به ره جنون نشستیم و گذشت
وز ملک خرد برون نشستیم و گذشت
القصه کنار این چمن با خواری
چون لاله میان خون نشستیم و گذشت

گۆشەیکی بچووک لە هەردوو دنیا بەسمە
بۆ ڕێی مەبەسم باوەڕی بێ‌ڕیا بەسمە
لەم چێنکەیی ڕۆژگار و خەرمانی زەمان
تاقە گوڵێ یا دەنکێ بە تەنیا بەسمە

ما را همه از دو کون یک گوشه بس است
در راه طلب عزم متین توشه بس است
از کشتهٔ روزگار و از خرمن دهر
یک‌دانه کفایت است و یک خوشه بس است

چەن وەختە کەشیشی کێیە مەعبوودی تۆ؟
زۆر بایی بە ڕیشی، چ بووە مەقسوودی تۆ؟
بەس لافی هەیاس لێ‌بدە، چوون ئەو پیاوە
خۆی ئەحمەدە، چۆن دەبێتە مەحموودی تۆ؟

ای کاهن خودپرست، معبود تو کیست؟
وی خائن شوم‌پست، مقصود تو کیست
با ناز ایاز جلوه منما کاین مرد
هرچند که احمد است محمود تو نیست

جیا لەو کەسە خوایە، حاکمی عادڵ کوا؟
لەو زاتە بەدەر، قازی حەق و باتڵ کوا؟
هەر قاتڵێ دەتوانێ بکووژێ سەد کەس
قانوونی موجازاتی بەشەر کامڵ کوا؟

جز ایزد پاک حاکم عادل نیست
جز موجد خاک، قاضی قابل نیست
یکبار توان قاتل صد تن را کشت
زآنرو که مجازات بشر کامل نیست

لای حاکمی شارە خوێنی مەزڵووم هەدەرە
هەر زاڵمە قانوونی لە لا وەک کەوەرە
هەرکەس سەری بۆ حورمەتی قانوون داخا
لای ئەهلی قەڵەم رێزی لە سەر گیان و سەرە

مظلوم‌کشی طریقۀ محتشم است
قانون شکنی پیشۀ اهل ستم است
هر سر که به احترام قانون خم شد
در مسلک ارباب قلم محترم است

ئەم خەڵکە هەمووی عابیدە مەعبود یەکە
رەش تاکوو سپی ساجیدە، مەسجوود یەکە
تێفکرە بە ئینسافەوە بنوارە جیهان
لای کەودەن و ژیر، مەتڵەب و مەقسوود یەکە

عالم همه عابدند و معبود یکی است
دنیا همه ساجدند و مسجود یکی است
با دیدۀ انصاف چو نیکو نگری
روحانی و ما را همه مقصود یکی است

ئەو تاقمە ناپاکە کە هیچ موئمین نین
حەقیانە خەڵک بە کردەیان خۆش‌بین نین
رۆژێک بە قەوام کەوچک و رۆژێ وسووق
ئەو تایەفە دڵنیا بە، بێ‌خائین نین

آن سلسله را که جز خطا باطن نیست
کس نیست که بر خطایشان طائن نیست
روزی به وثوق شاد و گاهی به قوام
القصه که این طایفه بی‌خائن نیست

دڵ عاجزی ئازاری دڵئازارانە
گیان جازڕی بێدادی ستەمکارانە
پێویستە تەمێ و سزای خەیانەتکاران
ئاواتی گەل و هۆزی وەفادارانە

دل خسته از آزار دل‌آزاران است
جان رنجه ز بیداد ستمکاران است
تنبیه و مجازات خیانتکاران
در جامعه پاداش نکوکاران است

تا کاتێ خەوی بەختی من و تۆ خۆشە
چاوی من و تۆ پڕ ئاوە، لەش ڕەش‌پۆشە
کاول بن ئیدارە! تایبەتی عەدڵییە!
بێزارە لەوان، هەرچی بەبیر و هۆشە

تا بخت من و تو خوابتر از همه است
چشم تو و من پرآب‌تر ازهمه است
هرچند ادارات خرابند ولیک
عدلیۀ ما خرابتر از همه است

لەم مەملەکەتە خۆ شەڕی ئەسنافی نییە!
حاکم کە جگە لە مشتێ ئەشرافی نییە
هەر بۆیە لە سەر خەتای کەسێ، سەد بەڵگە
بۆ چۆنییەتی ڕاست و درۆ کافی نییە

در کشور ما که جنگ اصنافی نیست
حاکم بجز از اصول اشرافی نیست
این است که بر خطای یک تن ناچار
صد مدرک و درج ده سند کافی نیست

کێ زاڵە بە سەر عەدڵیەدا، مەنسوورە
دێر هاتووە، زوو زل بووە، زۆر مەشهوورە
هەشتاویەک بیلاغی خیلافی قانوون
دەرکرد و لەسەر دژایەتی هەر سوورە

منصور که در عدلیه قادر شده است
دیرآمده زود از مصادر شده است
هشتاد و یک ابلاغ خلاف قانون
از جانب آن جسور صادر شده است

یەک دەم لە مەراقی ڕەئیکڕ بێخەم نین
یەک سانی لە داخ ڕەئیفرۆش خوڕەم نین
نیسکێک لە وەزندا وکەلای مەجلیسی پێنج
لە نوێنەرەکانی مەجلیسی چوار کەم نین

از رأی خران دلم دمی بی‌غم نیست
وز رأی‌فروش جان من خرم نیست
بل این وکلای مجلس پنجم در وزن
از مجلس تاریخی چارم کم نیست

تا پیشەیی دەوڵەمەند دلازاری بێ
بێمایە، ئەسیری شیوەن و زاری بێ
ئەم چارەڕەشی گەل و هەژاری گشتی
لام وایە هەمووی عیللەتی بێکاری بێ

تا رسم غنی غیر دل‌آزاری نیست
از بهر فقیر چاره جز زاری نیست
این خواری و این ذلت و این فقر عموم
بی‌شبهه بجز علت بیکاری نیست

بۆ کابینەی موشیرودەولە

دەوڵەت کە بەخێر چاوی لە گورگ و مەڕ بێ
زۆر سەیرە، لە حاست میللەتی، بێباوەڕ بێ
ئەم داد و فغانی خەڵکە چۆن ناژنەون؟
یا ڕەنگە ڕەئیسولوزرا گوێی کەڕ بێ

ای آنکه تو را گفتهٔ ما باور نیست
ور هست ز جبن قدرت کیفر نیست
با منطق و مدرک بشنو نالهٔ ما
گر گوش رئیس‌الوزرائی کر نیست

کابینەی سەردار سپە

بەربوونەتە مشت و لەقە، کوا ئەمنییەت؟
دەرکردن و زللە و شەقە، کوا ئەمنییەت؟
تۆ بۆچی بە زۆر پێمی دەسەلمێنی هەیە؟
گوێ بگرە، قسەی من حەقە، کوا ئەمنییەت؟

با مشت و لگد معنی امنیت چیست؟
با نفی بلد، ناجی امنیت کیست؟
با زور مرا مگو که امنیت هست
با ناله ز من شنو که امنیت نیست

کابینەی مستوفی الممالک

کابینەکەمان ئەوەندە بێتەسمیمە
هەربۆیە سەرۆک بە دوژمنان تەسلیمە
جا من کە هیوام بە خادیمی ئێستە نەبێ
بەو خائینی داهاتوو بە تەرکەن نیمە

کابینهٔ ما اگرچه بی‌تصمیم است
معبود شما به دشمنان تسلیم است
از خادم حال گر امیدی نبود
از خائن آینده هزاران بیم است

ئەو شەرتە کە بەسترا لە بەینی من و دۆست
پووچەڵ بوو بە شەیتانی لە بەینی من و دۆست
زانیم هەوڵی کارێ، کە لە دوارۆژدا
قامک دەکوتن لە چاوی من، دوژمن و دۆست

آن عهد که بسته شد میان من و دوست
بشکسته شد از فتنهٔ اهریمن و دوست
دانستم از اول که در این کار آخر
انگشت‌نما شوم بر دشمن و دوست

خۆ ناشێ بدۆڕێنی دەمی تەنگانە
خەم ماوەیەکی کەم لە دڵت میوانە
ئەو تیشکە لە خۆرەتاوی سەرکەوتندا
ڕووناکی بە یەکیەتی دەبینرێ، گیانە!

در موقع سخت می‌نباید شد سست
کز عزم، شکسته را توان کرد درست
خورشید موفقیت رخشان را
در سایهٔ اتفاق می‌باید جست

لای ئێمە وشەی عیززەت و زیللەت گەمەیە
بەدتر لە هەژاری، دەرد و عیللەت گەمەیە
کێ ناژی بە دەستی خۆی، سەلاحییەتی کوا؟
بکرێ بە وەکیلی قەوم و میللەت، گەمەیە

در مسلک ما که عزت و ذلت نیست
سلطان و فقیر و کثرت و قلت نیست
هرکس که به دست خویشتن کار نکرد
صالح به نمایندگی ملت نیست

دانانی ئەساسە بۆ مۆئەسسیس فەرزە
بۆ خاوەنی ماڵ و ڕووت و موفلیس فەرزە
نوێنەر کە خەتاشی زۆرە، دووبارە لە سەر
ئەم عالەمە ئیحتیرامی مەجلیس فەرزە

تحکیم اساس بر مؤسس فرض است
این اصل بهر منعم و مفلس فرض است
برفرض وکیل هم خطاپیشه بود
بر جامعه احترام مجلس فرض است

خزمینە! نەزانی هۆی پەرێشانی مەیە
هەستین، هەڕەتی چاندن و کێڵانی مەیە
ڕاست بینەوە، ڕۆژی چارەنووسمانە برا!
شوێن مافی ڕەوا کەوین، کە ئەو گیانی مەیە

ای توده، که جهل در سرشت من و توست
هشدار که گاه زرع و کشت من و توست
تا شب پی حق خویش از پا منشین
برخیز که روز سرنوشت من و توست

سەندووقی ڕەئیی بەرانبەری کام دینە؟
هیچ کەس دڵی پێ خۆش نییە، مایەی قینە
دەورانی ئەویش هەروەکوو دنیا وایە
کێ تێچووە، دوو ڕۆژی تێیا شیرینە

این جعبۀرأی‌را چه دین و کیش است
کز آن دل خوب و زشت در تشویش است
گردیده چه دنیای دنی این صندوق
هریک نفری در آن دو روزی پیش است

ئەو سیپە کە دەنگی خەڵکە گەنجینەیی ئەو
لالووتە زەمان، بە هۆی ڕق و کینەیی ئەو
بەدبەختی و خۆشبەختی بەشەر دیاری دەکا
ئەو ڕازە کە پۆشراوە لە ناو سینەیی ئەو

آن جعبه که رأی خلق گنجینۀ اوست
بی‌مهری روزگار از کینۀ اوست
فرمان سعادت و شقاوت دارد
این راز نهفته‌ای که در سینۀ اوست

ئەی جەعبە کە چارەنووسی ئێمەت بە دەسە!
ئاوات و هیوای ئێمە لە دەورت حەرەسە
ئیمڕۆ نەگری لایەنی هیچ چاک و خراپ
سۆزی دەمی هەر چاک و خراپێک بەسە

ای جعبه که سرنوشت ما در ید توست
مقصود عموم تابع مقصد توست
امروز که بی‌طرف شوی با بد و خوب
فرداست که خوب و بد ز خوب و بد توست

سندووقە حەیاتبەخشی هەموو ئاراپە
هەم شادی دڵانە، هەم مەراقە گوایە
تێیدایە بەراز و ورچ و سیسارک و داڵ
مەڕوانە سنووقە، لێڕەواری خوایە

صندوقچه‌ای که جای آرا شده است
هم روح‌گداز و هم دل‌آرا شده است
دیو و دد و دام و وحش و طیر است در آن
این جعبه مگر جنگل مولا شده است

ئەو جەعبە چکۆلە ڕەئیەکانی تیایە
بێ‌میهر و وەفایە، شەرتی وەک دنیایە
هێندەی بەم و بەو دا بە درۆ وەعدەیی وەسڵ
خوێنی دە هەزار کوشتە لە گەردنیایە

این جعبه که آرا همه در دامن اوست
چون دور سپهر بی‌وفائی فن اوست
از بس که به این و آن دهد وعدۀ وصل
خون دوهزار کشته در گردن اوست

دەرمانی دڵم بێجگە لە ئازار نییە
دەرد و خەمی من زۆرە، بە ئەژمار نییە
با مەجلیسی پێنجومیش فەرز کەم بەد بێ
بەدتر لە فەسادی زوو و هەوەڵجار نییە

دردا که دوای دل بجز حسرت نیست
حسرت بحساب قلت و کثرت نیست
گیرم که شود مجلس پنجم هم بد
بدتر ز فساد دورهٔ فترت نیست

خونچەی نەگەشاوە دیوتە پشکوا کاکە
ئەو قۆرە نەگەیوە بوو بە حەڵوا کاکە
هەر ئەو کەسە وا بە نۆکەریمان هێنا
ئاغایە لە سەر مە ئێستە، بە خوا کاکە

این غنچهٔ نوشکفته خوش وا شده است[1]
واین غورهٔ نارسیده حلوا شده است
آن را که برای نوکری آوردیم
دیری نگذشته زود آقا شده است

کابینەی موشیرەددەولە

سێلاوی بەرینی ئارەزوو بێ سەددە
مەودای تەماحی ئادەمی بێ حەددە
بڕوانی بە بێ قین و غەرەز دیارە بڕا
کابینەکەمان خراپ نییە بەو حەددە

هرچند که سیل آرزو را سد نیست
هرچند توقع بشر را حد نیست
با کم‌غرضی اگر کنی خوب نظر
کابینهٔ امروزی ما پر بد نیست

ڕۆژنامەکەمان بێ هەڵەیە و ناشی نییە
نووکی قەڵەمم فێری ژەهرپاشی نییە
قەت عادەتی ئێمە هەرزەوێژی نەبووە
لە ژیانی مەدا تۆمەت و فەحەحاشی نییە

چون نامهٔ ما برای کلاشی نیست
چون خامهٔ ما مرتشی از راشی نیست
پس پیشهٔ ما هرزه درآئی نبود
پس حرفهٔ ما تهمت و فحاشی نیست

بڕوانە قوتابییەکانی خۆیی و لاوە
هاتوونە خیابان بە گوڵ و ئالاوە
مانای ئەوەیە قاتوقڕی کەوتە وڵات
ڕۆژی کەرەم و چاکە لەگەڵ داماوە

امروز محصلین ز اعلی تا پست
دارند گل اندر کف و بیرق در دست
یعنی که به قحطی‌زدگان رحم کنید
ای ملت با عاطفهٔ نوع‌پرست

---

[1] ڕەخنەی لە موستەشارێکی ئەمریکایی (دوکتور میلسپۆ) گرتووە.

دەوڵەت لە خەزێنەدا فرەی پارە نییە
میللەت لە هەژارییا دەژی، چارە نییە
ئەی نوێنەرەکان مووچە لە کوێ وەردەگرن؟
هەر ئەو کەسە ماڵکاولە هیچکارە نییە

با آنکه غنی خزانۀ دولت نیست
با آنکه به فقر می‌کند ملت زیست
از چیست حقوق وکلا قمچی‌کش
یکدفعه دو اسبه آید از صد به دویست

لەم مەملەکەتە دیارە بەشەر مافی نییە
چون دەوڵەتی دڵسۆز و بەئینسافی نییە
ڕێ چۆن لە جەژندا بە کرێکار نەدرێ؟
ئەم مەجلیسە گەر مەجلیسی ئەشرافی نییە!

در مملکتی که جنگ اصنافی نیست
آزادی آن منبسط و کافی نیست
در جشن به کارگر چرا ره ندهند
این مجلس اگر مجلس اشرافی نیست

ئازادی کە هیچ ناوی نییە لەم خاکە
تاوانی لە مل حوکومەتی ناپاکە
بۆ ئەو دڵە ئاسنەی کە ئازادیکوژە
هەر نووکە ڕم و خەنجەری پۆلا چاکە

در مملکتی که نام آزادی نیست
ویرانی آن قابل آبادی نیست
بهر دل چون آهن آزادی‌کش
درمان بجز از دشنۀ پولادی نیست

بەو بۆنەوە دز باکی نییە و ترسی لە کەس
شوانی مەڕی بێچارە بە دەس گورگە و بەس
هەرچی زەرەر و زیانە بەشی هەموانە
خێر و بەرەکەت بۆچی نییە بۆ هەموو کەس؟

در کشور ما که دزد را واهمه نیست
جز گرگ شبان برای مشتی رمه نیست
آنجا که مضار هست بهر همه‌است
وانجا که منافع است مال همه نیست

بۆ ڕاست و دروستی کێ لە دنیا تاکە
بڕوا کە براکە تا دەژی خەمناکە
کێ خائین و خۆفرۆش و دڵناپاکە
ئەو کاری لە پێشە، بەختەکەی زۆر چاکە

آن را که درستی عمل کیش بود
زان کردۀ خوب، دشمن خویش بود
هرکس که خطاکاری او بیش بود
پیش همه کس در همه جا پیش بود

ئەستێرە کە ناسینی بە هۆی تەقمینە
زۆر شت هەیە ڕووی نەداوە، ئەو پێشبینە
هەر بۆنی سقووت و ئاڵوگۆڕی لێ دێ
لەو ڕۆژەوە تەشکیلی درا کابینە

اوضاع نجومی چو به تقویم آید
این جملۀ برجسته به تنظیم آید
کز جانب کابینۀ امروزی ما
از روز نخست بوی ترمیم آید

لای خەڵکی خودا شەریکی خەم بی چاکە
سەرباری ژیانی دۆست کەم بی چاکە
پێتخۆشە کە گۆی هونەر لە مەیدان دەرکەی
بۆ کردەوە ڕاکە، پێشقەدەم بی چاکە

با خلق خدا شریک غم باید شد
سربار بدوش دوست کم باید شد
خواهی ببری گوی معارف خواهی
درگاه عمل پیشقدم باید شد

هەرئەو کەسە باری بارە، ڕاوێژکارە
بۆ ماڵییە کێشراوە، لەوێ موختارە
هەر چاوێ بە ڕاپۆرتەکەیا بخشێنی
دەبینی هومێدەوارە زۆر بەو کارە

آنکس که مقام مستشاری دارد
در مالیه اختصاص کاری دارد
راپورت را اگر بدقت خوانی
بیش از همه چیز امیدواری دارد

بۆ پیشانگای کەلوپەلە ناوخۆییەکان

ئێژم قسەیەک کە ئێوە بیسەلمێنن
لای پیر و جوان، ئەم قسە بیدرکێنن
پێویستە کە پیشەسازەکانی ئێران
زۆر کردنی پیشەیان بە گوێ هەڵخوێنن

گویم سخنی اگر که تصدیق کنید
آن را به جوان و پیر تزریق کنید
روزیاست که صنعتگر ایرانی را
از راه خرید جنس تشویق کنید

داخم کە دڵی ئەم گەلە قەت شاد نەبوو
ڕزگاری لە بەندی سەخت و بێداد نەبوو
ئەی خوایە کە خوێن ڕژا لە سەر ئازادی
پاکی بە هەدەر چوو، میللەت ئازاد نەبوو

یکدم دل ما غمزدگان شاد نشد
ویرانهٔ ما از ستم آباد نشد
دادند بسی به راه آزادی جان
اما چه نتیجه، ملت آزاد نشد

ڕووخانی کابینەی قەوام

ئەو ملهوڕە ناپاکە دەزانن چی کرد؟
یاسای هەموو پێشێلی هەوای نەفسی کرد
دیت چۆنی ڕەش و ڕەهەندە دەستی سروشت
ئاوارە و ڕووت و ڕەبەن و برسی کرد

آن خودسر مرتجع که دلها خون کرد
پامال هوای نفس خود قانون کرد
دیدی که چسان دست طبیعت او را
از دایره با مشت و لگد بیرون کرد

تا دڵ بە پلاری خەمی تۆ نەشکابوو
لۆمە و تەشەر و تانە لە لای من کا بوو
ڕازی دڵی خۆشەویستی خۆم دەرنەدەخست
تاکوو لە فرۆفێڵی دژم ئاگا بوو

از دست تو گر دل ز غمت چاک نبود
از طعنهٔ این و آن مرا باک نبود
راز دل دوستان نمیکردم فاش
گر نقشهٔ دشمنان خطرناک نبود

وەک دەورەیی ئەووەڵ ئیعتیباری نەبووە
ئەم مەجلیسی پێنجە ئیفتیخاری نەبووە
مابەینەکەیان بە ناهومێدی گوزەرا
لەو بارەوە کەس ئومێدەواری نەبووە

بر دورهٔ فترت اعتباری نبود
با مجلس پنجم افتخاری نبود
در فاصلهٔ این دو، به صد مأیوسی
یک ذره مرا امیدواری نبود

ئای خۆزگە لەکن من و تۆ بەڵگە بوایە
خۆویستی لە لای مە زۆر و کەم نەبوایە
خۆزیا لە بری ئەو هەموو نامەی حیزبی
بۆ خەڵکەکە ڕێی ڕاست و دروست هەبوایە

ای کاش من و تو را کمی مدرک بود
خودخواهی هر دو پر نبود اندک بود
جای همه نام‌های حزبی ای کاش
این مردم خودپرست را مسلک بود

ئەو چەند کەسە وا پارێزەرانی مافن
لایەنگری ڕەحم و بەزەیی و ئینسافن
ناپاک و خەتاکار بدەنە دەس یاسا
ڕێگیر و چەتەن یا لە بەرەی ئەشرافن

آنان‌که اصول را مراعات کنند
عنوان مکافات و مجازات کنند
خوبست خطاکاری بدکاران را
در محکمهٔ صالحه اثبات کنند

کێ ژیرە هەموو کارێ بە تەنیایی نەکا
هاوکاری غەریب و خۆیی، بێبایی نەکا
ناتوانێ حوکومەتیش بوێستێ، تاکوو
پاڵپشتی لە سەر بیری هەموو لایی نەکا

عاقل که جز اقدام لزومی نکند
غمناک دل غریب و بومی نکند
داند که حکومت نگردد ثابت
تا تکیه بر افکار عمومی نکند

ئەو تاقمە تۆ دەبی بە داردەستی ئەوان
بۆ تۆ و نەتەوەت ئەبێتە مار، دەستی ئەوان
خنکاندنی ئازادییە هەنگاوی هەوەڵ
ئامادە دەکا بۆت پەت و دار، دەستی ئەوان

آنانکه تو را به خویش ترغیب کنند
ترغیب اثر چو کرد ترعیب کنند
اول قدم اختناق آزادی را
در جلسه به اتفاق تصویب کنند

هەر کوندەبەبووی ماتەم و خەم دێ دەنگی
بێشوێنە هوما، کە دی نەما یەکڕەنگی
بڕوانە کەساسی خەڵکی مەزڵووم و هەژار
کێ دیارە بزەی لێوی بە هۆی دڵتەنگی؟

بس نالهٔ جغد غم در این بوم آید
نشگفت اگر فر هما شوم آید
یک‌لحظه اگر کسی کند باز دو گوش
از چار طرف صدای مظلوم آید

دەوڵەت کە بە بیر و ژیری خۆی گرتوویە پێ
پاڵپشتی گەلە، زەحمەتە قەت تێکبتەپێ
تەشکیلی بەڵام بە بیر و ڕای گشتی نەبێ
کوێخایەتیی بێگانە بە سەریا ئەسەپێ

دولت چو بفکر خویش تشکیل شود
ناچار نفوذ غیر تقلیل شود
با فکر خودی اگر نگردد تشکیل
بر آن نظر خارجه تحمیل شود

تا بێژی لە ماڵی کابەدا بەدناوم
دوێنێش کە لە بوتخانە وەدەریان ناوم
ڕووم کردەوە کاولەکۆنەکەی پیری موغان
بووژاوە بە چەن قومێ، دڵی ژاکاوم

در کعبه خطاکار خطابم کردند
از بتکده رندانه جوابم کردند
آباد شود کوی خرابات مغان
کانجا به یکی جرعه خرابم کردند

ڕووتان بە خەتا و جەور و جەفا بەس ڕەش کەن
بەس خەڵکی وشکهەڵێنن و خۆتان گەش کەن
چی بەرهەم و داهاتە بە سەر ئەم گەلەدا
پیاوانە بە <u>قەمتاری</u> عەداڵەت بەش کەن

تا چند به جور و ظلم تصمیم کنید
در کیسۀ خویشتن زر و سیم کنید
هر منفعتی که حاصل مملکت است
خوبست که عادلانه تقسیم کنید

وەک کوند و هوما لەگەڵ یەکا ناجوورن
هاوڕازی دوو هۆزی قەل و مەل لێک دوورن
کێ دیویە لەگەڵ سوڵح و سەفا یەک بکەون
ئەو تاقمە لاسارە لە سەر شەڕ سوورن؟

هرگز به هما بوم برابر نشود
با بلبل باغ، زاغ همسر نشود
از حملۀ یک طایفۀ بی‌ایمان
این مؤمن سالخورده کافر نشود

داخی بە دڵم، هەرچی هەمانبوو بردیان
گشت بەرهەمی شان و قۆڵی ماندوو بردیان
ئەو گەنجە بە ئارەقەی لەشم پێکەوەنا
بێزەحمەت و ڕەنجی دەست و بازوو بردیان

افسوس که دسترنج ما را بردند
با بطر، چهار و پنج ما را بردند
ما و تو برنجیم و حریفان زرنگ
بی‌زحمت و رنج، گنج ما را بردند

ئەم هۆزە بە سەر مەملەکەتمدا زاڵن
سەرپاکی بە شوێن ناوی زلا عەبداڵن
ڕێوویی عەمەلن، شێری فڕوفیشاڵن
پەخمەن، لە وەزیفەناسییا زۆر کاڵن

این قوم که تا کشور ما تاخته‌اند
با رایت خودسری برافراخته‌اند
با این همه های‌هوی ایشان، دیدیم
هنگام عمل وظیفه نشناخته‌اند

ئەی مەجلیسییان! ئیتر چ ڕەنگێکوو هەیە
لەم هێرشەدا چ زوو و درەنگێکوو هەیە
لە دوێنێ‌شەوێوە تیخ ئەساون، چ خەبەر؟
ئیمڕۆکە مەگەر خەیاڵی جەنگێکوو هەیە؟

ای مجلسیان دگر چه رنگی دارید
در حمله شتاب یا درنگی دارید
دیشب زده‌اید تیغ خود را صیقل
امروز مگر خیال جنگی دارید

ئەو دەستەڕەشەی کە کابە دەنوێنێ بە دەیر
بێگانە بە خۆ نیشان ئەدا، خۆیی بە غەیر
هاتۆتە دەرێ لە قوڵی ئاژاوەچییەک
دەی خوایە بگێڕی بۆ مە ئاکامی بە خەیر

دستی که به پرده کعبه را دیر کند
بیگانه خودی یگانه را غیر کند
بیرون شده ز آستین شهر آشوبی
از دست چنین بشر خدا خیر کند

یا بێ‌دەسەڵات و گۆشەگیر بی چاکە
یا خاوەنی زۆر و شیر و تیر بی چاکە
هاوار و فوغان و ناڵە هیچ سوودی نییە
وریا بی، نە بێ‌دەنگ و فەقیر بی چاکە

یا همچو ضعیف منزوی باید شد
یا صاحب زور معنوی باید شد
فریاد و فغان و ناله را نیست اثر
در جامعهٔ بشر قوی باید شد

خۆماڵی کە هۆش و گۆشی خۆی دا لە کەڕی
بێگانە ئیتر دێ هەڵی شڵتاع و گەڕی
ئەو هەموە بە گوێی گەلی خەواڵووم هەڵخوێند
هیچی وەخەبەر نەهات و کەس ڕانەپەڕی

هرخویش چو نقش در و دیوار نشد
از نقشهٔ بیگانه خبردار نشد
یک عمر بر این ملت خواب‌آلوده
فریاد و فغان زدیم بیدار نشد

خەڵکینە! چتان دیوە فەرامۆشی مەکەن
لەو تاقمە بێ‌بەزەییە چاوپۆشی مەکەن
با پووڵ بدەن ئەو کۆنە پەرستانە، بەڵام
کاتی ڕەئی کۆ کردنەوە خۆفرۆشی مەکەن

ای تودهٔ بی‌صدا خموشی نکنید
بر پرده دریده پرده‌پوشی نکنید
از مرتجعین پول بگیرید ولیک
در موقع رأی خودفروشی نکنید

ئەو تاقمە دوو ساڵ کەڕەتێ کڕیارن
هەرچەندە گران بی دەتکڕن، ناچارن
خۆت بۆچی بە هەرزان دەفرۆشی کاکە؟
ئیمڕۆ قسەیان خۆشە، سبەینێ هارن

آنانکه تو را دو سال یکبار خرند
هرچند گران شوی بناچار خرند
ارزان مفروش خویش را ای توده
چون مردم کم‌فروش بسیار خرند

پشتم کە لە ژێر باری ئەویندارى چەما
بەدقەولی فەلەک زمانی بەستم لە دەما
من مام و مەراق و کوڵی دڵ، توخواکەی
مردن! وەرە، ئەم ژینە ئیتر تامی نەما

درد و غم خوبان جوان پیرم کرد
بدعهدی آسمان زمینگیرم کرد
من ماندم و من با همهٔ بدبختیها
ای مرگ بیا که زندگی سیرم کرد

ڕێنوێنی مە گەر خودسەر و نادان نەدەبوو
ڕێ لێگومیی ئەو ویردی زمانان نەدەبوو
لەرزۆک و شەقوشڕ نەدەبوو کابینە
گەر لێدێری گەوج و خۆبەزلزان نەدەبوو

گر هادی ما ز جهل گمراه نبود
گمراهی او در همه افواه نبود
کابینه نمی‌شد متزلزل هرگز
گر «لیدر» خودپسند خودخواه نبود

ئۆخەی کە دڵم دەرد و خەم ئازادی نەکرد
تێکنەچوو لە ترسان و هومێد شادی نەکرد
ڕۆژ بەرمنەتی ڕووناکیی هیوا نەبووە
شەو تووشی خەمی تاریکی بێدادی نەکرد

شادم که دل خراب ترمیم نشد
در پیش امید و بیم تسلیم نشد
یک صبح رهین نور امید نگشت
یم شام غمین ظلمت و بیم نشد

چاودێریکەران قفڵی سنووق ئەشکێنن
تا چاو بە ڕەئیی خەڵکەکەدا بخشێنن
کێ شادە بزەی سمێڵی دێ لەو دەمەدا؟
هەر ئەو کەسە وا ناوی پتر وەخوێنن

نظّار چو قفل جعبه را باز کنند
از خواندن رأی نغمه آغاز کنند
کم‌غصه و پرشوق و شعف دانی کیست
آن را که فزون از همه آواز کنند

دەنگێ کە لە سەنگلەج شەماڵ هانییە گوێم
تێکەڵ بە مەراقە، وەختە بۆی بێتەوە سوێم
لەو حەوزەیە کاول بێ کەمێ دانیشتم
کەم مابوو بە هاواری هەژاران وەتوێم

از سنگلج آوای غم‌اندوز آید
بانگ خشنی ولی دل‌افروز آید
یک لحظه در آن حوزه اگر بنشینی
صد مرتبه فریاد جهانسوز آید

زۆر کەس دڵی بۆ ڕەئیی شمیران بووە خوێن
زۆر مێشکی تەزاند، سنووقی نەگبەت‌بزوێن
هەر نۆرە گەیشتە سەر لەواسان، قەوما
هەر گیان بوو لە لەش دەچووە دەرێ، بێ‌سەروشوێن

از رأی شمیران غم دل افزون شد
وز جعبهٔ شوم کن جگرها خون شد
چون نوبت آراء لواسان گردید
فریادکنان جان ز بدن بیرون شد

ترسم هەیە دەرد و خەمی کۆن تازە کرێ
یا کۆنەپەرستی دەورەکەی زیاد بکرێ
ئەوکاتە لە فاجیعەی لەواسان بەدتر
ئازادیی هەموومان هەڕەشەی لێ دەکرێ

گر درد و غم قدیم تجدید شود
یا دورهٔ ارتجاع تمدید شود
بهتر که ز آراء لواسان خراب
آزادی ما یکسره تهدید شود

ڕۆژێ کە شەهیدی عیشق قوربانی بوو	روزی کە شهید عشق قربانی شد
شانازی خەڵاتی گەلی ئێرانی بوو	آغشته به خون مفخر ایرانی شد
لەو تازییەدا چاک و خراپ پێی لێنا	در ماتم او عارف و عامی گفتند
ڕۆژانی سەفەر محەڕڕەمی سانی بوو	ایام صفر محرم ثانی شد[1]
لەو تیشکی سەرئاسۆ گوڵی سوور دەردەکەوێ	از سطح افق شعلهٔ گلگون آید
سوورایی شەفەق خوێنە، بە نوور دەردەکەوێ	وز رنگ شفق ترشح خون آید
یەک پەردەیی زۆر گرنگ هەیە لەو سەرەوە	یک پرده بسیار مهمی بالاست
خوا بزانێ کە چی تیایە، چ جوور دەردەکەوێ؟	تا از پس پرده چه بیرون آید
بدوێ لە عەدڵ وەکیل، تەوسیفی بکا	از عدل اگر وکیل توصیف کند
ڕۆژنامەنویس لە سەریە تەعریفی بکا	روزنامەنگار مدح و تعریف کند
ئەم کارە ئەشێ بەراوەژوو بێ لەوەلا	زین پس بە خلاف پیشتر جا دارد
گەر پاڕلەمان ئەدای تەکلیفی بکا	گر پارلمان ادای تکلیف کند
ئەو خەڵکە بە عەدڵ و دادەوە چەسپاون	آنانکه بە عدل و داد مفتون گشتند
لاگیری عەمەل بە ئەسڵی قانوون ماون	تسلیم مقررات قانون گشتند
ئەو دەستە لە سەر مەڕامی فیرعەونی ژیان	وآنها کە بفرعونی خود بالیدند
سەرپاکی لە ناو شەپۆلی خوێن خنکاون	ناگاه غریق لجهٔ خون گشتند
کێن گاڵتە بە قانوون دەکەن و ناترسن؟	آنانکه بە قانونشکنی مشغولند
لای نوێنەرەکانی گەل، هەموو بەرپرسن	پیش وکلا ز خوب و بد مسئولند
بڕوای بە وەزیرەکان نەمێنێ مەجلیس	آن روز کە اعتماد مجلس شد سلب
دەریان دەکەن و قەتیش لێیان ناپرسن	از شغل وزارت همگی معزولند
دوێشەو کە هەواڵی ئاشتی هێناوە	دوشینه لوای صلح افراشته شد
تووی سوڵح و سەفا لە مڵکی دڵ چێنراوە	در مزرع دل تخم صفا کاشته شد
هاوکاری وەزیری جەنگ لەگەڵ پاڕلەمان	اصلاح وزیر جنگ با پارلمان
هەنگاوێکی زۆر باشە، کە هەڵهێنراوە	نیکو قدمی بود کە برداشته شد

---

[1] به بۆنەی کوژرانی کۆلۆنێل محەممەدتەقیخان. ئاماژەیە بە بەیتێکی عارفی قەزوینی کە سەبارەت بە کوژرانی پسیان نووسیویە و "تۆفان" هەموو غەزەلەکەی چاپ کردووە: لَفر، محرم ثانی است بهر ایرانی   کە قتل نادر ناکام من است

چون کۆنەپەرست لە حۆقەبازی و گەڕ بوون
ئازادی و کۆنپەسند دوچاری شەڕ بوون
بەو نێوە کە پاراستنی ئیسلامە لە کوفر
ئەو تاقمە پێوە بوون کە خۆشباوەڕ بوون

چون مرتجعین آلت نیرنگ شدند
آزادی و ارتجاع در جنگ شدند
القصه بنام حفظ اسلام ز کفر
یک‌دسته ز روی سادگی رنگ شدند

ئەو شێخە وەک ئەخفەش کە بەبیر و هۆش بوو
لای دڵبەرەکانی سادەڕوو مەی‌نۆش بوو
دیمان کە لەبەر خاتری یەک دەسرە، ئەویش
سووتاندنی قەیسەری گەلێ پێ خۆش بوو

آن شیخ که دم ز علم اخفش می‌زد
با ساده‌رخان بادهٔ بی‌غش می‌زد
دیدم که برای دستمالی موهوم
بی‌واسطه قیصریه آتش می‌زد

سەد شێری نەبەز کە گشتی هاوپەیمان بوون
برسایەتییان ویست و لە ناو زیندان بوون
ئەو ڕۆڵە بەجەرگانە لە ڕێی حیفزی شەرەف
دەمیان لە زەواد نەدا، هەتا بێ‌گیان بوون

صد مرد چو شیر، عهد و پیمان کردند
اعلان گرسنگی به زندان کردند
شیران گرسنه از پی حفظ شرف
با شور و شعف ترک سر و جان کردند

تا ماوی لە ئاکاری کەسێ بڕوانە
کرداری پەسندە، سوودی بۆ هەمووانە
قەت نابمە بەرهەڵست و چقڵی چاوی
گەر دوژمنەکەم خەریکی کاری جوانە

ما طالب آنکه کار مطلوب کند
خود را بر خوب و زشت مجبوب کند
ما دوست نداریم نمائیم انکار
گر دشمن ما هم عمل خوب کند

تیپێک لە خراپییان خەڵک دڵمەندە
خوو ناحەز و ناڕاستن و ئیشیان گەندە
ئەو مەجلیسە جێی داخە کە نوێنەر بە ڕقۆ
کۆ بینەوە، تەشکیلی بدەن پەروەندە

آنانکه خطای خویش تکمیل کنند
خواهند به ما فشار تحمیل کنند
ای وای به مجلسی که در آن وکلا
از روی غرض «فرونت» تشکیل کنند

بنیادەمی دنیا کە لە باوکی بەشەرن
زۆربەی گەلی جووتیار و بەرەی کارگەرن
چینێکی تریش یاریدەدەر بۆ وانن
باقی هەموو مفتەخۆر و تالانکەرن

ابناء بشر که زادهٔ بوالبشرند
آن تودهٔ اصل زارع و کارگرند
صنف دگری معاونند آنها را
باقی همه جمع فرعی و مفت‌خورند

ئەو هۆزە کە زۆر بەڕەحم و خاوەنچاکەن
ڕێزیان دەگرن، هەرچی لە سەر ئەم خاکەن
زۆرایەتی یا کەمایەتی بێبنەڕەت
فەرقی نییە، لای ئێمە تەفاوەت ناکەن

آن قوم که با عاطفه و انسانند
با قید اصول بندۀ احسانند
چون نیست اصول اقل و اکثر همگی
در چشم اصول‌بین ما یکسانند

ئەو پوولە لە خوێنی خەڵکی ئامادە دەبێ
خەرجی مزی مەیگێڕ و مەزەی بادە دەبێ
داخی بە دڵم، کە حەقدەسی چینی هەژار
هەر کۆ بووەوە، مواجبی شازادە دەبێ

پولی که ز خون خلق آماده شود
صرف بت ساده و بط و باده شود
افسوس که دسترنج یک مشت فقیر
چون جمع شود حقوق شهزاده شود

پیاو کاتی عەمەل عاری لە ئای و ئۆی بێ
هەر بیری لە لای بەرهەم و گردوکۆی بێ
ئاخ خۆزگە خەڵک لە من ببیسن چ دەڵێم
وا خۆشە وەکیلی گەل لە چینی خۆی بێ

در گاه عمل شتاب می‌باید کرد
جان باخته فتح باب می‌باید کرد
ای کاش که توده بعد ازین می‌دانست
کز جنس خود انتخاب می‌باید کرد

چی کوێرەگرێی هەژار و سامانداره
بکرێتەوە، ئادەمی لە خەم ڕزگارە
گورگێکە گەرەکیە مەڕ بپارێزێ لە زوڵم
ئاغا، کە وەکیل و نوێنەری جووتیارە

گر مشکل فقر و ثروت آسان گردد
آسوده ز غم تودۀ انسان گردد
گرگیست که گشته حارس میش ز جور
مالک چو نمایندۀ دهقان شود

یاران! لە شەڕابی فیز مەستی هەڵەیە
بۆ عومری درێژ ژیانی پەستی هەڵەیە
بۆ ئەو کەسە دەم ئەدا لە سۆسیالیستی
خۆویستی و دەوڵەمەندپەرستی هەڵەیە

یاران ز می غرور، مستی نکنید
چون پای دهد درازدستی نکنید
اکنون که شدید سوسیالیست‌مآب
خودخواهی و اشراف‌پرستی نکنید

باجگیری بە ناوی یارمەتی و خێر نەدەبوو
ورگی تەوەزەل لە مفتە قەت تێر نەدەبوو
یا بەعزێ بە ناوی دین زەرووئاسایی
بۆ ژینی بە خوێنمژینی گەل فێر نەدەبوو

هر شر اگر از امور خیریه نبود
خون فقرا وجوه بریه نبود
حال علمای خوب کی بود چنین
گر عالم بد طالب شهریه نبود

پێ ڕاگەری مەملەکەت کە عاقڵ بوایە
بە سیاسەت و بیر و سەبر و تامڵ بوایە
نێوانی دوو هاوسێ ماڵ دەبوو تێک نەدرێ
گەر خاوەنی ئەم، شعووری کامڵ بوایە

گر سائس ملک باکیاست باشد
دارای درایت و فراست باشد
مابین دو همسایه بباید ناچار
مایل بتوازن سیاست باشد

وەستای ئەزەلی کە دەرسی بێدادی نەدا
جوانتر لە وشەی داد بە من یادی نەدا
با مافی ڕەوا لە چینی ناعادڵەکان
بستێنین، ئەگەرکوو مەحکەمەش دادی نەدا

استاد ازل که درس بیداد نداد
جز مسئلهٔ داد مرا یاد نداد
ما داد ز بیدادگران بستانیم
گر محکمهٔ داد به ما داد نداد

کێ پاکە دڵی، دڵت لەگەڵیا پاک بێ
ناڕاستی و چەوتی با جەزای ناپاک بێ
پێم‌وانییە کەس کاری بە نابووتی بگا
ئابووری لە مەملەکەت کە وەزعی چاک بێ

با پاک‌دلان پاک‌نهادی باید
از مختلسین قطع ایادی باید
یا آنکه ز ورشکستگی باید مرد
یا چارهٔ فقر اقتصادی باید

لایەنگری ئاشتی و سەفا "تۆفان"ە
ڕووخێنەری کۆڵەکەی جەفا "تۆفان"ە
پاراستنی حەیسیەت دەکا تووشی شەڕی
بۆ عەزم و ئیرادە باوەفا "تۆفان"ە

طوفان که طرفدار صفا خواهد بود
معدوم‌کن جور و جفا خواهد بود
گر جنگ کند برای حیثیت خویش
نسبت بعقیده باوفا خواهد بود

پووڵدارە گرنگەکان گەدایان گەرەکە
خەڵکی ڕەش‌وڕووت و بێنەوایان گەرەکە
دەسکردی ئەوانە مەجلیسی ئەشڕافی
هێشتا لە خەڵک مەدح و سەنایان گەرەکە

ما را متمولین گدا می‌خواهند
بیچاره و بی‌برگ و نوا می‌خواهند
با بودن این مجلس اشرافی باز
یکدسته ستمکار «سنا» می‌خواهند

کار بەو کەسە ئەهلە بۆ نیشانی نادەن؟
بۆ کارێ دەزانن ئیمتیحانی نادەن؟
کاران کە بە گەنج و لاوەکان ناسپێرن
ئەی بۆچی بە پیری کارزانی نادەن؟

اول ره کار را نشان باید داد
در موقع کار امتحان باید داد
چون کار به عالم جوان نسپاری
پس کار به پیر کاردان باید داد

هەی وایە بە ماڵ و سەروەت و سامانە
هەی واشە کەساس و مەلکەچ و بێنانە
بۆ ئەم بڕێ زیاد و لەو بڕێ کەمتر کەن
ئەو کاتە برا و بەرانبەرن ئەم دووانە

جمعی ز غنا صاحب افسر باشند
یک دسته ز فقر خاک بر سر باشند
باید که بر این فزود، از آن یک کاست
تا هر دو برادر و برابر باشند

ئەو دەستە کە ئێستە سواری ئەسپی سوورن
ئێژن لە خەتی کۆنەپەرستی دوورن
قانوون دەشکێنن بە هەموو بارێ، کەچی
بە نوێنەری قانوون و وەکیل مەشهوورن

آنانکه سوار اسب گلگون شده‌اند
از مکمن ارتجاع بیرون شده‌اند
با آنکه گرو برده به قانون‌شکنی
امروز نمایندهٔ قانون شده‌اند

بۆ کابینەی مستوفی‌الممالک

بەس قینەبەری لەگەڵ منی شەیدا کەن
حەق ناشێ نەڵێم، چونکی بە گوێی من ناکەن
زۆر زەحمەتە پیاوێکی وەکوو موستەوفی
خاوەن قەڵەم و ژیر و بەبیر پەیدا کەن

بی‌مهری اگر با من شیدا نکنید
یا کینهٔ دیرینه هویدا نکنید
با این همه عیب بهتر از مستوفی
بی‌شبهه در این محیط پیدا نکنید

گێژاوە دەوامی هەروەکوو ئێستا بێ
کەس بێکەس و ناکەس لە سەری کوێخا بێ
ئەم گێر و گرفتە چاری وا زوو نەکرێ
قەت حاڵی من و تۆ لەمە چاتر نابێ

گر دور زمانه این چنین خواهد بود
نااهل به اهل جانشین خواهد بود
بحران اگر امتداد یابد چندی
حال تو و من بدتر ازین خواهد بود

هاوکاری نەخوازم لە شنەی با و شانە
ناکاتەوە پرچی تۆ گرێی دڵ، گیانە!
تێکۆشە، بەجێمەمێنە، بێزەحمەت و ڕەنج
کێ خاوەنی گەنجە، دەردی کێ دەرمانە؟

تا چون من و شانه باد شیدا نشود
در زلف تو عقدهٔ دلم وا نشود
کن سعی و عمل پیشه که بی‌زحمت و رنج
از بهر کسی گنج مهیا نشود

زۆر کەس لە بەرەی بلیمەت و پسپۆڕان
تووشی هەڵە بوون، لە تەختە نەردا دۆڕان
پاش ئەو هەموو تاقیکارییەم نامناسن
کەوتوونەتە داوی دووشکی و دڵگۆڕان

بس هم‌نفسان نرد غلط باخته‌اند
یک جامعه را به شبهه انداخته‌اند
با آن همه امتحان هنوز این مردم
ما را به ثبات عزم نشناخته‌اند

پاشماوەیی جەم! دە ڕاپەڕن شێرانە
هەڵکوتنە سەر ئەو دوژمنە، جوامێرانە
خۆتان و خەڵک لە زوڵم و زۆر ڕزگار کەن
چەن ساڵ و عەیامە دیلە ئەم ئێرانە

ای دودهٔ جم، قیام یکباره کنید
بیچارگی عموم را چاره کنید
زنجیر اسارتی که در پای شماست
خوبست بدست خویشتن پاره کنید

چی خاوەنی کۆشکە بەرزەکانن تێرن
بۆ ماڵی وەتەن بە دەس‌درێژی فێرن
چون خێری بەلاشیان لەوەدا پێ شک دێ
خۆیان بە بەرەی وەتەن‌پەرست دەژمێرن

آنانکه بپا بنای هستی دارند
بر مال وطن درازدستی دارند
چون منفعت از برایشان بیشتر است
بیش از دگران وطن‌پرستی دارند

داخم کە جیهان بە ئێمە دڵشادی نەدا
سەربەستی ژیان و ئەمن و ئازادی نەدا
بێ‌دادگەری هۆیە کە وا عاسمانیش
بەو هەموو فوغان و دادەمان دادی نەدا

دردا که جهان به ما دل شاد نداد
جز درس غم و محن به ما یاد نداد
ای داد که آسمان ز بیدادگری
با این‌همه داد ما به ما داد نداد

ئەو پوولە کە دەیخۆن بە مفت، دەیپۆشن
خوێنی دڵی ئێمەیە کە پێی سەرخۆشن
هەر ئارەقی لاجانگ و تەوێڵی خەڵکە
دەیگرن و لە پەستا وەکوو ئاو دەینۆشن

این پول که صاحبان القاب خورند
خون دل ماست چون می ناب خورند
تا کی عرق جبین یک ملت را
بگرفته و قطره قطره چون آب خورند

ئەو شێخە ڕیاکارە کە مەی‌نۆش نەدەبوو
دارۆغەیی شاری مەست و بێ‌هۆش نەدەبوو!
تۆزکاڵێ لە بێ‌وەفایی هەموان دەدوام
گەر لێو و زمانم کپ و خامۆش نەدەبوو

گر شیخ ریا رند قدح‌نوش نبود
گر شحنهٔ شهر مست و مدهوش نبود
یک شمه ز بی‌مهری او می‌گفتم
گر مهر مرا بر لب خاموش نبود

ئەو چینە هەژارییان بە بەژنی بڕاوە
هاکا بە فەنا چوون و چرا کووژاوە
بێ‌چارەن و چارەسازی هۆز و نەتەوەن
کێ پیاوە لە دڵسووتاویا سازاوە

آنانکه لوای فقر افروخته‌اند
یکباره سوی ملک فنا تاخته‌اند
بیچاره و چاره‌ساز خلقند تمام
آنانکه به دلسوختگی ساخته‌اند

هەرگیز لە دڵم داخ و کەسەر نەبڕاوە
ئەو هەموو گرێ‌پووچکە یەکی نەکراوە
داوێنە شەڕ و دڕاوەکەم خاوێنە
بەو ئاوە نەبێ لە چاومە، تەڕ نەکراوە

یک‌دم دل من ز غصه آسوده نشد
وین عقدهٔ ناگشوده بگشوده نشد
این دامن پاک چاک‌چاکم هرگز
الا ز سرشک دیده آلوده نشد

سەر نەسوێ لە کووپە مەی، شیاوی ژانە
ئاماجی بەڵا و موسیبەتی دەورانە
وریا بە کە مەی تکایە سەر داوێنت
نەیسڕیەوە، چون پەڵەی لە داوێن جوانە

هر سر که به پای خم می سوده نشد
از دست غم زمانه آسوده نشد
هر دامن پاکی که به می شد رنگین
با آن همه آلودگی آلوده نشد

تا غیرەت و پشتی کار و لێبڕانی تەواو
یەکتر نەگرن، شپرزەیی ناچێ لە ناو
ئەم کاولە وا فەرز کە چاری نەکرێ
خۆ نابێ لەمەش پتر شپرزە و شێواو

تا جرأت و پشتکار توأم نشود
شیرازهٔ کارها منظم نشود
گیرم نشد این بنای ویران آباد
بی‌شبهه از این خرابتر هم نشود

هاکا بووە خوێن دڵم لە داخ و کەسەرێ
دواچۆڕی بە فرمێسکەوە ڕۆیشتە دەرێ
ئاسۆ فرە تاریکە، مەگەر خوا بزانێ
ئەم مەملەکەتە کاولە چی لێ بە سەرێ؟

آخر دل من ز غصه خون خواهد شد
وز روزنهٔ دیده برون خواهد شد
با این افق تیره خدا داند و بس
کاین مملکت خراب چون خواهد شد

پێم‌وا دڵی خوێناوی دەگۆڕێ، دیارە
ئەو خوێنە ڕژا، چاوی دەگۆڕێ، دیارە
ئەو ڕەنگە سیاسەتەی کە من دەیبینم
ئەم پەردە نەما باوی، دەگۆڕێ، دیارە

گفتی دل خون‌کرده عوض خواهد شد
از دیده سر آورده عوض خواهد شد
با رنگ سیاستی که من می‌بینم
یکباردگر پرده عوض خواهد شد

گیان و سەر و ماڵ بە دۆستان دەی چاکە
گەر دۆستی بەڕاستی، ئیمتیحان دەی چاکە
دۆستایەتی ناپەسندە تەنیا بە زمان
لەو بارەوە کردەوەت نیشان دەی چاکە

ای دوست برای دوست جان باید داد
در راه محبت امتحان باید داد
تنها نبود شرط محبت گفتن
یک مرتبه هم عمل نشان باید داد

قومری کە لە شۆخیی سەر و چیمەن دەدوێ
بولبول بەکوڵی گوڵە و لە گوڵشەن دەدوێ
ئەم دووانە زمانیان وەکوو یەک ناچێ، بەڵێ
هەرکەس بە زمانی خۆیەتی چەن دەدوێ

قمری سخن از سرو چمن می‌گوید
بلبل غم دل به گل چو من می‌گوید
این هر دو زبانشان یکی نیست بلی
هرکس به زبان خود سخن می‌گوید

کارێ کە پەسندە خۆتی لێ مەبوێرە
فێربوون لە جوان و پیر بە دڵ بسپێرە
تا بۆت دەکرێ بە دیقەت و تێبینی
پیاوانی بەکەڵک و وێچوو هەڵبژێرە

با عزم متین شتاب باید می‌کرد
همراهی شیخ و شاب باید می‌کرد
با دقت هرچه بیشتر در این بار
مرد عمل انتخاب می‌باید کرد

یا ڕێ ببەسین ئێمە لە دارا و نەدار
یا چارە بدۆزینەوە بۆ چینی هەژار
سەد کاری بچووک و زل دەکەین بۆ خۆمان
هیچ کاتێ نەمانکردووە بۆ خوا یەک کار

یا سد ره فقر و غنا باید کرد
یا چارهٔ درد فقرا باید کرد
صد کار برای خاطر خود کردیم
یک کار هم از بهر خدا باید کرد

ڕاز و سڕی ئەم کۆنە سەرا تازە نەبوو
جەنجاڵیی ژیان بێجگە لە ئاوازە نەبوو
ئەو بەرگە بریویەتی خەیاتی ئەزەلی
بۆ بەژنی من و تۆ هیچی ئەندازە نەبوو

اسرار سراچهٔ کهن تازه نبود
غوغای حیات غیر آوازه نبود
این جامهٔ زندگی که خیاط ازل
از بهر من و تو دوخت، اندازه نبود

ڕۆشنایی لە ئاسۆگی زەمان نایەتە دەر
تا ڕوونی وەکا یەکسەرە تەکلیفی بەشەر
بەو داخەوە دەمرم لە سەدەی زێڕیندا
ئەم مەملەکەتە تیا نییە ڕێی شەمەنەفەر

هرچند افق زمانه روشن نبود
تکلیف جهانیان معین نبود
در قرن طلائی نکند آدم روی
در مملکتی که راه‌آهن نبود

بەسرابوو بە کەزیە پێی من و دڵ دوێشەو
زۆرمان گلەیی هەبوو من و دڵ دوێشەو
وەک پرچی تۆ ئاڵۆز و پەرێشانی کرد
تاڵێک موو لە مابەینی من و دڵ دوێشەو

دیشت که به پای دل مرا سلسله بود
از دست سر زلف تو ما را گله بود
چون موی تو عاقبت پریشانم کرد
موئی که میان من و دل فاصله بود

ڕاهیب بخزێته کابە زۆر بێجایە	در کعبە برهمنی نمی‌باید کرد
هێزت نەبوو، لافی ڕۆستەمیت لێنایە	بی‌زور تهمتنی نمی‌باید کرد
کێ کاتێ بە خۆشی جێبەجێ بێ کاری	تا کار بە دوستی میسر گردد
ناخۆشی بخاتە کایە، ماخولیایە	اقدام بە دشمنی نمی‌باید کرد

موستەوفی ئەگەر جوان نەدەبوو ئاکاری	رسم و رە مستوفی اگر خوب نبود
لای چاک و خراپ پەسند نەدەکرا کاری	نزد همە کس این همە محبوب نبود
کاتی دەسەڵاتداری، لە بێگانە و خۆ	هنگام زمامداری او باید
ڕازی نەدەبوون، لە کردەوە و ڕەفتاری	از داخلە و خارجە مرعوب نبود

ڕۆژێ کە دڵی پڕ لە خەمم شادی بوو	روزی کە دل غم‌زدە را شادی بود
ئەو شادییەمان لە تیشکی ئازادی بوو	دلشادیم از پرتو آزادی بود
پێش ئەو دەمە ماڵوێران ببن چینی فەلا	زان پیش کە برزگر شود خانەخراب
پووڵزۆری لە ناو خەزێنەدا عادی بوو	از گنج در این خرابە آبادی بود

هەر ماڵە نەیئاسایی نەواییکی هەیە	این خانە دگر چو نی نوائی دارد
هەر شۆرێ لە کەللەدا هەواییکی هەیە	وز راز درون بسر هوایی دارد
هیچ بەرگێ لە بەر سیاسەتا کۆن نەبووە	یکسان نبود وضع سیاست دایم
وای عادەتە، هەر ڕۆژی کەواییکی هەیە	هر روز سیاست اقتضائی دارد

هەر ماڵێ کە قەت بێخەم و ماتەم نەبووە	هر خانە کە شادیش بجز غم نبود
وێرانەیە، ئاوەدانی یەک دەم نەبووە	ویرانی آن خرابە پر کم نبود
نەخشی دەر و دیواری هەموو بێکەڵکە	نقش در و دیوار ندارد حاصل
خانوو کە لە بنچینەوە مەحکەم نەبووە	از بهر عمارتی کە محکم نبود

چشتێکە کە بە ڕاستی بەژنی ڕازاوەتەوە؟	در راستی آنکە بی‌کم و کاست بود
دەنگی قەد و باڵای لە جیهان داوەتەوە؟	سرسبز و سرافراز بهر جاست بود
ئەو قیت و لەبارە داری سەروە، کە بە هۆی	دانی زە چە سرو سرافراز است بە باغ
زۆر ڕاستی سەربەرز و تەرز ماوەتەوە	از آنکە بلند همت و راست بود

هەر جۆرە گوڵێ کە بۆنی یەکڕەنگی هەبێ
لام وایە گەلێ هۆگر و هاودەنگی هەبێ
بۆم هەڵکەوێ بێمە باخی گوڵ وەک بولبول
بۆن لەو گوڵە ناکەم کە هەزار ڕەنگی هەبێ

هر گل که ز یک‌رنگی خود بو دارد
در باغ هزار تهنیت‌گو دارد
روزی که به چمن اگر درآیم چو هزار
من بو نکنم گلی که صد رو دارد

ئاغای ڕەئیس‌نەزمییە چی پێ‌نەگەیی
لای میر و وەزیر کردی لە "تۆفان" گلەیی
گەل دادی لە دەس خاریجە بوو دوێ، ئیمڕۆ
خۆماڵی دەمانکرۆسنەوە بێ‌بەزەیی

وستال[1] پی دفاع دل یک‌دله کرد
پس پیش وزیر و شه ز طوفان گله کرد
دیروز فغان ما گر از خارجه بود
امروز رواست شکوه از داخله کرد

خێزانی بەشەر، پاکی لەسەر ئەم خوانەن
دیلی دەسی ئەو دەوڵەتە ناپیاوانەن
ئەی خەڵکی جیهان! دەوڵەتەکان زۆر پەستن
سەرپاکی چەتە و ڕێگری ئەم کاروانەن.

ابناء بشر جمله ز یک عائله‌اند
وز حرص دُوَل مُدام در غائله‌اند
از آز دول الحذر ای اهل جهان
کانها همه رهزنان این قافله‌اند

ئەو تیپە خەڵک پێری لێیان ڕەنجاون
دوێ گشتی بە بێگانەوە پێ بەستراون
ئەندامی گرینگی دەوڵەتی بوون دوێشەو
ئیمڕۆکە بە نوێنەری خەڵک ناسراون.

آنانکه پریر قلب ما را خستند
دیروز قرار با اجانب بستند
دوشینه یگانه عضو دولت بودند
امروز نماینده ملت هستند

کەس نەبووە بە هۆی پارە بە پێغەمبەری خوا
کەی بوون و نەبوونە هۆی نەمانی دەعوا
کێشە و قڕە کەم نابێ لەناو چینی مرۆ
تا قیمەتی کاتودەم وەکوو یەک نەڕوا.

ثروت سبب وحی سماوی نشود
با فقر و غنا قطع دعاوی نشود
هرگز نشود بین بشر ختم نزاع
تا قیمت اوقات مساوی نشود

پێت‌خۆشە بکەی دەردی هەموو کەس چارە
ئیش بەو کەسە خۆماڵییە، ڕاوێژکارە
بسپێرە، کە ئەو وەزیفەناسی بەڵەدە
دۆستانە لەگەڵیا بدوێ جارجارە

گر درد عموم را دوا باید کرد
با کوشش مستشار ما باید کرد
اما ز ره پند نصیحت گاهی
او را به وظیفه آشنا باید کرد

[1] وست‌داهلی سوئێدی، سەرۆکی شارەوانی بووە.

ئەو دڵبەرە نەشمیلانە پیریان کردم
نامۆ لە دڵ و لە دین زویریان کردم
وەک خاڵی ڕەشی گۆشەیی لاجانگ و برۆ
داماو و کەنەفت و گۆشەگیریان کردم.

شادم که پری‌رخان غمینم کردند
یغمای دل و غارت دینم کردند
چون خال سیاه گوشه‌ی ابروی خویش
ناکرده نگه گوشه‌نشینم کردند

ئەی تاقمی پڕفیز و هەوا! ڕەحموو هەبێ
بۆ چینی هەژار و بێنەوا ڕەحموو هەبێ
دەرهەق بە کرێگرتە کە بەندەی ئێوەن
زۆر بێبەزەیین، لە ڕێی خوا ڕەحموو هەبێ

ای دسته‌ی پابند هوی رحم کنید
بر مردم بی‌برگ و نوا رحم کنید
مستأجر اگر بنده‌ی مزدور شماست
بر حالت او بهر خدا رحم کنید

کینە و غەزەبە دروشمی ئاڵای گەردوون
ئاژاوەیە ڕۆژهەڵاتی داگرتووە پتوون
داماوە لە گۆمی خوێن پەری سوڵح و سەفا
کەوتۆتە هیلاکەت و مەترسی قومبوون.

بر بام فلک بیرق کین برق زند
آشوب صلا بر ملل شرق زند
در لجه‌ی خون فرشته‌ی صلح و صفا
افتاده و داد از خطر غرق زند

پەیکانی موژەت لە خوێنی دڵدا سوورە
تێکنانی برۆت پڵنگی قینئەستوورە
پارێز کە لە ناڵەم کە دڵی ئاسنی تۆ
چی نەرمی دەکا؟ مەگەر بڵێسەی کوورە.

چشم تو خدنگ سینه‌دوزی دارد
خشم تو پلنگ کینه‌توزی دارد
هرچند بود دل تو چون آهن سخت
پرهیز از آن ناله که سوزی دارد

ئاخ بێجگە لە ڕەنگی ئاشتی ڕەنگ نەدەبوو
بێپارە بە دەس لۆردەوە دڵتەنگ نەدەبوو
جێگیر دەبوو ئاشتی لە ناو چینی بەشەر
سەرمایە کە هۆی تەجاوز و جەنگ نەدەبوو

ای کاش که جز رنگ صفا رنگ نبود
مسکین ز غنی این همه دلتنگ نبود
در بین بشر صلح و صفا داشت دوام
سرمایه اگر مسبب جنگ نبود

هەرکەس لە دڵا مەراق و داخێکی هەیە
کەی مەیلی گوڵ و گەڕانی باخێکی هەیە
بێکەیف و دەماخم کە لە ژوور نایەمە دەر
خۆزگەم بەوە کاتی گوڵ، دەماخێکی هەیە

هر کس که به دل چو لاله داغی دارد
کی میل گل و گردش باغی دارد
ما گوشه‌نشین ز بی‌دماغی شده‌ایم
خوش آنکه به فصل گل دماغی دارد

ئەو ڕەئیە بە زەبری زێڕ و زیویان هێنا
ئاهی دڵی مەزڵووم و هەتیویان هێنا
سندووقی لەواسان بوو کە چاودێرەکان
بۆ دەردی، دوکتۆری فریویان هێنا.

هر رأی که با دادن سیم آوردند
آه دل مسکین و یتیم آوردند
صندوق لواسان چو بسی بود علیل
نظار برای او حکیم آوردند

ئەو شوێنە کە زێڕ و زیوی لێ ببڕێ لەناو
قەد لۆردی تەڵاپەرست خەوی ناچێتە چاو
ئەو دوورگە کە هەر ئاگری لێ هەڵدەستێ
ئاخ خۆزگە بە دەم باوە بکەوتایەتە ئاو.

هرجا سخن از سیم و زر ناب رود
کی لُرد طلاپرست در خواب رود
ایکاش که این جزیرەی آتش‌خیز
خاکش ز نزول باد در آب رود

کێ گۆشەنشین مایەوە زۆر دڵتەنگە
داخ و کەسەر و دەرد و خەمی هاودەنگە
قەیرانی هەوەڵ دەورە درێژخایەن بێ
حاڵی من و تۆ خراپتریش بێڕەنگە

جان چند گهی گوشەنشین خواهد بود
دل مشعل آه آتشین خواهد بود
گر طول کشد دورەی فترت چندی
حال تو و من بدتر از این خواهد بود

کاتێ مەلیکێ هەوای مڵک دای لەسەری
پێی نا لە وەفا، بەرگی جەفای کردەبەری
هێندەی لە کرێگرتە زوڵم کرد تاکوو
وەک مالیکی دۆزەخ هەموو لەرزین لەبەری

در مسلک مالک ملکی سالک شد
از عشق به ملک آن ملک هالک شد
آورد فشار چون به مستأجر خویش
نامش بر زبان دوزخی مالک شد

دڵ جۆش و خرۆشی ڕاپەڕینی تیایە
ئەو شێتە گەلێ قسەی حیسابی لایە
ئێژێ چ دەزانێ ئەوی کەوچک بە دەسە
وا دیارە سەری دیار نییە ئەم هەودایە

دل زمزمەهای انقلابی دارد
در عین جنون حرف حسابی دارد
گوید که ز چیست مستشار بلدی
این‌طور سر خانه خرابی دارد

ماڵت هەیە خۆتی پێ لە دوژمن لادە
بەو سەروەتە پێی ببەستە، دەستی بادە
زۆرداری قەوی بە قەند بخنکێنە برا
تا بۆ شەڕی ئابووری بی ئامادە

گر ما و تو را دفع اعادی باید
وز دشمن خود قطع ایادی باید
با خصم قوی به حالت صلح و صفا
آمادەی جنگ اقتصادی باید

پێم سەیرە، ئەوەی کە دەستەڵاتی زۆرە
ژێردەستی ئەون تەواوی سۆرە و تۆرە
نازانێ ئیدارە گشتی هۆی بەدبەختین
بۆ ئەم گەلە پیشەیان کە زوڵم و زۆرە

آن راکه نفوذ و اقتدار بود
در دست تمام اختیارات بود
از چیست ندانست که بدبختی ما
یکسر ز خرابی ادارات بود

سەرمایەیی پارەدار ئەگەر کار دەکا
سەرپاکی بە دەستی کاریگەر کار دەکا
گیانم بە فیدای دەستوپلی خوێناوی
بۆ بەختەوەریی چینی بەشەر کار دەکا

سرمایه‌ی اغنیا اگر کار کند
با زحمت دست کارگر کار کند
جانم به فدای دست خون‌آلودی
کز بهر سعادت بشر کار کند

بۆ کابینەی (مستوفی الممالک)

ئاواتی گەلە کابینە زوو سەر بگرێ
بێدادی بە هێزی عەدڵ و داد دەربکرێ
تەشکیل بدرێ بەڵکوو بە گوێرەی یاسا
کێ مافی خوراوە مافی خۆی وەربگرێ.

گویند که کابینه چو تشکیل شود
بیداد به عدل و داد تبدیل شود
ما نیز همه به سهم خود منتظریم
کاین وضع جگرخراش تعدیل شود

پێریکە ئەوی خزمەتی بۆ دوژمن بوو
دوێ کاری بە ناکەس بوو، کەسی لێ ون بوو
ڕۆژی گەشی ئاوات و هیوای ڕەش کردین
ئیمڕۆکە شوکور دوچاری دەردی من بوو

آنانکه پریر با عدو یار شدند
دیروز به اغیار مددکار شدند
آماده چو کردند سیه‌روزی ما
امروز به روز ما گرفتار شدند

هاتبایەوە خۆزگە باوی بەیت و باوم
بکرایەوە ئەمجارە دەمی بەستراوم
تا ئەم دڵە شێتە لای خەڵک هەڵڕێژێ
زووخاوی دەروونی پڕ لە جۆش و تاوم

ایکاش مرا ناطقه گویا می‌شد
یک لحظه دهان بسته‌ام وا می‌شد
تا این دل سودازده‌ی پرده‌نشین
بی‌پرده میان خلق رسوا می‌شد

سەرمایە لە دەسچوو، تاجران لێکەوتن
نابوتی یەکی خستن و یەکجێ کەوتن
دەسگرتنی چی تازە، چییان پێوە نەما
ژێر باری قەرز بوون، لە دەسوپێ کەوتن.

تجار ز فقر ناشکیبا گشتند
بی‌چیز و گدا ز پیر و برنا گشتند
دیگر چه ثمر ز دستگیری، وقتی
کز فقر عمومی همه بی‌پا گشتند

دەردی مە بە بیری نوێ دەوا کەن چاکە
ئەم باوە کە زۆر کۆنە، ڕەها کەن چاکە
پێویستە بە شەللاق و شەقەزلەی قانوون
ئێمەش بە وەزیفە ئاشنا کەن چاکە

فکر نوئی از برای ما باید کرد
وین شیوەی کهنه را رها باید کرد
با زور مجازات و فشار قانون
ما را به وظیفه آشنا باید کرد

ئەو بادە لە بێ‌خودی خەڵک نۆشی دەکا
یا گوێی لە قسەی ناکەسە دڵخۆشی دەکا
ئاکامی چییە، عەیب و هونەر نابینێ
گەر چاک و خراپی دی، فەرامۆشی دەکا.

ملت چو شراب بی‌خودی نوش کند
یا پند معاندین خود گوش کند
هر عیب و هنر دید نمی‌آرد یاد
هر خوب و بدی دید فراموش کند

دوژمن کە بە شوێن دوژمنییا عەبداڵە
بێگانە کە بە زیانی خەڵک خۆشحاڵە
خۆی دۆستی گەلان نیشانئەدا دەولەتی ڕووس
درگاشی لە دۆستەکانی داون گاڵە

دشمن پی دشمنی کمر می‌بندد
بیگانه ره نفع و ضرر می‌بندد
گر دعوی دوستی کند دولت روس
کی دوست به روی دوست در می‌بندد

یەکتر بگرن کار و تەقەللای کوڕوکاڵ
خۆش ڕادەبرێ بۆ هەموو کەس مانگ و ساڵ
شارداری بە بوودجەی تەسەل و کۆششی خەڵک
نایمێنێ کەموکووڕی، تەواو دێتەوە حاڵ

گر رشتەی سعی و کار پیوند شود
افکار عموم شاد و خرسند شود
با بودجەی کافی و جدیت ما
باید بلدیه آبرومند شود

ئاخ خۆزگە لەسەر زمانی گەل مۆر نەدەبوو
دارۆغە لە حەد بەدەر جەفای زۆر نەدەبوو
نەختێک دەدوام لە باسی بێ‌قانوونی
نامەم کە زەلیل و دیلی سانسۆر نەدەبوو

ای کاش به شهر شحنه را زور نبود
ملت ز فشار ظلم مقهور نبود
یک شمّه ز قانون‌شکنی می‌گفتم
گر نامەِ ما اسیر سانسور نبود

دوێ دوەڵەمەنێک زێڕی وە سەریەک نابوو
شەو ئاگری فیتنەی لە خەڵک بەردابوو
ئیمڕۆکە بە چاوی عیبرەتی تێفکریم
سەر تا بە قەدەم هەر وەکوو شەم سووتابوو

دیروز توانگری زر اندوخته بود
دوشینه به دهر آتش افروخته بود
امروز به چشم عبرتش چون دیدم
چون شمع ز سر تا به قدم سوخته بود

ئەو ڕۆژە لە ئاسمان و زەوی هیچ نەبوو
هەر تاعەتی خوا، بێجگە لەوی هیچ نەبوو
ڕێی ڕاست و دروستی مەعریفەتمان پێوا
هەوراز و نشێو، بەرز و نەوی هیچ نەبوو

آن‌روز که در ارض و سما هیچ نبود
جز طاعت حق مرام ما هیچ نبود
ما راهرو طریق عرفان بودیم
آن‌روز که نام (رهنما) هیچ نبود

ئازادی بڕێک لە چارەیان نووسراوە
باقی دی هەموو مریشکی پێ‌بەسراوە
وێژەر لە چ بدوێ، هەموو گوێی بۆ دەگرن
چون ناوی لە مەجلیسا بە زل ناسراوە

آزادی اگر تیول یکدسته نبود
ملت ز دو سر چو مرغ پابسته نبود
از ماهی برجسته نمی‌رفت سخن
در مجلس اگر ناطق برجسته نبود

کێ بیری نەخۆشە، ساخ و سالم نابێ
مەحکوومی خەڵک، شیاوی حاکم نابێ
هاوار و هەرا تازە بە پووڵێکە برا
ئەو خائینە خۆپەرەستە خادم نابێ

فکری که سقیم گشت سالم نشود
محکوم به حکم غیر حاکم نشود
گر داد کنی و گر نمائی فریاد
آن خائن خودپرست خادم نشود

زنجیرەیەکن، لە هۆزی بێ‌خێرانن
میعماری سەرای مەملەکەتی وێرانن
بەو سەروەتی وا زۆر و زەوەند تێر نابن
بە نیازی کڕۆستنەوەی گەلی ئێرانن

آن سلسله‌ای که از امیران هستند
معمار در این سرای ویران هستند
از چیست که با ثروت هنگفت مدام
اندر صدد غارت ایران هستند

ئازادیی ژیان کەسانێ دابینیان کرد
حەزیان لە ڕژانی خوێن و ئەسرینیان کرد
حەقیانە لە ناو گەلان بە سەربەستی بژین
ئەو قەومە کە ڕاپەڕینی خوێنینیان کرد

آنانکه ز خون دو دست رنگین کردند
آزادی حق خویش تأمین کردند
دارند در انظار ملل حق حیات
آن قوم که انقلاب خونین کردند

تۆفانی مە خوا دەکا دەسی بەرخۆ دێ
لەو دەستە نەجاتی بێ کەوا تێی ڕۆدێ
ئەو کاتە لە سوورایی کەڵێشە، خائین
خۆ لادە لەوێوە بۆنی خوێنت بۆ دێ

طوفان که از توقیف برون آید
جان در تن ارباب جنون آید
زین سرخ کلیشه کن حذر ای خائن
اینجاست که فاش بوی خون می‌آید

ئەو میرە لە ناو دڵی خەڵک جێگیرە
ئاگای لە منداڵ و گەنج و لاو و پیرە.
کێ ئەتڵەسی پۆشی، خوێنی خەڵکی نۆشی
بڵح و چەپەڵە، هەموو کەسی لێ زویرە

آن میر که جا در اطلس و قاقم کرد
در جامعه خوش‌نامی خود را گم کرد
دانی که بود به چشم مردم محبوب
هرکس که نگاهداری از مردم کرد

چی هۆیە کە ئێوە فیتنە هەڵدایسێنن
ڕستەی یەکەتی و برایەتی دەپسێنن
ئەی تاقمی ڕێوی خەسڵەت و چەوت و چەوێڵ
ناکا بە نهێنی تەرحی نوێ بڕژێنن؟!

از چیست که باد فتنه انگیخته‌اید
وین رشته‌ی اتحاد بگسیخته‌اید
ای دسته‌ی کهنه‌کار افسونگر رند
گویا که دگر طرح نوی ریخته‌اید

هاواری نییە دڵم لە ژێر باری خەما
گەش نەبووە لە خۆشحاڵی بڕێ کات و دەما
وەک ڕۆستەمە نێوبانگی لە ئازایەتییا
کێ پشتی لە ژێر تەوژمی ماتەم نەچەما

هرگز دل من شکایت از غم نکند
شادی ز مسرت دمادم نکند
دانی که بود مرد هنرپیشه‌ی راست
آن کس که ز بار غم کمر خم نکند

هۆی جەهل و نەزانینە کە دڵ ناشادە
خۆشیت گەرەکە، لە خۆپەرستی لادە
یاسای تەقوڕەو لەدەس زوڵم پێویستە
پێویستی مرۆ پتر بە عەدڵ و دادە

گر بر دل ما گرد ملالت باشد
آن گرد ملال از جهالت باشد
قانون مهاجرت بود لازم لیک
لازمتر از آن بسط عدالت باشد

گەردوونە چ ئیمڕۆکە، چ پێرێ و دوێنێ
شادی لە دڵێک بخا، سەتان دەشکێنێ
چون کاری فریودانە لە هەر ئانێکا
دەتوانێ بە هەرچی ڕەنگە خۆی بنوێنێ

این چرخ برین که سرافرازی دارد
بر جنس بشر دست درازی دارد
با پرده‌ی دلفریب پر نقش و نگار
یک لحظه دوصد هزار بازی دارد

چون خەڵکی وڵاتەکانی‌تر هوشیارن
زۆربەی بە ڕچەی مەعریفەتا ڕێوارن
پاریز لە نەزانین و ڕەچاو کردنی نەزم
بۆ میللەت و مەملەکەت بناغەی کارن.

در کشور دیگران که بیداری بود
از علم چو سیل معرفت جاری بود
تعلیم عمومی و نظام اجباری
این هردو اصول مملکت‌داری بود

زانیوتە بە تیری تۆ چلۆن کوژراوم
سەرپاکی دڵم خوێنە وەها پێکراوم
ئەو خوێنە بە فرمێسکەوە شەوگاری درێژ
دەتکێتەوە تکتک لە گلێنەی چاوم.

دانی که دل‌غمزده چون خواهد شد
پا تا به سر از دست تو خون خواهد شد
و آن خون‌شده قطره قطره در شام فراق
از روزنه‌ی دیده برون خواهد شد

ئاخ پەردە لەسەر نهێنی دڵ لاچووبا
میر خۆزگە قسەی هەقی بە گوێدا چووبا
هەر جۆرە سیاسەتێ کە دەوڵەت هەیەتی
ژێر لێچ نەخرایە، بۆ گەلیش ڕوون بووبا.

ای کاش که راز دل مبرهن می‌شد
مقصود و مرام ما معین می‌شد
هرگونه سیاستی که دارد دولت
تا حد لزوم صاف و روشن می‌شد

بۆ (منصور السلطنه) لە وەزارەتی داد

عەدڵییە کە مەشهوورە بە جێی عەدڵ و داد
ئەی بۆچی کەسێ دادی لەوێ نایەتە یاد؟
هاوارە لە دەس عەدڵیەیی مەنسووری
ئەم خەڵکە هەموو زاڵەیەتی، کوا دڵی شاد؟

عدلیه که داد باید از داد کند
از چیست که جای داد بیداد کند
ای داد که از عدلیه‌ی منصوری
بر هر که نظر بیفکنی داد کند

قودرەت لە دەسی حاکمی زاڵمدا بێ
عەدڵییە بە موو عەداڵەتی تیا نابێ
حوکمێ کە درا بە سوودی یەکدەستە زەعیف
چون دەستی قەوی تێدایە، ئیجرا نابێ.

گر عامل جور حاکم ما نشود
در عدلیه ظلم حکمفرما نشود
حکمی که بود بر له یک‌مشت ضعیف
تا دست قوی قویست اجزا نشود

وریا بە لە تۆ نەکەونە شک ئەهلی یەقین
چی هەق بوو بزر نەبێ لە چاوی هەقبین
بێ‌بەڵگە لەناو مەحکەمەدا سووچ و خەتا
نەخرێتە مل ئەو کەسانە تاوانبار نین

خوش باش که ارباب یقین شک نکنند
از لوح ضمیر نام حق حک نکنند
اثبات گناهان خطاکاران را
در محکمه بی منطق و مدرک نکنند

کێ ئەهلی خەتایە، بیکەن ئامۆژگاری
گوێ‌بیس نەبوو، بەر چاوی بخەن ئاکاری
تاوانی کە هاتە پێ بە گوێرەی یاسا
جورمی چ بوو، دادگا بدا بڕیاری

اول به خطاپیشه مماشات کنید
قانع چو نشد خطایش اثبات کنید
اثبات چو شد خطا به حکم قانون
بر کیفر آن خطا مجازات کنید

ڕێو ڕەسمی دزێو بێحەدە لەم نێوە، چ چار؟
گیانم بە مەراقەوە نزیک لێوە، چ چار؟
دارماڵە ولاتم لە درنج و جن و دێو
یارەب لەگەڵ ئەم هەموو جن و دێوە چ چار؟

با این ره و رسم بد چه می‌باید کرد
بگذشته بدی ز حد، چه می‌باید کرد
پر گشته محیط ما ز دیو و دد و دام
با اینهمه دیو و دد چه می‌باید کرد

هەرکەس کە شەڕابی بێهەقیقەت نۆشی
چاوی لە هەموو بەڵێن و وەعدەی پۆشی
چی هەق بوو وتم، بەڵام بەداخم دەوڵەت
هەق ناژنەوێ لێم، کپە هۆش و گۆشی

هرکس می بی‌حقیقتی نوش کند
هر قول که می‌دهد فراموش کند
یک رشته حقیقت آشکارا گفتم
گر دولت ما به حرف حق گوش کند

کێ پیاوە برا، پەردەیی تاوان بدڕێ
ئەسرینی بەتینی دڵشکاوان بسڕێ
خۆ باوێتە عەدڵییە، بە شۆشکەی قانوون
دەستی ڕەشی ناپاک و گلاوان ببڕێ

آن کیست که پرده‌ی خطا چاک کند
آسوده و شاد جان غمناک کند
با حربه‌ی برنده‌ی قانون امروز
از عدلیه قطع دست ناپاک کند

هەر ئەو کەسە خۆی تووشی خەتاکاری کرد
بیری گەل و ڕای گشتی خەتاباری کرد
بێگانەپەرست وەکیلی بوون، لەو داخە
خۆی هەرچی خەتای کردبوو، ئیقراری کرد

آن اهل خطا که با خطاکار نمود
با کار خطا شبه در افکار نمود
بر رغم مدافعین بیگانه پرست
آخر به خطای خویش اقرار نمود

ئەو تاقمە هێند خەزێنەیان کرد تالان
حۆجەی بە نەیارە گەل، هەموو دەس والان
ئازان لەوە کاری دەوڵەتی حەڕاج کەن
ئاکاری سەران بۆتە گەمەی مندالان

آنانکه ز بس خزانه تاراج کنند
ما را به عدو ز فقر محتاج کنند
دیگر ز چه شغل دولتی را داریم
با چوب هوای نفس حراج کنند

خوێن دێ لە برینی دڵ، بە تیری ناکەس
کوشتوومی تەشەر، جەرگی بڕیم تانەی کەس
دۆستانی قەدیمی زانییان من شێتم
کردیانمە دەرێ لە جەغزی یاران، بە هەوەس

افسوس که دشمنان دلم خون کردند
یاران کهن محنتم افزون کردند
ما را رفقا به جرم دیوانه‌گری
از دایره عاقلانه بیرون کردند

ڕۆژێ سەفی دوژمنان ئەشێ بشکێنی
بێپسانەوە زەبری گورچووبڕ بنوێنی
ڕۆژێکیتریش پاشەکشەت پێویستە
بۆ هێرشی توند بەڵکوو بیانخافڵێنی

روزی به نبرد صف شکستن باید
بر خصم ره فرار بستن باید
روز دگری به قصد حملەی سخت
از موقع خود عقب نشستن باید

شێرانە وەخۆ کەون، نەبێ ترسوو لە مەرگ
بۆ جوانی، پڵنگ کەوڵ کەن و بیکەنە بەرگ
هەر گورگ و دڕندەیەک بە نێزەی تۆڵە
ورگی چەپەڵی هەڵبدڕن تا دڵ و جەرگ

خیزید و چو شیر شرزه اقدام کنید
خفتان پلنگ زیب اندام کنید
هرجا نگرید گرگ خونخواری را
با حربەی انتقام اعدام کنید

پەسند کرانی کابینەی (قوام السلطنه)

خۆش باوەڕی تۆ لە سستی بیروڕاتە
شادی بە کەسانیتر، دڵی خۆت ماتە
پێتخۆشە وڵاتەکەت لە هیچ دوا نەکەوێ
پەیمانی لەگەڵ نوێ کەوە، ئێستا کاتە

ای سستعقیده، سخت شادی دیگر
خرسند ز رأی اعتمادی دیگر
خواهی چو برادرت مهیا سازی
از بهر وطن قراردادی دیگر

پێم هیچ نییە دەرکردن و هێنانی وەزیر
لەجیاتی تەمێی سەخت و سزادانی وەزیر
هەر بۆیە ئەشێ لە پارڵەمان داوا کەین
قانوون بکرێ بە ئافەتی گیانی وەزیر

از بهر مجازات و مکافات وزیر
قانع نشوم به نفی و اثبات وزیر
این است که از پارلمان باید خواست
بگذشتن قانون مجازات وزیر

فەرقی نییە لای تۆ قولەزەنگی و حۆری
ناکەی شەوەزەنگ، جیا لە تیشکی خۆری
هاواری خەڵک ناژنەوی، دیارە کەڕی
چاوت لە ڕووناکی نییە، مەعلووم کۆری.

ای غافل نشناخته زنگی از حور
وز جهل نداده فرق ظلمت از نور
عالم همه پرصدا ولی گوش تو کر
دنیا همه با ضیا ولی چشم تو کور

بۆ (سردار سپه)

باسێ کە نەدرکاوە، نهێن بێ چاتر
ڕازی نەزڕاو بێسەر و شوێن بێ چاتر
بۆ کاربەدەسانی مووچەخۆر، سەرمایە
پۆستێکی گرنگ و پڕ ڕمێن بێ چاتر

اسرار نهفته گر نگفتی بهتر
وین راز نگفته گر نهفتی بهتر
کز بهر زمامدار امروزی نیست
سرمایەای از پوست کلفتی بهتر

بۆ یارمەتیدەری وەزارەتی دادپەروەری

ئەم خانوە ڕەش و شپرزە تا نەفخی سوور
وەک کوندەبەبوو نیشتووە تێیدا مەنسوور
زوڵمییە لە ئەسڵایە، بە ناو عەدڵییە
ناویانە بە حۆقە ناوی زەنگی، کافوور

این خانه‌ی ویران که تا نفخه‌ی صور
چون جغد کند در آن نشیمن منصور
عدلیه بود به اسم و ظلمیه به رسم
برعکس نهند نام زنگی کافور

وەربگرە لە پیر تەجرەبە ئەی لاوی دلێر
دەربێنە لە چنگی پاڵەوانان شمشێر
گەر مافی ڕەوای تۆ لە دەمی شێردایە
بستێنە بە زەبری شێر، ئەوی مافە لە شێر

ای مرد جوان، تجربه از پیر بگیر
در دست یلی قبضه‌ی شمشیر بگیر
حق تو اگر در دهن شیر بود
با جرأت شیر از دهن شیر بگیر

"تۆفان" وەکوو نەی ببیە نەوایی تەورێز
خوێن بگری لە تاوی بێ‌نەوایی تەورێز
وەک چەنگ و ڕوباب و نەی بناڵێنە بەسۆز
بدوێ لە پەرۆشی نەینەوایی تەورێز

طوفان بشنو چو نی، نوای تبریز
وز دیده ببار خون برای تبریز
تا جبهه‌ی نای وقامت چنگ چو نی
کن ناله برای نینوای تبریز

سندووقی قفڵدراو دەری کریاوە
پڕ بوو لە گەمە و حەشر و هەڵا ئەم ناوە
ئارای گەلە وا بۆتە مەلی بەختەوەری
کێ نیشتە سەری، بەبەختە، خواپێداوە

صندوق دهن‌بسته درش چون شد باز
افکند میان این و آن غلغله باز
آراست فقط طایر اقبال و همه
گویند به فرق ما نشیند این باز

ئەی دڵ لە شەقامی هەق هەڵێ و مەترسە
شوێن ئەو کەسە بگرە هەق دەڵێ و مەترسە
پاکی بکە پیشەت، وەکوو تۆفان بە، لەلای
بێگانە و خۆیی هەق بڵێ و مەترسە

ای دل تو همیشه راه حق پوی و مترس
با مسلک حق رضای حق جوی و مترس
کن پیشه‌ی خویش پاکی و چون طوفان
با داخله و خارجه حق گوی و مترس

شەو بێچووە فەلایێکی کرێکار و کەساس
هاتبووە کنم تاوێ، شرۆڵ و پێخواس
ڕازی بوو لە هێزی شان و دەست و چەکوشی
شوکرانەبژێری مەچەک و باسک و داس

دهقان پسر کارگری کهنه لباس
آمد پی دعوتم ز شب رفته دوپاس
با پای برهنه راضی از دست و چکش
با فرق شکسته شاکر از باز و داس

شازادە کە بوو بە حاکم و ڕابەری فارس
خوێنڕێژی بەجارێ گرتی سەرتاسەری فارس
فارسی هەموو کردە ژێرچەپۆکەی سواران
ئەی داد، بە فارسی لە دەس ڕابەری فارس

شهزادەی آزاد چو شد حارس فارس
خونریزی و اغتشاش شد جالس فارس
بس تاخت بە فارس از رە جور فرس
ای وای بە فارسی از این حارس فارس

لەم مەملەکەتەی مە ڕاپەڕین پێویستە
ورگی دژی نیشتمان‌دڕین پێویستە
بۆوەی کە سبەی بە سەر مەبەستا زاڵ بی
ئیمڕۆ هەڵومەرجی ڕێبڕین پێویستە

در مملکت انقلاب می‌باید و بس
وز خون عدو خضاب می‌باید و بس
خواهی تو اگر شوی موفق فردا
امروز دگر شتاب می‌باید و بس

وەک گوڵ نیە دڵ نیازی بە ڕەنگ و بۆ بێ
ناوی گەرەکە پەسندی خزم و خۆ بێ
فرمێسکی گەشی مەبەستە، نەک ناڵە و ئاه
بۆ ئابڕوو بەو هیوایە بەڵگە و هۆ بێ

گل نیست دلم کە رنگ‌وبو خواهد و بس
در باغ چو من نام نکو خواهد و بس
با خاک نشینی نکند نالە و آه
از دولت اشک آبرو خواهد و بس

گوێ کپ‌کە لە کێشە و چەقەچەق، دڵخۆش بە
هەرچۆنی زەمان گۆڕی وەرەق، دڵخۆش بە
وەک دوێکە بە نوێنەری نەناس دڵخۆش بووی
ئیمڕۆکە بە کابینەیی لەق دڵخۆش بە

با کجروی خلق جعلق خوش باش
با کشمکش گنبد ازرق خوش باش
دی با سیە و سفید اگر خوش بودی
امروز بە کابینەی ابلق خوش باش

نەورۆزە کەوا پێ‌وقەدەمی پیرۆزە
کوڕگەل هەموو سەرخۆشن و شادیی هۆزە
تۆفانە سەمیمانە پیرۆزبایی دەکا
پێشکەش بە کەسێ بۆ گەلەکەی دڵسۆزە

امروز کە گشتە هر غمینی دلخوش
وز مقدم نوروز جهان مینو وَش
تبریک صمیمانە خود را طوفان
تقدیم کند بە تودەی زحمتکش

من نیم بە تەنێ، خەمڵەبەر و دڵ بە پەرۆش
لەم کاولە جیهانەدا نییە کەس دڵی خۆش
کامی بە ڕواڵەت کەمەکێ شاد و گەشە
دارماڵە دەروونی لە مەراق و کوڵ و جۆش

تنها نە منم غمین برای دل خویش
کس نیست کە نیست مبتلای دل خویش
آن را کە تو شادکام می‌پنداری
او داند و درد بی‌دوای دل خویش

ئەی نووکی قەڵەم لە شوێن هەقیقەت وێڵ بە
تا خوێنی دڵت قووتە، هەقیقەتکێڵ بە
گەر سەرت ببڕن لەسەر هەقیقەتوێژی
لێی لامەدە، لای دوژمن و دۆس بێفێڵ بە

ای خامەی راسترو حقیقتجو باش
با خوردن خون دل حقیقتگو باش
گر سر ببرندت ز حقیقتگوئی
با دشمن و دوست یکدل و یکرو باش

لەم جەنگەڵی دەورانە پڵنگ و شێر بە
لای ئەهلی هونەر، هونەرنوێنی فێر بە
شەو دڕکی جەفا بچێ بە دڵتا لە چەمەن
وەک خونچەیی بەربەیان گەش و زەنوێر بە

در بیشەی دهر، شیر بادندان باش
همپیشەی پنجەی هنرمندان باش
گر شام کند خار چمن خون بەدلت
چون غنچەی صبحدم دمی خندان باش

ئەی دۆستە عەزیزەکەم لە شەڕ کەم بدوێ
وەک گوڵ بە، لە ڕێی ئاشتیخوازان بڕوێ
دۆستانە لەگەڵ کەسێ ژیابی، تاوێ
لەو دۆستە بە موو لامەدە، تا بۆت بلوێ

ای دوست بەفکر جنگجوئی کم باش
در صلح عمومی علم عالم باش
با هر کە زنی لاف محبت یک روز
مردانە و ثابتقدم و محکم باش

داخ و کەسەری زەمانە هێزت نەبڕێ
لالووتیی فەلەک، خەفەت بە بەژنت نەبڕێ
گەردوونی چەوێڵ ئەگەر بشتدا لە زەوی
وریا بە بە گێژ و حۆلی ناوت نەزڕێ

از درد و غم زمانە افسردە مباش
وز کجروی سپهر آزردە مباش
وز گردش آسمان زمینت بزند
چون مردم سرگشتە کلەخوردە مباش

شەو ناومەتە بەرپێی گوڵی ڕەعنا، سەری خۆم
دێراومە چەمەن بە ئاوی چاوی تەڕی خۆم
ئەوسا وەکوو مەل، لە ناو قەفەسدا بە مەراق
خۆم خستەوە بن سێبەری باڵ و پەڕی خۆم

در پای گلی شبی نهادە سر خویش
دادم بە چمن آب ز چشم تر خویش
آنگاە چو مرغ، در قفس با اندوە
کردم سر خویش را بزیر پر خویش

نوقمی زەلی فێڵبازییە مەنسوورولمولک
هەم مفتییە، هەم قازییە، مەنسوورولمولک
کێ زۆری لە دەس هەراس و نارەزاییە خەڵک
لەو شەخسە گەلێ ڕازییە مەنسوورولمولک

چون عامل ماضی است منصورالملک
در داخلە قاضی است منصورالملک
ملت ز هر آن شقی کە ناراضی بود
دیدیم کە راضی است منصورالملک

ئەی ئەو کەسە لە پیاوەتی تۆدا نییە شک
گەردوونە لە داخی تۆ دەبارێنێ ئەشک
مەمنوونی وەفا و هیممەتی تۆم، لەو دەمەوە
بۆم هاتووە بە دیاری لەلای تۆوە کەشک

ای آنکه ز جود تست دریا در رشک
افلاک همی گرید و می‌ریزد اشک
اولاد بنی‌آدم و با این همه جود
شرمنده‌ی احسان توأم یعنی کشک

زۆر سەیرە لە لایێ مەجلیسی ڕەنگاوڕەنگ
لەم لاشەوە جێ بە چینی گەلخوازان تەنگ
حاشا لە حوکوومەتی فشار و سەرەڕۆ
هەروایە نیزامی وشتر و گا و پڵنگ

از یک‌طرفی مجلس ما شیک و قشنگ
از یک‌طرفی عرصه به ملّیون تنگ
قانون و حکومت نظامی و فشار
این است حکومت شتر گاو پلنگ

ئەو ڕێویە کەڵەکبازە بە مەکر و حیلە
خۆی کردی لەسەر قەرار بە کێشە و پیلە
هەر خۆیشی قەراردادی بە مەجلیس مۆر کرد
پێی نا لە حقووق و مافی قەوم و قیلە

آن رند دغلباز که با مکر و حیل
با لفظ قرارداد، می‌کرد جدل
دیدی که چسان عاقبت اندر مجلس
بگرفت قرارداد، ناطق به بغل

کابینە کە بەسەرابوو بە هۆی گێژاوە
دوێ هاتەوە مەجلیس و دەری کریاوە
زۆریان لە ڕەئیسولوزەرا کرد، تاکوو
بووژاوە؛ بەڵام بە چەن کەسی دۆڵپاوە

کابینه اگر بود ز بحران تعطیل
دیروز به مجلس آمد و شد تشکیل
اما به رئیس الوزرا یک دو نفر
آخر ز فشار وکلا شد تحمیل

بێ ماف و مەعاش و مڵک و ماش و زێڕین
ماڵکاول و هەڵوەدای نزار و لێڕین
ئەی خاوەنی سەرسەرا لەگەڵ ئێمە مەبن
لەمکاتەوە ڕاپەڕیو و شۆڕشگێڕین

ما خاک‌بسر ز بی‌حسابی شده‌ایم
ما دربدر از خانه خرابی شده‌ایم
ای صاحب مال و مالک کاخ جلال
با ما منشین که انقلابی شده‌ایم

زانیوتە کە کێ پەسند و خوێن‌شیرینە
کێ کەکرەیە خوێنی، خەڵکی لێ بەدبینە
هەر ئەو کرێکارە نانەکەی جۆیینە
ئەو کاربەدەسەی کە سفرەکەی ڕەنگینە

دانی که بود سپیدرو نیک‌عمل پیش رفقا
یا کیست سیه‌نام در انظار ملل از حب طلا
آن کارگری که می‌خورد نان جوین با زحمت دست
وان محتشمی که می‌خورد شیر و عسل بی‌محنت پا

دڵ فێـــری ئەوینـــــداری بـــــووە ڕۆژی بـــەرێ
وەک شـــەم دەگـــرێ، بـــاکی نییـــە چـــی بەســـەرێ
تـــا خـــاکی لەشـــی نـــەدام بـــە بـــا ئـــاگری عیشـــق
دڵ نـــەبوە خەڵـــووز، قـــەترە لـــە چـــاو نـــەچوە دەرێ

از روز اول عاشـــقی آموخـــت دلـــم
از عشق چو شـمع شـعله افروخـت دلـم
تـا خـاک مـرا دهـد بباد آتـش عشـق
از دیـده نریخـت آب تـا سـوخت دلـم

نـــاخۆم لـــە ژیـــانم خەفـــەتی ئـــاوی ژیـــان
لـــەم خـــوانی زەوی مەگـــەر بخـــۆم پەنجـــەیێ نـــان
مـــاوەی تەمـــەنم خـــەمی جیهـــانخـــواردن بـــوو
شـــەرت بـــێ لـــەوەلا نـــەخۆم خـــەم و دەردی جیهـــان

مـن حسـرت آب زنـدگانی نخـورم
در خوان جهـان جـز کـف نـانی نخـورم
چـون زنـدگیم غـم جهـان خـوردن بـود
مـردم کـه دگـر غـم جهـانی نخـورم

ڕۆڵـــەی جـــەم و کـــەیقوباد و کەیکاووســـین
پـــارێزەری نیشـــتمانەکەی سیرووســـین
ڕازاوەتـــەوە بـــە خـــۆر و شـــێر ئاڵامـــان
دەرکـــەوتوو لـــە بەنـــدی ئینگلیـــز و ڕووســـین

مـا زادەی کیقبـاد و کیکاووسـیم
جـان باختگـان وطـن سیروسـیم
در تخـت لـوای شیروخورشـید ای لـرد
آزاد ز بنـد انگلـیس و روسـیم

یـــەک دەم لـــە موحیببـــەت و ســـەفا لانـــادەین
قـــەت گـــوێ بـــە قســـەی پووچـــەڵ و بـــێجـــا نـــادەین
کـــێ کـــەم بـــوو شـــعووری، فیـــز و تیـــزی فـــرە بـــوو
جـــوابی نییـــە لای ئێمـــە، بـــەنی بـــا نـــادەین

مـا قاعـدەی متانـت از کـف نـدهیم
مـا گـوش بـه گفتـار مزخـرف نـدهیم
بـا پنـد صـحیح رفقـا گـاه مثـال
مـا پاسـخ هـر نـاقص و اجـوف نـدهیم

عومرێکـــە لـــە ســـەر میهـــر و وەفـــا زۆر ســـوورین
دڵ بـــێغـــەرەز و کینـــە، لـــە دەعـــوا دووریـــن
چۆکمـــان لـــە بەرانبـــەری عەداڵـــەت دادا
یاســـا چییـــە حـــوکمی، گـــوێگری دەســـتوورین

عمریست که بر عاطفه مفتـون شـدەایـم
از عـالم کبـر و کینـه بیـرون شـدەایـم
زانـو زده در برابـر کرسـی عـدل
تسـلیم مقـررات قـانون شـدەایـم

بۆ (وثوق الدوله و قوام السلطنه)

هـــۆی چارەڕەشـــین بـــۆ گـــەلی ئێـــران دوو کـــەس
ئـــەم واتەیـــە ڕوونـــە بـــێگومـــان، بـــۆ هـــەموو کـــەس
یـــەک: نۆکـــەری ئینگلیســـی نامـــەردە؛ وســـووق
یـــەک: ڕووســـپیی دەربـــارە؛ قـــەوامی ناکـــەس

بـدبختی ایـران ز دو تـن یافـت دوام
این نکتـه مسلم خـواص است و عـوام
آن دولـت انگلـیس را بـود وثـوق
ایـن سـلطنت هنـود را هسـت قـوام

رۆژێکە کە ئێرانی ئەشێ هیممەت کەن
بۆ تاقمی بێگانەپەرست هەڵمەت کەن
ئەو کۆشک و سەرایە گورگی هاری تیایە
وێرانی کەن و خاوەنەکەی ماڵپەت کەن

روزی است که اقدام غیورانه کنیم
از پیر و جوان جنبش مردانه کنیم
وآن کاخ که آشیانەی فتنه بود
با آلت انتقام ویرانه کنیم

وەک سەروی چەمەن بەرز و بە سێبەر خۆمم
بۆ خاکە نسێم، بێسەمەر و بەر خۆمم
هۆی ڕاست و دروستیمە کە ڕووت و ڕەبەنم
دەستەنگ و نەدار و بێچوە سواڵکەر خۆمم

از بسکه چو سرو چمن آزاده منم
چون سایەی سرو خاک افتاده منم
گر عیب نبود راستی پس از چیست
بی‌چیز و تهی‌دست و گدازاده منم

زۆر شوێنی گرنگ لە ملکی دنیا چوومە
لە خراپ و لە چاک و وشک و تەڕ، بیستوومە
سەرمایەیی ژین خڕ و پتوونی ئەمە بوو
زۆر شت کە نەبینراوە بە چاو، دیتوومە

عمری به هوس گرد جهان گردیدم
از دشمن و دوست و خوب و بد بشنیدم
سرمایەی زندگی همین بود که من
با دیده بسی ندیدنیها دیدم

عومرێکە بە داوی ئارەزوو بەسراوین
بۆ ئەهلی هەوەس ڕێبەر و خاوەن ناوین
ئێستا لە نەکاو بە دووی مەرگدا وێڵین
چونکی لە تەمەن زیز و لە ژین تۆراوین

یک عمر به بند آز پابسته شدیم
بر اهل هوس قائد و سردسته شدیم
اینک پی مرگ ناگهانیم دوان
از بسکه ز دست زندگی خسته شدیم

هاکا بە کوڵی دەروون دڵم چوو بە هیلاک
چاوی تەڕە کردوومی کەساس و خەمناک
ئەم ئاگر و ئاه و ئاوی چاوم باقین
تا ڕۆژێ بە توندەبای ئەجەل دەبمەوە خاک

تا چند ز آه سینه دل چاک شوم
تا کی ز سرشک دیده غمناک شوم
این آتش و آه و آب چشمم باقیست
تا از اثر باد اجل خاک شوم

سووڕامەوە وەک با بە هەموو دنیادا
یا چەشنی شەپۆل، خۆم لە هەموو جێگادا
یەک قەترە پتر نەبووم، بەڵام خوێنی دڵم
هێند خواردەوە تا چووم بە دڵی دەریادا

یک عمر چو باد دور دنیا گشتیم
چون موج هزار زیر و بالا گشتیم
با آنکه ز قطرەای نبودم افزون
خون خوردم و متصل به دریا گشتیم

ئەو مەنجەڵە دایم دەکوڵێ، دیارە منم
ئەو دیلی قەفەس، مات و خەفەتبارە منم
دوورکەوتوو لە کۆڕی هاودەم و یارانم
ماڵکاول و کوڵبەکوڵ و بێچارە منم

آن خم که بود مدام در جوش، منم
آن مرغ که شد به شام خاموش، منم
در حلقه‌ی رندان خراباتی خویش
آن پاک‌نشین خانه بر دوش، منم

ئەو ڕۆژە قسەی عیشقی بە گوێدا چووە دڵ
گەوزیوە لە خوێن، دڕکی بە پێدا چووە دڵ
هێند پاییزی سەخت و نامرادیم دیوە
سەد جار بەهار هات و نەپشکووتووە دڵ

آن روز که حرف عشق بشنفت دلم
شب تا به سحر میان خون خفت دلم
از بس که خزان نامرادی دیدم
صد بار بهار آمد و نشکفت دلم

لای دوژمن و دۆست ئەگەر نەرم بی وەکوو مێو
وەک نەخشی نەقیم، نە بێشەرم بی وەکوو مێو
لای دوژمن ئەشێ گەلێ سەختتر بی لە بەرد
لای دۆستی بەڕاستی دڵنەرم بی وەکوو مێو

با دشمن و دوست گر شدی نرم چو موم
چون نقش نگین شوی مکن شرم چو موم
با خصم هماره باش سرسخت چو سنگ
با دوست همیشه باش دل‌نرم چو موم

دووڕوویی نەکەم شەرتە لەگەڵ نەوعی بەشەر
لای ڕاست و دروست درۆم لە دەم نایەتە دەر
عادەتمە لە وردە عەیبی خەڵکی دەدوێم
ئەمما بە نەفامی هێرشی ناکەمە سەر

ما یک سرِ مو به کس دوروئی نکنیم
با راست‌روان دروغگوئی نکنیم
چون پیش کنیم خُرده‌گیری اما
با لحن درشت عیبجوئی نکنیم

ئەو ڕۆژە کە ڕێی شادی و گەشی خەممان بەست
دەرکی هەموو نامەحرەم و مەحرەممان بەست
دادم کە بە هیچ کوێ نەگەیی، بێدەنگ بووم
کەسمان کە بە هاناوە نەهات، دەممان بەست

آن‌روز که ره به شادی و غم بستیم
در بر رخ نامحرم و محرم بستیم
فریاد اثر نداشت گشتم خاموش
فریادرسی نیافتیم دم بستیم

تا بەو هەموو ڕەنجە فێری بووم دەرسی ئەوین
خەرمانی تەمەن تێیچوو بڵێسە و گڕ و تین
بێ تیشکی شەمی ڕوومەتی تۆ، ئاگری خەم
سووتاندی لەشم چەشنی پەپوولەی مسکین

تا درس محبت تو آموخته‌ایم
در خرمن عمر آتش افروخته‌ایم
بی‌جلوه‌ی شمع رویت از آتش غم
عمریست که پروانه‌صفت سوخته‌ایم

زۆرم لە دەمی ڕاست و دروست داوە بە مشت
پەنجەی چەپەڵم گەلێ لە ناو شیردا شِشت
لەو داخە کە ڕۆیی ئابڕووی کیشوەری جەم
ئاوری عەرەبم خستەوە خاکی زەڕدوشت

عمری به دهان راستگو مشت زدیم
وز راه کژی به شیر انگشت زدیم
رفت آبروی کشور جمشید بباد
بس آتش کین به خاک زرتشت زدیم

ئاورێکی بەتین لە ڕەنگی ئاسۆ دیارە
ئاژاوەیێکە جیهانی تیا بەشدارە
وەیشوومە کە قەیرانی بەسەرچوو، دنیا
سەرپاکی بەرەو خۆشی دەچێ ئەمجارە

از رنگ آفاق من آتشی می‌بینم
در خلق جهان کشمکشی می‌بینم
اما پس از این کشمکش امروزی
از بهر بشر روز خوشی می‌بینم

عومرێکە لە چەشنی بایەقووش دەخوێنین
بێزاری لە ژین دەردەبڕین، واز دێنین
مەرگی کوت‌وپڕ پەسندە، نەک ژینی بە ژان
تا کەی بە جەفاوە، سیل و دیق هەڵبێنین

یک عمر چو جغد نوحه‌خوانی کردیم
نفرین به اساس زندگانی کردیم
جان کندن تدریجی خود را آخر
تبدیل به مرگ ناگهانی کردیم

ڕۆژێ بوو دەماندا تەشەر و تانە لە تاج
دەس‌خاڵی لە ژێر پێ لەقە نا تەختی عاج
ڕای‌کرد لە دەسی من و دڵم، تالیع و بەخت
هاوارە لە دەس بەختی ڕەش و خەرج و باج

روزی که به تاج طعنه‌ی سخت زدیم
با دست تهی پا به سر تخت زدیم
بگریخت ز دست من و دل طالع و بخت
پس داد ز دست طالع و بخت زدیم

چون ئێمە لەسەر ویست و مەڕامی باشین
گوێ کپ لە دروشمی ڕێبەرانی ناشین
هاتووینە جیهان، بە بوت‌شکێنی فێرین
تا نیعمەتی ژین باقییە، بوت ناتاشین

ما تکیه به قائدین ناشی نکنیم
وز مسلک خویشتن تحاشی نکنیم
چون بت‌شکنی مرام دیرینه‌ی ماست
این است که تازه بت‌تراشی نکنیم

گەر بەختی خەواڵوو بەربەیان هەستێنین
با ئاگری دڵ بە ئاوی ڕەز بایسێنین
چڵ ڕۆژ بخزێینە قوژبنی مەیخانە
هەر بادە وەخوێن و واز لە دنیا بێنین

گر طالع خفته را سحرخیز کنیم
از آب رزان آتش دل تیز کنیم
یک چله نشسته گوشه‌ی میکده‌ای
وز هرچه بغیر باده پرهیز کنیم

ئەو ڕۆژە کە وەک سەرو لە گڵ دەرکەوتم
دەس‌خاڵی بە پێ لە ئاسمان سەرکەوتم
دیم هۆزی مەلان لە چیمەنان دڵتەنگن
گیانم وەکوو خونچە دادڕی و وەرکەوتم

آن‌روز که چون سرو سر از خاک زدیم
با دست تهی پای بر افلاک زدیم
دیدیم چو دلتنگی مرغان چمن
چون غنچه‌ی گل جامه‌ی جان چاک زدیم

ئەو شینکە کە لەم چیمەنە تۆراوە، منم
ئەو لالە کە نوقمی ئەشک و خوێناوە، منم
ئەو خونچە گوڵەی کە سەد بەهار هاتن و چوون
هەرگیز نەگەشاوە، لێوی بەستراوە، منم

آن سبزه که ترک این چمن گفت، منم
آن لاله که از اشک به خون خفت، منم
وآن غنچه لب‌بسته که از تنگدلی
صدبار بهار آمد و نشکفت، منم

وەک سەوزەگیا، ڕۆژێ سەرم هێنا دەر
وەک لالە دەروون پڕ لە خەم و سەوداسەر
کاتێ وەکوو خونچە خۆم بە دڵتەنگی دی
ئەوساکە دڕیم بەرگی ژیانم یەکسەر

آن‌روز که چون سبزه سر از خاک زدیم
چون لاله ز داغ آه غمناک زدیم
گشتیم چو غنچه بس‌که از غم دلتنگ
چون گل به چمن جامه‌ی جان چاک زدیم

هەر سەردەمی لاوی بوو کە ڕوانیم پیرم
پێشێلی قەزا و بەلا، نیشانەی تیرم
ئەی عومر بڕۆ، بەڕاستی ماندووت کردم
مردن وەرە، تێر بووم، لە ژیانم زویرم

هنگام جوانی به خدا پیر شدم
از گردش آسمان زمین‌گیر شدم
ای عمر برو که خسته کردی ما را
وی مرگ بیا ز زندگی سیر شدم

هەستین کوڵی دڵ بە جامی مەی بڕژێنین
دڵ کەیلە، پەنا بۆ چەقەنە و نەی بێنین
چون ئەهلی ڕیایە هەرچی دڵ دەشکێنێ
شووشەی دەغەڵی و ڕیا بە بەرد بشکێنین

برخیز که تا باده گلرنگ زنیم
بنشین که به شور چنگ بر چنگ زنیم
چون دل‌شکنی کار ریاکاران است
بر شیشه‌ی سالوس و ریا سنگ زنیم

تا کەنگێ بخوێنین ئێمە خەمی بێهوودە
شوێن کەوتنی ئاواتی نەفس بێ‌سوودە
قەت نەبووە لە ماوەی تەمەن ئاسوودە بژین
مردین کە لە دەستی خەم ببین ئاسوودە

تا چند کسل از غم بیهوده شویم
تا کی به هوای نفس آلوده شویم
در زندگی آسوده نگشتیم چو ما
مردیم که از دست غم آسوده شویم

تا سەربەهەنیسک و لێوبەبارم، خۆشم
تا دڵبەخەم و ڕووت و هەژارم، خۆشم
خۆشی و گەشییان خەڵکی لە دەرمان گەرەکە
من تاکوو نەخۆش و دەردەدارم، خۆشم

با دیده‌ی سرخ و چهره‌ی زرد خوشم
با سینه‌ی گرم و ناله‌ی سرد خوشم
یاران همه شادی از دوا می‌طلبند
تنها منم آنکه با غم و درد خوشم

پێم خۆشە عەیش بە بێ مەراق و کوڵی دڵ
تۆڵەی زوو لە داهاتوو وەکەم بێ کەم و کوڵ
بای دەرد و بەلا و موسیبەتم لێ بگەڕێ
تێر پێدەکەنم بەیانییەک زوو وەکوو گوڵ

دارم سر آنکه عیش پاینده کنم
جبران گذشته را در آینده کنم
بگذارد اگر باد حوادث چون گل
یک صبح به کام دل خود خنده کنم

شێرم، بە زگی برسی کز و داماوم
چوار دەورە بە زنجیری جەفا بەستراوم
خوێنخۆرییە بەشمان لە دەسی دوژمن و دۆست
تا شەڕ بوو بە شیری ڕووتەوە وێستاوم

با فکر قوی گرسنه چون شیر، منم
وز چار طرف بسته‌ی زنجیر منم
جز خون نخورم ز دست هر دشمن و دوست
در معرکه چون برهنه شمشیر منم

پێت خۆشە کە هاوشانی هەموو دنیا بین
پێویستە بە کردەوە و عیلم وریا بین
مەشهوورە کە بەندەیی و نەزانین خزمن
هەر بەندە دەبین، مەگەر تەواو زانا بین

با علم و عمل اگر مهیا نشویم
همدوش به مردمان دنیا نشویم
نادانی و بندگیست توأم به خدا
ما بنده شویم اگر که دانا نشویم

عومرم بە فشاری خەم گەلێ ڕامالی
سەبرم کە کراسێک بوو لەبەر داماڵی
ژین بۆ مە مەرگ بوو لەم جیهانی پڕدەرد
پێم سەیرە کە ناوی زیندەگیم نا پاڵی

بس جام ز فشار غم به دوران کندیم
پیراهن صبر از تن عریان کندیم
القصه در این جهان بمردن مردن
یک عمر به نام زندگی جان کندیم

ئەو ڕۆژە لە دەستی تۆ شەڕابم نۆشی
پێم نا لە فەلەک لەبەر وڕی و بێهۆشی
بێ خەم بە کە پشتی هەردوو پێم دا لە جیهان
لێم ڕوونە کە تێیدا نییە خێر و خۆشی

از دست تو ما ساغر صهبا زده‌ایم
بر فرق فلک ز بیخودی پا زده‌ایم
دنیا چو نبود جای شادی زین‌رو
غم نیست که پشت‌پا به دنیا زده‌ایم

ئەو ڕۆژە من و دڵ کە لە دایک زاوین
دایم بە فشاری دەرد و خەم ژاکاوین
لەم بەحری جیهانە پڕ لە داو و تەڵەیە
ئازادییە، ئازادی چی، ماسی و ئاوین

آن‌روز که ما و دل ز مادر زادیم
دایم ز فشار درد و غم ناشادیم
در لجه‌ی این جهان پر حلقه و دام
آزاد ولی چو ماهی آزادیم

تا پێم لە سەری تەماح و بریا داوە
هەر لێو بە بزەم، گەپم بە دنیا داوە
لەم گەمیە شکاوەدا کە پەرتێنە دەکا
شادم کە دڵم بە ناخی دەریا داوە

تا بر سر حرص و آز خود پا زده‌ایم
لبخند به دستگاه دنیا زده‌ایم
با کشتی طوفانی بشکسته‌ی خویش
شادیم از آنکه دل به دریا زده‌ایم

لەو ڕۆژەوە پێم ناوەتە مەیدانی ژیان
پێش هاتنەکەم بوومەتە هاوشانی ژیان
چون تەختی فەلەک شیاوی من نەبووە لە زوو
کەوتوومەوە کاولەکۆن و زیندانی ژیان

روزی که به کار زندگی دست‌زدیم
در عالم نیستی دم از هست زدیم
اورنگ فلک نبود چون درخور ما
پا بر سر این نشیمن پست زدیم

ئالایەکی ئاشتی، بەرز بێ لە جیهان
ژینی وەکوو یەک سەر بگرێ بۆ هەموان
بۆ بەختەوەریی بەشەر بناخەی کارن
لەم دووانە بەدی دێ هەموو ئاواتی ژیان

ما بیرق صلح کل برافراشته‌ایم
ما تخم تساوی به جهان کاشته‌ایم
القصه سعادت بشر را یکبار
در سایه‌ی این دو اصل پنداشته‌ایم

لەو ڕۆژەوە کردمانەوە لاسای مەجنوون
دەسمان شتەوە لە عەقڵ و زانست و فنوون
زووم سەندەوە نێچیر لە دەمی شێر، ئەمما
کەوتینەوە داوی عیشقی تۆ، دیل و زەبوون

آن روز که پابند جنون گردیدیم
از دایره‌ی عقل برون گردیدیم
صید از دهن شیر گرفتیم اما
در پنجه‌ی عشق تو زبون گردیدیم

گەر ئێمە لە بیری نوێنەری خۆشخوو بین
بۆ دەوڵەتی خۆڕاگر ئەشێ ماندوو بین
رابردوو کە ڕابردووە، ئێستەش کوا هەل؟
وا باشە هەموو لە بیری داهاتوو بین

در آتیه گر فکر نماینده کنیم
ایجاد و بنا دولت پاینده کنیم
بگذشته گذشت و حال نبود فرصت
خوب است که اندیشه‌ی آینده کنیم

هەرچەندی لە بیرمە هێمن و لاشەڕ بووم یک‌چند گرفتار خطر گردیدم
هەقوێژی سەبەب بوو تووشی کێشە و گەڕ بووم با گفتن حق گرد ضرر گردیدم
لاڵ بووم لە مەراقا، کە نەبوو گوێی بیستن گوش شنوا نداشت کس، گشتم گنگ
هاوار و هەرا ئەوەندە زۆر بوو، کەڕ بووم فریاد ز بسکه بود کر گردیدم

هەرچۆنی کە بۆ مە دەس‌بدا، ڕێ دەکوتین امروز به هر طریق ما راه رویم
زۆر هێدی، بە بێ‌دەنگ و سەدا، ڕێ دەکوتین آهسته و بی‌سروصدا راه رویم
بۆوەی نەکەوینە قوولکە جارێکی‌تریش تا باز به پای خود نیفتیم به چاه
ئەمجارە بە گۆچان و عەسا ڕێ دەکوتین از روی خرد دست و عصا راه رویم

ئەو ڕۆژە کە توورە بن هەموو چینی هەژار روزی که ز دل بانگ خبردار زنیم
ملهوڕ ئەدەنە بەر تەشەر و تەوس و پلار صد طعنه به سالار و به سردار زنیم
کێ تێکدەری یاسایە، ئەگەر مەنسوور بێ هر کس که بود ناقض قانون، او را
ئەم تینە ڕەپێچەکی ئەدەن بۆ پەت و دار «منصور» بود گر، همه بر دار زنیم

جەغزین، لە ژماری زۆر و کەم باخەبەرین ما دایره‌ی کثرت و قلت هستیم
ئاوێنەیی بەزر و نەزم و عەیب و هونەرین ما آینه‌ی عزت و ذلت هستیم
تۆ دەوڵەتی دەوڵەمەند و لۆردت گەرەکە تو در طلب حکومت مقتدری
ئێمەش لە خەمی ژینی گەلی قوڕبەسەرین ما طالب اقتدار ملت هستیم

قەت گاڵتە بە قەدر و ڕێزی مەردی ناکەین ما طعنه‌زن مقام مردی نشویم
وەک با هەوەسی جیهانەنەوەردی ناکەین چون باد اسیر هرزه‌گردی نشویم
ئەمما چ گوناحیش نییە لای چاک و خراپ اما نبود گناه در پیش عموم
بڕوا کە بە دەسەلاتی فەردی ناکەین گر معتقد قدرت فردی نشویم

لەو داخە کە من لای ئەم و ئەو بێ‌قەدرم از بسکه به پیش این و آن مبتذلیم
وەک شەم بە بڵێسەی کڵی دڵ گڕ ئەگرم چون شمع ز آتش درون مشتعلیم
بێ‌سەبری ئەوان گشتی قسە و ئارەزووە آنها همه بی‌قرار حرف املند
هەر من بە هومێدی کردەوەم تا دەمرم ما جمله در انتظار کار و عملیم

باسی شتی کۆن دەکەم لەگەڵ دەوڵەتی نوێم
عادەتمە، لە عەیبی خۆم و خەڵکیش دەدوێم
چی نەمدی بە چاوی خۆم، کپ و لاڵ و کەرم
چیم دی بە کەسێکەوە، لەسەر ڕێی دەڕوێم

با دولت نو رسم کهن می‌گویم
عیب دگران و خویشتن می‌گویم
نادیده ز خوب و بد نرانیم سخن
از دیده همیشه من سخن می‌گویم

بووم بادەپەرست و هەرزەوێژیم زۆر کرد
مەستیی مەیی پڕ فریو و گێژیم زۆر کرد
پێی ئەقڵ و هیوام لە بەرد هەڵەنگوت، زانیم
بێسوود و عەبەس بوو، دەسدرێژیم زۆر کرد

چندی ز هوس باده‌پرستی کردم
می خوردم و از غرور مستی کردم
چون پای امیدواریم خورد به سنگ
دیدم که عبث درازدستی کردم

ڕاستی بپەرستین و لە چەوتی لادەین
چی چەوتە بە ڕاست و پاکی دەرسی دادەین
بەدبەختی ئەگەر پتر لە لافاویش بێ
سەرپاکی بە دەستی زۆری خەڵکی ڕادەین

باید ز کژی به راستی میل کنیم
اصلاح کژی ز صدر تا ذیل کنیم
بدبختی اگر بود قوی‌تر از سیل
با زور عموم دفع آن سیل کنیم

سەر چیمەن و ڕووباری خوڕێنم گەرەکە
گوڵخونچە دەمێکی خەمڕەوێنم گەرەکە
دوێنێکە دڵی شکاندم و تۆبەم کرد
ئیمڕۆکە دڵی تۆبەشکێنم گەرەکە

در موسم گل طرف چمن می‌خواهم
با خویش گلی غنچه دهن می‌خواهم
دیروز دلم شکست و کردم توبه
وامروز دل توبه‌شکن می‌خواهم

جووتیارە بەدیهێنەری ناز و نیعمەت
بە کرێی زۆر کەم
ڕەنجی ئەوە هۆی ڕەحمەت و خێر و بەرکەت
دەرد و کوڵ و خەم
جووتبەندە لە مەینەتا ئەسیر و بەندە
زوڵمی دەرەبەگ
خەمبار و کز و کەساسە مایەی نیعمەت
بێگار و ستەم

با آنکه بود موجد نعمت دهقان
با اجرت کم
با آنکه بود موجب رحمت دهقان
سر تا به قدم
با رحمت خود اسیر زحمت زارع
از مالک جور
با نعمت خود دچار نقمت دهقان
ز ارباب ستم

دێوی بەهەیبەت و غەزەب ڕەوای کە دی جەفا و ستەم
ناهێمنی وڵاتی خستە بەحری ترس و لەرز و خەم
بە دەستی پیسی وەحشییەک میرزادە کوژرا بێخەتا
ساڵی شەهادەتی بخوێنە "عیشقی قەڕنی بیستەم"

دیو مهیب خودسری، چون ز غضب گرفت دم
امنیت از محیط ما، رخت ببست و شد گم
حربۀ وحشت و ترور، کشت چو میرزاده را
سال شهادتش بخوان «عشقی قرن بیستم»
١٣٤٢

لادەی لە تەماح و ببیە میر و سەردار
برسی بی لە تێری بدوێ بۆ یار و نەیار
پێتخۆشە لە دوو جیهان بە سەربەرزی بژی
تا دەرفەتە بگرە دەستی داماو و هەژار

از آز بپرهیز و امیری می‌کن
با گرسنگی سخن ز سیری می‌کن
در جامعه گر تو سرفرازی خواهی
از پای فتاده دستگیری می‌کن

"تۆفان"! کە بە مەی تووشی هەڵەی، نۆشی مەکە
باسی عەڕەب و عەجەم بە ناخۆشی مەکە
پێتخۆشە لە داهاتوو کەڵک وەربگری
چیت دیوە لە ڕابردوو فەرامۆشی مەکە

طوفان می نسیان از این نوش مکن
فحش عرب و حرف عجم گوش مکن
خواهی چو صلاح حال مستقبل را
ایام گذشته را فراموش مکن

ئەی میللەتی ئاریا، وەفاداری کەن
بۆ خزمەتی هاوڕەگەز فیداکاری کەن
ئێوەن کە لە تێروتەسەلیدا نوقمن
ئەو هۆزە کە تووش قاتوقڕین، یاری کەن

ای ملت آرین وفاداری کن
در خدمت نوع خود فداکاری کن
اکنون که به بحر ناز و نعمت غرقی
قحطی‌زدگان روس را یاری کن

لە سنووری عەجەم کەنەفتی ئێرانی بووە
لە وڵاتی عەڕەب قاتیی موسڵمانی بووە
دایم سەری گەورەپیاوەکانی ئیسلام
پێشێلی تەجاوەزی بریتانی بووە

در مرز عجم ذلت ایرانی بین
در ملک عرب محو مسلمانی بین
دایم سر سروران اسلام را
پامال تجاوز بریتانی بین

مەینەت کە بە دیوارەوە شوێنی دیارە
جێی داخە لە بێکار و بەکار هاوارە
هەر تاقم و دەستەیەک دەبینی لە وڵات
تووشی خەفەت و نارەحەتی ئەفکارە

آثار محن از در و دیوار ببین
فریاد ز کاردار و بیکار ببین
هر دسته‌ای از مردم این کشور را
سرگشتۀ اضطراب افکار ببین

تا کەنگێ کەساسیی دڵشکاوان بینم؟
تا کەی کزوماتیی بەشخوراوان بینم؟
تا کەی بە هەوای ژیان لە کاتی پیری
مەرگی لەنەکاوی شۆڕەلاوان بینم؟

تا چند توان به ناتوانان دیدن
جور و ستم جهان‌ستانان دیدن
تا کی به هوای زندگی در پیری
با دیده توان مرگ جوانان دیدن

داری گەشیی، پەیوەندی بە ڕووخۆشی کە
مەی تێکە بە خۆشی گیان و دڵ نۆشی کە
هەرکاتێ زەمانێ ڕووت لەگەڵ ناخۆش کا
دان بگرە بە جەرگا، بە بزەت خۆشی کە

با نخل خوشی همیشه پیوند بزن
می با دل شاد و جان خرسند بزن
گر بر تو زمانه یک دمی سخت گرفت
دندان بجگر گذار و لبخند بزن

بڕوانە لە چاوی فیتنە چەن زیت و زەقە
بزوێنەری ڕاپەڕینی سوور وەک شەفەقە
ئاسۆی گەلی ئێرانە لە داهاتوودا
تاریک و ڕەشە وەک دڵی بێڕەحم و ڕەقە

ای دیده دو چشم فتنه را خیره ببین
بر مملکت انقلاب را چیره ببین
در آتیه رنگ افق ایران را
چو روی خطاکنندگان تیره ببین

تۆ پاڵ بە دەمی شیرەوە دەی، منداڵی
یا گاڵتە بە کلکی شێر بکەی، زۆر کاڵی
ئەو خەونە کە نەتدیوە لە مانای بدوێی
تالیع لەگەڵت نەیارە، بێئیقباڵی

گر تکیه کنی بر دم شمشیر مکن
بی‌دغدغه بازی به دم شیر مکن
خواهی که شود طالع بیدارت یار
خوابی که ندیده‌ای تو تعبیر مکن

کاران بە هیوا و هیممەتی تێکڕایی کەن
چوو هەر چووە، بیر لە حازر و دوایی کەن
بۆوەی کە دەلیلی تێشکان مەعلووم بێ
چاوێک لە قەراری بانک و دارایی کەن

ای توده عمل با همم عالیه کن
بگذشته گذشت صحبت از حالیه کن
گر علت ورشکستگی می‌خواهی
چشمی به قرار بانک با مالیه کن

تا ماوی لە سەر زەوی دڵی کەس مەکە تەنگ
لایەنگری ئاشتی بە، خۆ لادە لە جەنگ
فەرزەن نەکرا بمێنی، بێجەنگ و هەرا
ڕازی بە بە مردن و پەسندی مەکە جەنگ

هرگز دل کس را به عبث تنگ مکن
تا صلح شود به جنگ آهنگ مکن
هرچند که نیست زندگی غیر از جنگ
با مرگ بساز و با کسی جنگ مکن

ئاگر بە دڵی پڕ لە خەما مەچزێنە
شووشەی شەرەفی ئەهلی وەفا مەشکێنە
ئەی یاری ڕواڵەتی! بە پشت گەرمیی نەیار
دۆستان مەکە دڵتەنگ و مەیانشەمزێنە

ای دل شکن آتش به دل تنگ مزن
بر شیشهٔ ارباب وفا سنگ مزن
ای دوست بپشت گرمی دشمن خویش
بیهوده بروی دوستان چنگ مزن

بۆ ساز بوونی کابینەی مستوفی الممالک گوتراوە

ئەی دۆستی عەزیز! کڵاوی خۆت قازی کە
زوو هیچە، بە کاری دوایی شانازی کە
هەل ناشێ لە دەس بدەی بە هەر قیمەت بێ
بیری هەموو لایەنی لە خۆت ڕازی کە

ای دوست کلاه خویش را قاضی کن
در آتیه کار بهتر از ماضی کن
فرصت مده از دست و به هر قیمت هست
افکار عموم را ز خود راضی کن

مستت مەدە قەت لە دەرک و دیواری خەڵک
قامک مەخە شێر، کە بوویتە زۆرداری خەڵک
هەرچەندی قسەی جوان و حیسابیت لابێ
پشتت نەگرن، مەیخەرە سەر زاری خەڵک

ای دوست به دیوار کسی مشت مزن
دشمن چو شوی به شیر انگشت مزن
تا دست دهد حرف حساب خود را
با مردم روزگار بی‌پشت مزن

دۆستانی دەغەڵ بیاندە بەر شمشێرت
ئاواڵی دە ڕوو بیکە نیشانەی تیرت
دوژمن کە وەکوو شێرە، بەڵام یەکڕەنگە
دۆستانە دەس‌وپێی بخە ناو زنجیرت

یاری که کج و دوروست، شمشیرش کن
گر راست نشد نشانهٔ تیرش کن
ور دشمن یک‌رنگ تو چون شیر بود
با رشتهٔ دوستی به زنجیرش کن

ئەی چاو! وەرە چاوی شەڕهەڵایسێن بینە
ڕووی ئاشتی داگرتووە بوغز و کینە
ئاسۆگی سیاسیی گەلی ئێرانە لە ژێر
هەورێکی ڕەشە، تیشکی هیوا بێ‌تینە

ای دیده دو چشم فتنه را خیره ببین
بر صلح و صفا ستیزه را چیره ببین
رنگ افق سیاست ایران را
از ابر سیاه قیرگون تیره ببین

سووڕامەوە لەم جیهانە وەک پەتیارە
دامن لە محەک هەرچی نەیار و یارە
داخم کە لە هیچ شوێن و لە هیچ کاتێکا
هیچ تێنەگەییم لە خەڵکی ئەم ڕۆژگارە

یک عمر در این محیط گردیدم من
وین بوالهوسان را همه سنجیدم من
فهمیدنم این بود که از این مردم
در هیچ زمان هیچ نفهمیدم من

مەستیی بە مەی فیز و هەوا کەی غەڵەتە
ڕێی عەقڵ و سلامەتی ڕەها کەی غەڵەتە
چەرخی دوو جیهان بە مەیلی تۆ هەڵبخولێ
خۆت بایی لە سەر خەڵکی خودا کەی غەڵەتە

از بادهٔ کبر مست و مخمور مشو
وز راه سلامت و خرد دور مشو
روزی دو جهان اگر به کام تو شود
از شادی این دو روزه مغرور مشو

دیاریکەری مافی من و تۆ ئەشرافن
ماری سەری گەنج و خەوای گەزاف و لافن
تا هەستی نەزانین لە من و تۆدا بێ
دەسڕەنجی مە بۆ ئەوانە بێئینسافن

اشراف عزیز نکته‌سنج من و تو
چون مار نشسته روی گنج من و تو
با بی‌حس و جاهلیم یک‌سر تو و من
پامال کنند دست‌رنج من و تو

جێی داخە برا، خراپی دەنگی من و تۆ
ناسۆرە لە ناخی دڵی تەنگی من و تۆ
بیخوێننەوە سندووقی لەواسان، ڕوونە
دانانی وەکیلە بۆتە نەنگی من و تۆ

افسوس که از رأی خراب من و تو
یک‌مرتبه شد پاک حساب من و تو
آراء لواسان چو بخوبی خوانند
حاکی است ز سوء انتخاب من و تو

بۆ کردنی گردوکۆ دەس‌ومستت کوا؟
دوژمن پەلی گرتی، هێز و زانستت کوا؟
پێتخۆشە گرێی کار و دڵی خەڵکی وەکەی
وەک شانەیی شانەزەن، سەرئەنگوستت کوا؟

ای دوست برای دست‌وپا مشت تو کو
دشمن به تو گر روی کند پشت تو کو
تا عقده‌گشای دل مردم گردی
چون شانهٔ مشاطه سرانگشت تو کو

دەس‌کورت و هەژاری زۆر لە مێژین ئێمە
لای تاقمی ناشی، دەس‌درێژین ئێمە
گەر ئەهلی تەماح لێ‌بگەڕێ، شەرتە لە لای
کەس باسی نەکەین و هیچ نەوێژین ئێمە

با آنکه ز فقر پاک‌بازیم همه
پیش دگران دست‌درازیم همه
اشراف طعمکار اگر بگذارند
با کثرت فقر بی‌نیازیم همه

ئەحزابی سیاسی هۆی نەجاتن هەموویان
بۆ خەڵکی وەکوو ئاوی حەیاتن هەموویان
لەم مەملەکەتەی ئێمە شەڕی سینفی نییە
هەربۆیە کپ و بێ‌هەس و ماتن هەموویان

احزاب جهان راه نجاتند همه
در جامعه باعث حیاتند همه
در کشور ما چو جنگ صنفی نبود
این است که بی‌عزم و ثباتند همه

گەر بەختەوەریی جیهانە ماڵی هەموو کەس
ئەی هۆی چییە ناگرێتەوە حاڵی هەموو کەس؟
شارێ کە شەڕافەتی لەبۆ دەستەیەکە
دەک بێتە مل ئەو دەستە وەباڵی هەموو کەس

دنیا که سعادتش بود مال همه
از چیست که نیست شامل حال همه
شهری که شرافتش برای جمعی است
ای وای و دوصد وای بر احوال همه

دۆستان کە سەمیمانە دەیانکرد وتوویێژ
دەدوان لە قسەی ڕۆژ و وشەی پان و درێژ
کاتێ ڕەئیی خوێندرانەوە، دۆستایەتی چوو
پاکی بە درۆ یەکتریان کردبوو گێژ

با هم رفقا که یار و جفتند همه
بنشسته و گفتند و شنفتند همه
شد راستی از خواندن آرا معلوم
کز حیله به هم دروغ گفتند همه

یەک تاقمی تر، تازە نیشانە کراون
بۆ پووڵ و مەقام هێند شەکەتن، وەستاون
خوێندرایەوە دوو سێهەمی ئارا، ئەمما
سێ‌چوارومی ناهومێد و دڵشەمزاون

یک‌دسته که کاندید جدیدند همه
سال و مه و هفته‌ها دویدند همه
اکنون که ز رأی خوانده گردیده دو ثلث
ناچار سه ربع ناامیدند همه

سەردەستەیی حیزب، دوور لە هەستن هەموویان
نوقمی زەلی نەفس و خۆپەرستن هەموویان
پیاوانی بەوەج ئەگەر وەبەر چاویش بێن
هێند سادەدڵن، ئالەتی دەستن هەموویان

سردستهٔ حزب هرچه هستند همه
سرتاسر بقدم خویش پرستند همه
افرادی اگر در آن میان یافت شود
از ساده‌دلی آلت دستند همه

دوژمن لەگەڵی بێبەزەیی بی باشە
لای دۆستی لە دۆست کەمگلەیی باشە
هی لاوە بڵێن پەسندە، خۆماڵی دزێو
لەم ڕاست و درۆیە تێگەییبی باشە

با دشمن اگر پاره کنی سلسله به
وز دوست به پیش دوست سازی گله به
گر خارجه خوب باشد و داخله بد
از خارجهٔ خوب بد داخله به

کۆشینی هەوەڵ بەرەو ژیانی بردین
بۆ بەختەوەری و ئەمن و ئەمانی بردین
داخم کە بە هۆی دووبەرەکی، کۆنەپەرست
زوو تووشی زیان و تێشکانی کردین

در اول وهله پا فشردیم همه
گوی سبق از زمانه بردیم همه
از تفرقه بگسیخته شد چون صف ما
از مرتجعین شکست خوردیم همه

ئەو دەستە کە دڵگەرم و لەجۆشن هەموویان
هەر بە قسە ڕەفیقی نیش و نۆشن هەموویان
ئەو کاتە کە کۆبوونەوە مەیدانی عەمەل
بۆ نەفعی خوسووسی تێدەکۆشن هەموویان

آن دسته که در نزد تو پیشند همه
با حرف رفیق نوش و نیشند همه
آید چو میان پای عمل می‌دانند
یکسر پی جلب نفع خویشند همه

چی خۆشە شەوی دووری لە یار، بێجگە لە خەم
زۆر تاڵترە ژین لە کلکەمار، بێهاودەم
لەم ژینە کە ئێستاکە من و دڵ تێیداین
شیرینترە مەرگی لەنەکاو، خاترجەم

بی‌دوست شب فراق غم خوردن به
غم خوردن و دندان به دل افشردن به
گر زندگی این است که دل دارد و من
صد بار ز زندگی بود مردن به

عەزمت کە جەزم نەکرد و لێنەبڕاوی
بەو بۆنەوە زەندەقت چووە و ترساوی
دوای ئەو هەڕ و گیف و فڕوفیشاڵە، کەچی
دیمان کە لە هێرشا بە دیل گیراوی

دیدی بخلاف عزم و تصمیم شدی
از حملهٔ ارتجاع در بیم شدی
با این همه اظهار شهامت آخر
در پیش قوای خصم تسلیم شدی

لێی داوە زەمانە چەنگی بێتەکلیفی
کەوتینەوە داوی جەنگی بێتەکلیفی
ئەم مەملەکەتە کلێسە لە داهاتوودا
دەگرێتەوە غەور و ژەنگی بێتەکلیفی

زد چنگ زمانه چنگ بی‌تکلیفی
شد باز شروع جنگ بی‌تکلیفی
ای آه که آتیهٔ این ملک خراب
بگرفت دوباره زنگ بی‌تکلیفی

ئەی کێو! وەرە هاووەزنی خەم و دەردی منی
ئەی کا! وەرە چەشنی ڕەنگ و ڕووی زەردی منی
ئەی ئاگرەکەی ئەوین! بە تۆ دڵگەرمم
پۆلووی گەشی ئاه و ناڵەیی سەردی منی

ای کوه تو همسنگ غم و درد منی
وی کاه تو همرنگ رخ زرد منی
ای آتش عشق از تو دلگرم شدم
چون مجمر سوز نالهٔ سرد منی

پێت‌خۆش نییە دەستت لە هەموو جێ ڕوو کەی
خۆت لای ئەم و ئەو ناڕەسەن و بەدخوو کەی
کاتی قسە تێفکرە، بزانی چی دەڵێی
ناحەز بدوێی، زۆر مەزنیش بی، چووکەی

خواهی تو چو مشت بسته را وا نکنی
خود را ببر جامعه رسوا نکنی
هرجا که سخن کنی تو با دقت باش
هشدار که اشتباه بی‌جا نکنی

پـــێشـــێلی نــــەزانینی، کــــە بـــێئاگـــا بی
تووشــــی هەڵــــەتی ســــەخت و هەڵــــەی ڕێگــــا بی
مەڵــــبەندی قــــەویدەســــتی و خۆویســــتییە ڕەی
تــــا ئاڵــــەتی دەس نــــەبووی، ئەشــــێ وریــــا بی

مـی‌کـوش کـه پامـال جهالـت نشـوی
سرگشـــتۀ وادی ضـــلالت نشـــوی
ری مرکـــز دســـتان زبردســـتان اسـت
هشــدار کــه بــی‌اراده آلــت نشــوی

ئــــەی بولبــــولی یەخســــیر! گــــەلێ ناشــــادی
چــــون دەوری تــــەنیوی قەفەســــی بــــێدادی
ڕۆژێــــک دەفــــڕی بــــە کــــامی دڵ، بــــێخــــەم بــــە
بــــەو تۆڵــــە کــــە لێــــت حــــەرام کــــرا ئــــازادی

ای مـرغ اسـیر از چـه کـم حوصلـه‌ای
از بسـتن بـال خـویش پـر در گلـه‌ای
پـرواز کنـی بـه کـام خـود روز دگـر
پـاداش چنـین شـبی کـه در سلسـله‌ای

هەرکــــەس بــــە موحیببــــەتت بــــەخێو کــــەی دیــــارە
دەیکــــەی بــــە خــــولام و کۆیلــــە ئــــەو بــــێچــــارە
کــــێ حاجــــەتی پێــــکبــــێ لــــە کنــــت چــــەن کــــەڕەتێ
ئیقــــرار بــــە خودایــــەتیت دەکــــا، ناچــــارە

آن را کـه ز مهـر خـویش پـرورده کنـی
او را همـه عمـر بنـده و بـرده کنـی
اقـرار نماینـد بـه خداونـدی تـو
هـر بنـده کـه حـاجتش بـرآورده کنـی

ئــــەو دەســــتە کــــە وا تووشــــی هەڵــــەی ڕێــــازن
لــــێم ڕوونــــە لــــە بــــیر و ژیرییــــا لاوازن
لــــە جیــــاتی گەمــــە و گاڵــــتە بــــە یاســــای ئێــــران
ڕوو ناکەنــــە ئــــەو مەکتەبــــە ئینســــانســــازن

آنانکـه کننـد بـا دوصـد طنـازی
دایـم بـه مقـدرات ایـران بـازی
ای کـاش کننـد وقـت خـود را مصـرف
یـک لحظـه بـه فابریـک آدم‌سـازی

تــــا بوویتــــە وەزیــــر هاتــــە ملــــت دەیــــن و وەبــــاڵ
ماڵــــییە لــــە مــــاڵ کــــەوت و ئــــەتۆ پێــــی بوویە مــــاڵ
مــــاڵان لــــە دەســــت کــــاولن ئــــەی مــــاڵکــــاول
تــــۆ چوویتــــە قــــەڵای بــــەرز و خەڵــــک ڕووت و ڕەجــــاڵ

بـا زور و وبـال تـا وزارت کـردی
بـس مـال کـه از مالیـه غـارت کـردی
صد خانه خراب کـردی ای خانه‌خراب
تـا کـاخ بلنـد خـود عمـارت کـردی

داتگرتبــــوو دوێ لــــە ماڵــــی ئــــەم خەڵــــکە قــــەپاڵ
دوێشــــەو بوویــــە خــــاوەنی گــــەلێ ســــەروەت و مــــاڵ
ئیمڕۆکــــە شــــوکور کەســــادە بــــازاڕی دزیــــت
وەک تــــاجرە تــــێشــــکاوەکان بــــووی بــــە دەڵاڵ

دی عامـل اخـتلاس امـوال شـدی
دوشـینه خداونـد زر و مـال شـدی
امـروز چـو بـازار تـو گردیـد کسـاد
چـون تـاجر ورشکسـته دلال شـدی

هەرکەس بە تەمایەک بووەتە یاری کەسێ
یا هەر بە هەوەس، بۆتە ئەویندارى کەسێ
"تۆفان" کە مەبەستی خێر و قازانجی گەلە
هەرگیز بە هەوا نەبوە تەرەفداری کەسێ

هرکس بطریق خاص شد یار کسی
یا بوالهوسانه محو دیدار کسی
طوفان که بود مقصد او نفع عموم
هرگز نشود عبث طرفدار کسی

ئیمڕۆکە لەبەر گوناح و تاوان ڕاکەی
قەت ناڵە سبەی لە دەس وەکیلت ناکەی
ئەو ڕەئیە کە تێیدەخەی قەباڵەی تۆیە
بۆ دوژمنەکەی خۆتی نەچی ئیمزا کەی

امروز اگر خطا سراپا نکنی
از دست وکیل ناله فردا نکنی
رأی تو قباله است آن را ای دوست
هشدار برای دشمن امضا نکنی

سندووقی هیوا! پێری ئەتۆ بووی دڵبەر
دوێنێکە کڵاوی بێوەفاییت چووە سەر
دوێشەو کە لەگەڵ ناحەزی گەل ڕێککەوتی
ئیمڕۆکە لە عاشقان جودا بووی یەکسەر

ای جعبه! پریر دلربائی کردی
دیروز خیال بی‌وفائی کردی
دوشینه چو یکبار شدی یار رقیب
امروز ز عاشقان جدائی کردی

دەک ڕۆژی ڕەشی من! لە ڕووناکی دوور بی
ئەی چاوی تەڕم! لە خوێنی دڵدا سوور بی
گەردوون! لە خول و گەڕانی تۆ زۆر پەرتم
ئاوا بگەڕێی، دە ڕەبی ژێرەوژوور بی

ای روز سیاه من سیه‌تر گردی
وی دیده به خون دل شناور گردی
ای چرخ ز گردش تو من پست شدم
گر گردشت این‌چنین بود برگردی

ئەی قەوم! دوچاری زوڵمی ناکەس خۆتی
کەوتوویتە خڕی نەگبەت و، بێکەس خۆتی
کێت کردە وەکیل، ئەگەر لە چینی خۆتە
زۆر باشە، دەنا بزانە داردەس خۆتی

ای توده گرفتار جهالت شده‌ای
گم گشتهٔ وادی ضلالت شده‌ای
هرکس که کنی وکیل گر جنس تو نیست
بی‌چون و چرا بدان که آلت شده‌ای

ئەی جەعبە! لە سەر ناحەز و جوان حاکم تۆی
ڕاگیری نەخۆش و ڕووگەش و سالم تۆی
بێعەیب و ئیراد و پاک و خاوێنی، بەڵام
داپۆشەری ڕازی خائین و خادم تۆی

ای جعبه بخوب و زشت حاکم شده‌ای
محفوظ کن سقیم و سالم شده‌ای
با آنکه توئی پاک‌دل و پاک‌نهاد
آرامگه خائن و خادم شده‌ای

ئەی جەعبە کە بۆ مە گەوهەری مەقسوودی
ئەسپابی زەرەر، مایەیی نەفع و سوودی
هەرکە بە تەمای وەکالەتە، ئەی سندووق
تا دەنگی لە تۆدا هەیە، بۆی مەعبوودی

ای جعبه! مرا گوهر مقصود توئی
اسباب زیان و مایهٔ سود توئی
هر منتظرالوکاله را ای صندوق
تا رأی میان تست معبود توئی

تا ئەووەڵی عومرە بادەنۆشی باشە
کە دوایی تەمەن بوو، مەی‌فرۆشی باشە
قەیرانی هەوەڵدەورەیە، وەک کووپەیی مەی
مات و کپ و خوێنی دڵ بنۆشی باشە

در اول عمر باده‌نوشی اولی
در آخر عمر می‌فروشی اولی
تا دوره فترت است همچون خم می
با خوردن خون دل خموشی اولی

لەم کۆنە سەرایە بێ‌موسیبەت نییە کەس
بێ‌دەرد و خەم و مەراق و مەینەت نییە کەس
دۆستان کە هەموو شەریکی قازانجی منن
لایەنگری تێشکاو و نەگبەت نییە کەس

آسوده در این دیر کهن نیست کسی
بی‌درد و غم و رنج و محن نیست کسی
یاران شرکای موقع منفعتند
هنگام ضرر شریک من نیست کسی

کوندی کەلەوانشین! ئەتۆ و بەننایی؟
دانیشتن مەجلیس و قەلی سەحرایی؟
لەو مەدرەسەدا دەرس ئەدەی ڕەنگاوڕەنگ
تۆ و ئەی قەلەموونە لاڤی مامۆستایی؟

ای بوم در این بوم مؤسس شده‌ای
ای زاغ با باغ نقل مجلس شده‌ای
در مدرسه درس می‌دهی رنگارنگ
ای بوقلمون مگر مدرس شده‌ای

پێنووس کە سەری لە مەدحی دوژمن نەخورێ
ڕۆژنامە سەنای حاکمی تێدا نەکرێ
ئەم نووکی بە زەبروزەنگی دوژمن دەشکێ
ئەو دەرکی بە دەستی زاڵمان دادەخرێ

هر خامه نگفت ناکسان را توصیف
هر نامه نکرد خائنان را تعریف
آن خامه ز پافشاری ظلم شکست
آن نامه به دست ظالمین شد توقیف

قەت ترس و لەرز غیرەتی ئێمەی نەخەواند
کام میری بە هەیبەت، لە بەرم دانەنەواند
گیانم بە فیدای ئەو کەسە بێ، دوژمنی زۆڵ
گیانی لە بەدەن سەند و سەری پێ نەنەواند

خـــــەرمانی مـــــە ئامـــــاجی ڕەهێڵـــــە و بەرقـــــە	شـد خـرمن مـا دسـتخوش بـرق ببـین
"تۆفـــــان" بــــە خـــــیلافی مـــــەیلی، ئێســــتا غەرقـــــە	طوفـان بخـلاف رسـم شـد غـرق ببـین
بــــۆ نوکتەگرنگـــــەکانی "تۆفـــــان" بگــــەڕێن	خـــواهی اگـــر آن نكـــات طوفـــانی را
لـــــەو نامەیـــــەدا نـــــاوی "ســـــتارەی شـــــەرق"ە	در آتیـــه از ســـتاره شـــرق ببـــین

درگـــــام لـــــە حـــــەفس‌خانـــــە شـــــکاند و ڕۆیـــــیم	زیـن محـبس تنـگ در گشـودم رفـتم
زنجـــیری جـــەفام لـــە پـــێ پســـاند و ڕۆیـــیم	زنجیـر سـتم پـاره نمـودم رفـتم
بـــێپـــارە وو برســـی و کــــز و دامـــــاو و هــــەژار	بـی‌چیـز و گرسـنه و تهیدسـت و فقیـر
چـــۆن هــــاتووم، هــــەر وام گوزەرانـــــد و ڕۆیـــیم	زانسـان كـه نخسـت آمـده بـودم رفـتم

مامۆستا لەم چوارینەی شێخی سەعدی ئیلهامی شیعری وەرگرتووە.

تـــەنیا چقڵـــێکی تیـــژ لــــە هــــەر کـــوێ ڕواوە	گر در همـه شـهر یكسـر نیشـتر اسـت
لـــەو پـــێوپلـــە هەڵـــچەقیوە بـــێپـــێڵاوە	در پای كسـی رود كـه درویشـتر اسـت
هەرچەنـــدە تـــەرازوو ڕاســـت و بـــێفێڵـــە،بـــەڵام	بـا اینهمـه راسـتی كـه میـزان دارد
لـــەو لایـــەوە قورســـە، زێـــڕی زۆر تـــێ خـــراوە	میل از طرفی كنـد كـه زر بیشـتر اسـت

لە زیندانی زەیغەموددەوڵە بە دەمی درواوەوە ئەم دوو سێ شیعرەی بە دەنکێ خەڵـووز نووسیوە و ناردوویەتـەوە بۆ هاوڕێیانی ئازادی‌خوازی لە تاران.

ئـــەی دێموکـــڕاتی بـــەڕێز، لاگـــری مــــافی بەشـــەری	ای دمـــوكرات، بـــت باشـــرف نـــوع‌پرســـت
دۆســـتی دڵســـۆزی کرێکـــار و هــــەموو ڕەنجبـــەری	كـه طرفـداری مـا رنجبـران خـوی تـو هسـت
دەردی دڵ زۆرە لـــە دەوری ســـەرەڕۆ و خەرتووخـــەری	انـدر ایـن دوره كـه قـانون‌شـكنی دلهـا خسـت
تـــۆ لـــە هاومەســـلەک و هـــاوبیرت ئەگـــەر بـــێخەبـــەری	گر ز هم‌مسلک خویشـت، خبـری نیسـت بدسـت
خۆشـــە ئـــەم ڕازە ببیســـی لــــە دەمـــی درواوم	شـرح ایـن قصـه شـنو از دو لـب دوختـه‌ام
تـــا بســـووتێ دڵـــی تـــۆ بـــۆ دڵـــەکەی ســـووتاوم	تـــا بســـوزد دلـــت از بهـــر دل ســـوختەام

دوا بە دوای ئەم شیعرانە، ئەم دوو شیعرەشی لە دیواری زیندان نووسیوە تا بە گوێی زەیغەم بگاتەوە:

خـــودا! گـــەر بـــە لوتفـــت نـــەجاتم ئـــەدەی بـــە زنـــدان نگـــردد اگـــر عمـــر طـــی
مـــــن و زەیغـــــەمی ناکـــــەس و ملّـــــکی ڕەی مـــن و ضـــیغم‌الدولـــە و ملـــک ری
لـــــە زینـــــدانێ دوایـــــی نـــــەیێ عومرەکـــــەم بـــە آزادی ار شـــد مـــرا بخـــت یـــار
ئەشـــــێ تۆڵـــــە لـــــەو بەختیارییـــــە وەکـــــەم بـــــرآرم از آن بختیـــــاری دمـــــار

ئەو کاتە لە زیندانی ڕەزاشا ویستوویەتی خۆی بکووژێ، ئەم شیعرانەی لە دیوار بۆ هاوڕێکانی زیندانی نووسیوەتەوە:

ئێـوە زانیوتانـە بـۆ خـۆم جـوان و خـوێن‌شـیرین ئەکـەم هیچ دانی ازچه خود را خوب تـزئین مـی‌کـنم
ئەسپی خـۆم بـۆ ڕۆژەکـەی مەیـدانی مەحشـەر زیـن ئەکـەم بهر میدان قیامـت رخـش را زیـن مـی‌کـنم
دەچمـە پێشـوازی مـەرگ، ئەمشـەو هـەتا فـەرداهی ڕۆژ می‌روم امشب بـه اسـتقبال مـرگ و مـردوار
مـن دەبم دەسـتەویەخەی ژیـن و شـەڕی خـوێنین ئەکـەم تا سحر با زندگانی جنـگ خـونین مـی‌کـنم
کـۆچ دەکـەم بـۆ مەجلیسـی ڕۆحانیـانی ئـاخیرەت مـی‌روم در مجلـس روحانیـان آخـرت
جـا لـەوێ یاسـای بـەجێ بـێ‌تـرس و خـۆف دابـین ئەکـەم واندر آنجا بی‌کتـک طـرح قـوانین مـی‌کـنم
نامەکـەی حـەقوێـژی "تۆفـان"یـش بـە ئـازادی بـڵاو نامـۀ حـق‌گـوی طوفـان را بـه آزادی مـدام
بـێ‌کوتـان و گـرتن و ڕاگـوێزتن و لـەرزین ئەکـەم منتشر بی‌زحمت توقیف و تـوهین مـی‌کـنم

زیندانییەکان ئەودەم هەرچۆن بوو نەیانهێشت خۆی بکووژێ، بەڵام پاش ماوەیەک بۆخۆی تێگەیی دەیانەوێ بە فێڵ و تەڵەکە بیکووژن، ئەم شیعرەی لە دیوار نووسییەوە:

بـا لـە زینـدان بیمـرێنن بـێ‌خەتایـەک خائینـان بیگناهی گر به‌زنـدان مـرد بـا حـال تبـاه
زاڵـمی مەزڵـوومکـوژ نـاژی هـەتا سـەر، بـێ‌گومـان ظالم مظلوم کش هم تا ابد جاوید نیسـت

هەروەها نووسی:

مـانی مـن سـوودی چییـە بێجگـە لـە داخ و دەرد و ژان بهر من این زندگانی غیر جان کندن نبـود
مـەرگی خـۆم دیـوە گـەلێ جـاران لـە نـاو بـەرگی ژیـان مرگ را هر روز دیـدم در نقـاب زنـدگی

هەمیشە شیعری توند و ئاگراوی داناوە و بۆ زیندانییە سیاسییەکانی خوێندۆتەوە، بۆ نموونە:

ڕۆژگارێکە چ لوقمانی چ مەجنوون کاکە	باید این دور اگر عالی و گردون باشد
کوێر و لاڵ و کەڕ و کوندی وەکوو گەردوون کاکە	گنگ و کور و کر و سرگشته چو گردون باشد
تاکوو ئەو ڕێوییە فێڵاوییە شای مەملەکەتە	خسرو کشور ما تا بود این شیرین کار
چاوی عالەم هەموو سوور و تەڕ و تێکچوون کاکە	لالەسان دیدۀ مردم همه گلگون باشد
عوزری تاوان و ستەمکاری دەخوازێ مەئموور	عذر تقصیر همی خواهد و گوید مأمور
زوڵمە کردوویە، بە دەستووری هومایوون کاکە	کاین جنایت حسب الامر همایون باشد
شا دەبوو جێی لە قەسر[1] بوایە، نە زیندانیی تر	لایق شاه بود قصر نه هر زندانی
ئیش کە بدرایەتە دەس میللەت و قانوون کاکە	حاکم جامعه گر ملت و قانون باشد

ئەمەش نموونەیەکی تر:

لەوە ترسم هەیە ئەی مەرگ، نەیەی من پیر بم	ترسم ای مرگ نیایی تو و من پیر شوم
هێند بە زیندوویی وەمێنم لە گیانم زویر بم	وین قدر زنده بمانم که ز جان سیر شوم
منم ئەو گەمیەیی تۆفانی لە ناو بەحری وجوود	منم آن کشتی توفانی دریای وجود
نوقمی گێژاوی سیاسەت، لە شەپۆلدا گیر بم	که ز امواج سیاست زبر و زیر شوم
زۆر محاڵە کە سەرم دابنەوێ بۆ دوژمن	پیش دشمن سپر افکندن من هست محال
هەر لە ڕێی دۆستییا خۆشە نیشانەی تیر بم	در ره دوست گر آماجگه تیر شوم

لە زیندانێ نەخۆشییەکی سەختی گرت بە هیوا نەبوو چا بێتەوە، ئەم دوو شیعرەی نووسییەوە:

ئەی خدر! بیڕێژە سەر خاکی فەنا ئاوی ژیان	ریز بر خاک فنا ای خضر آب زندگی
ناگرم چیدیکە بەرگەی تەوس و لاتاوی ژیان	من ندارم چون تو این اندازه تاب زندگی
دەفتەری عومرم وەرە ئەی مەرگ! یەکجاری وەشۆ	دفتر عمر مرا ای مرگ سرتاپا بشوی
با نەمێنێ، یەککەرەت ڕەش بێتەوە ناوی ژیان	پاک کن با دست خود ما را حساب زندگی

وەرگێڕاوی چوارینەکان و هێندێک لە وردەواڵەکانی مامۆستا فەرۆخی هەتا ئێرە بوو. تکایە گوێگرانی خۆشەویست هەر هەڵە و پەڵەیەکی دۆزییانەوە لەم شیعرانەدا یا ڕاستی کەنەوە بۆم، یا چاوپۆشیم لێ بکەن.

---

[1] زیندانی قەسر